
# پرسی بارگاوی بەئەرگۆمێنت

**یوسف عیزەدین**



" **دیالۆگ**"

ناوی کتێب: پرسی بارگاوی بەئەرگۆمێنت

بابەت: دیالۆگ

ناوی نووسەر: یوسف عیزەدین

مۆنتاژی کۆمپیوتەری:

بەرگ:

تیراژ:

نرخ:

ژمارەی سپاردن:

چاپ:

پێرست


1– گفتوگۆی مەریوان هەڵەبجەیی

2– گفتوگۆی ئامانج کەریم

3– گفتوگۆی ئیدریس عەلی

4– گفتوگۆی زانیار محەمەد

5– گفتوگۆی ئیدریس عەلی


–1–

**مەریوان هەڵەبجەیی**: "نایپۆل" بەرەگەز هیندی و بەشێکی تر لەو نووسەرە بە رەگەز هیندییانەی کەگەنجن و ئێستا لەئەوروپادا ناوبانگیان هەیە، بەشێوازێکی زۆر تایبەت لەقووڵاییەکانی ئایین و مێژوودا کاردەکەن، لەگەڵ ناوچەیی بوونیاندا، بۆ نموونە ئەگەر کار لەسەر ئایین و مێژووی هیند بکەن، رەهەندێکی جیهانیی بوون و فرە مەودای پێدەبەخشن، کە راشکاوانە دەکرێت ئەمە لە نێو تێکستەکانیاندا ببینیتەوە، هەر بۆیە خوێنەری جیهانیی بە سەرسامییەوە پێشوازی لێدەکات؟ ئایا

نووسەری کورد بۆچی لەکاتێکدا لەنێو ئەو کولتوورە ڕۆژهەڵاتییە دەوڵەمەندەدایە، بەپێی پێویست نەیتوانیوە لێی خوردبێتەوە، تا شتێکی نوێی لێ هەڵبهێنجێت؟

یوسف عیزەدین: هیندستان بۆ خۆی وڵاتێکی سەیر و سەمەرەیەو ڕێگەی هات و نەهاتی کاروانەکان و ونبوونی گەڕیدەکان و سەوداسەر بوونی عاشقان و شیعری شاعیران و مەرگ و فەنابوون و سوتانە. تۆبۆگرافیا و مێژوو و ئایین و کولتوور و هەموو شتەکانی تریشیان گەواڵە هەوری سەدان حیکایەتیان بەسەرەوەیەو زۆرجار دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کەحیکایەتەکانی ئەو وڵاتە بێکۆتان و لەسنووری ژمارەکاندا جێیان نابێتەوە کە دیارە خودی ژمارەش لای هیندییەکان حیکایەتێکی تایبەتەو ئیدی تۆ لەهەر دەروازەیەکەوە بچیتە نێو شتەکانی ئەو وڵاتەوە، هاتنە دەرەوەت دەبێتە مەحاڵ و ناچاریت وەك موسافیرێکی ڕێگە ناکۆتاکانی ئەوان، هەمیشە لەسەفەردا بیت. لەوێدا سیحر تێکەڵ بەکولتوور دەبێت و ئەویش بە شتێکی ترو ئیدی بەمشێوەیە تێکچڕژانی شتەکان و تێکەڵبوونیان ئیدامەی دەبێت، لەکاتێکدا هەر شتێك وەك خۆی بوون و تایبەتمەندیی خۆی هەیەو بەچەشنێك لك و پۆپی لێدەبێتەوە کە دواتر بەئاستەم دەتوانرێت بزانرێت قەدە ئەسڵییەکەی کامەیە، ڕەنگە لەدنیادا هیچ پانتاییەکی جوگرافی هێندەی هیندستان، فرە کولتوورو فەرهەنگ ومەزهەب و ئایین نەبێت، ئەمە جگە لە گروپە ئیتنیکی و دەستەو تاقم و کۆمەڵە جیاجیاکانی خەڵك، گەرچی لە ڕوو تەنها ناوی هەندێکیان لەناواندایە، ئینگلیزەکان هەر پاش داگیرکردنی هیندستان گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە شیکارکردنی کۆمەڵگەی هیندی و حاڵیبوون لە جیاوازییەکانی دابونەریت و کولتوورو ئایین و فەرهەنگ و شتەکانی تری بە شێوەیەك جەنجاڵە کە زۆرجار دەگاتە سنوورەکانی مەحاڵ، ئیدی لێکۆڵەرەوە ئینتلیجینسەکانی ئەو دەمانەی ئینگلیز، تا دەگەیشتنە یەقینی ئەسڵی شتێك شتێکی تریان لێوەدەردەکەوت و فڵانە سەرچاوە دەیبردنە سەر فیسارە سەرچاوەی ترو بەمجۆرە درکیان بەوەکرد کە ساڵانی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەو گەڕانەکانیان لەنێو زەمەنی ئاساییدا جێی نابێتەوە، هەر ئەمەش بوو دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی تووشی بێهودەیی کردو لە ساتەوەختێکدا داوایانکرد کە لێکۆڵینەوەکان ڕابگیرێت، چونکە هەر وەڵامێك کە وەچنگ دەکەوت، دەبووە پرسیارێکی نوێ و بەو چەشنە تا دەهات بازنەکە فراوان و فراوانتر دەبوو. دیارە ئێمە لێرەدا باس لەشوێنێك دەکەین، گەرچی لە واقیعدا بوونی هەیەو هەموو سەیرو سەمەرەییەکەی ڕاستین و دەبینرێن، یان دەبیسترێن و دەخوێندرێتەوە، بەڵام زۆرجار بە ڕادەیەك بەشتە ناوازەو عەجاییبەکانی ئەو شوێنە سەرسام دەبین، هەر دەڵێی بەرانبەر سیحری ناشوێنێك ڕاوەستاوین و لەدنیایەکی دەرەوەی ئەم دنیایەی خۆمان دەڕوانین، کە بۆنی جوانی شتە نەبینراوەکان و ڕك و حەزە شەیتانییەکان و دەیان شتی تری لێدێت.

"ئیبن بەتووتە"ی گەڕیدە لەسەرجەم گێڕانەوەی گەشتەکەیدا کەهەر هەمووی شتی ناوازەو سەیرن، بەڵام هیچیان ناگەنەوە بەو بەشانەی نێو کتێبەکەی کەتایبەتە بە هیندستان، لەوێدا بەڕاستی هەست بەو کەشە ڕۆحییە دەکەیت کەنهلیست و بوودی و هیندۆس و کاهین و یۆگی و فیجییەکان و ئەوانی تر لەو پانتاییەدا خولڵقاندوویانەو هەموو ئەمانە دەتبەنە نێو ئەتمۆسفێرێکی ئیغتیرابی، سیحرکردن و ساحیرەکانت لەپێشچاوە کە لەپانتایی سوڵتانە ئیسلامەکاندا سزای ساحیرەکان سوتاندن بووە، باس لەو ژنە دەکات کە بەتۆمەتی جادووگەرێتی دەستگیردەکرێت و دەهێنرێتە بەردەم سوڵتان و بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی و دروستی جادوگەرێتی ئەو ژنە، دەست و پێوەندی سوڵتان هەرچوارپەلی ژنەکە بە گۆزەی پڕ لەخڕکەبەرد دەبەستنەوەو فڕێی دەدەنە نێو ڕووبارێکەوە، بەڵام دەبینن سەرباری ئەو قورساییەی کە لێی بەستراوە، زۆر بەسانایی سەرئاو دەکەوێت ناخنکێت، بەمەش دڵنیادەبن لەوەی کەجادووگەرەو دەیسووتێنن، ئەمە ئەگەر هەر کەسێکی تر بۆ ئێمەی گێڕابایەتەوە مەحاڵە باوەڕمانکردبا، بەڵام گێرەڕەوەی ئەو ڕووداوە گەڕیدەیەکی باوەڕپێکراوە، گەرچی لەدیدگای ئیسلامەوە

شتەکان هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام بەڕاسگۆیی تەنها ئەوەی کەبینویەتی یان بیستوویەتی دەخاتەروو، جا بەسەرهاتی ئەو ژنە جادووگەرەی بەچاوی خۆی بینیوە. ئەمە جگە لەباس و خواستی سەیرو سەمەرەی ئەو ژنانەی کە دوای مەرگی مێردەکانیان بەویستی خۆیان دەستبەرداری ژیان دەبن و بەچەشنی مێردە مردووەکانیان کەسووتێنراون، دەسووتێنرێن. یەکێك لەو حاڵەتانەی کە" ئیبن بەتووتە" بەچاوی خۆی بینیویەتی، ژنێك بووە کە پاش ئەوەی بەجوانترین شێوە خۆی رازاندۆتەوەو هەموو لەشی بەو رۆنانە چەورکراوە کە دەبێتە مایەی زوو سووتاندنی، لەشوێنی تایبەتی سووتاندا راکشاوە، جا ئەوەی کە زۆر سەرنجی " ئیبن بەتووتە" ی لەوێدا راکێشاوە ئەوە بووە کەژنەکە بەوە قایل نەبووە کە لبادێك بدەن بەسەریداو پاشان بیسووتێنن، گوتویەتی:( وا دەزانن لە ئاگر دەترسم) ئیتر بۆخۆی تاوی داوەتە ئاگرەکەو گڕی لە خۆی بەرداوەو لەهەمووشی سەیرتر ئەوە بووە کەهیچ ناڵەو نرکەو هاوارێکی لەدەم نەهاتۆتە دەرو هەروەك مردوویەك بەبێدەنگی بۆتە سووتوو و خۆڵەمێش، باسکردنی هەموو ئەو سەیرو سەمەرەیەی کە زاتی ئەو گەڕیدەیەی کەناومان هێنا بۆمانی دەگێڕێتەوە، لەدیالۆژێکی ئاوادا ئیمکان نییە جێی ببێتەوە بە تایبەت ئەگەر بتەوێت لە دیدگایەکی راڤەکارییەوە قسەی لەسەر بکەیت، بەڵام پێمخۆشە یەك نموونەی تری نێو کتێبەکەی ئەو گەڕیدەیە بخەمەروو سەبارەت بەکەوڵکردنی مرۆڤ بەزیندوویی کە دیارە خودی ئەو زاتە بەبینینی ئەو کردەیە باری دەروونی تێکدەچێت لە کاتێکدا هەموو ئامادەبووان بە ئاسایی تێی دەڕوانن، باس لەوە دەکات کە چۆن کەسێکی زیندوو لە سەردەم پاڵدەخرێت و سەری دەخرێتە نێو چاڵێکی تایبەتەوە بە چەشنێك کەبتوانێت هەناسە بدات و نەخنکێت، تا بەتەواوی هەست بە کە ئازارو ئێشی کەوڵکردنەکەی بکات، ئیدی پێموانییە هیچ نەشتەرگەرێکیش بتوانێت لە کەڵەموستی پێوە تا تەپڵەسەری ئینسانێك بەبێ ئەوەی پێستەکەی زیانی پێبگات کەوڵبکات کە دیارە لەو سەردەمانەدا دواتر کەوڵەکە پڕدەکرا لەکاو هەڵدەواسراو هەر لەهیندستانیشەوە ئەمجۆرە کەوڵکردنە بە زۆر شوێنی دنیادا بڵاوبۆوە، ئەو کارەش پسپۆڕی تایبەتی خۆی هەبوو کە بژێوی ژیانی خۆی بەوکارە دابیندەکرد. جاتۆ لەکاتێکدا باسە راستەقینەکانی گەڕیدەیەك کە بەهیندستاندا گوزەریکردووەو تێیدا ماوەتەوە سەرسامت بکات، ئەی ئەگەر نووسەرێکی جدی و کارامە و دنیابین مەبەستی بێت لەهەموو ئەو ئایین و مێژوو و کولتوورەی کەلەوێدا هەیەو شارەزایەتی شتێك بخووڵقێنێت، دەبێت چی لێ دروستبکات، بەتایبەت ئەگەر لەسنوورە تایبەتییەکانی خودی شتەکە خۆی بیباتە دەرەوەو رەهەندێکی بە جیهانیبوونی پێببەخشێت، بێگومان ئەتمۆسفێرو فەزایەکی سیحراویمان لەبەرچاودا بەرجەستە دەکات، جگە لەدەیان شتی تر کەتایبەتن بەنووسەرو لە ئەنجامی کەشفکردن و خوڵقاندندا دێتە بوون و لەنێو دەقدا جێی دەبێتەوە، بەڵام دیارە نووسەرێك نەتوانێت لەهەموو ئەو شتانەدا قووڵبێتەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێداو رووکەشیانە تێی بڕوانێت، بۆ خۆی هیچ جیهانبینییەکی نوێگەرانەی نەبێت، ئەوە بێگومان گەر سەدان لاپەڕەش رەش بکاتەوە، جگە لەدەقێکی درێوو قێزەون یان رووکەشی و تەقلیدی زیاتر، هیچی دیکەی پێنانووسرێت. زۆرێك لەو نووسەرە بە رەگەز هیندیانەی کە بەئینگلیزی دەنووسن، لەمڕۆدا خوێنەرێکی زۆریان هەیە، بەتایبەتیش لە لایەن خوێنەرانی میللەتانی ترەوە زۆر دەخوێنرێنەوە، وەك لە خوێنەرانی هیندی کە دیارە ئەمەش هۆو هۆکارەکانی گەلێکن و ئەگەر بچینە نێو قووڵایی و وردەکارییەکانییەوە لە باسەکە لادەدەین.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: باشە دەکرێت هەروەك لە پرسیارەکەی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، هۆکاری ئەوە بزانین کە بۆ نووسەری کورد بەپێی پێویست نەیتوانیوە، سوود لەو کولتوورە رۆژهەڵاتییە دەوڵەمەندە وەربگرێت کە بۆخۆشی بەشێکی گرنگە لەو کولتوورەداو بەشدارە تێیدا، سەرباری تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی کولتووری کورد؟

**یوسف عیزەدین**: بەراستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، لەو رووەوە کەبۆچی نووسەرانی کورد بەپێی پێویست سودمەند نەبوون؟! لە کاتێکدا لکێك یا چەند لکێکی ئایین یان کولتووری کورد، لەنێو خودی کولتووری رۆژهەلاتی، بەتایبەتیش هیندیدا ئامادەیی هەیە، تۆ بڕوانە ئەو مێژووەی کە ژمارەیەکی زۆر بگرە باڵێکی سەرەکی هەورامییە زەردەشتییەکان، لەتاو زەبرو زەنگی سەردەمانێك لەکوردستان هەڵهاتن و روویانکردە هیندستان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە شێوەزاری هەورامیی دەدوێن و زەردەشتین و هەڵگری دنیایەك خەسڵەتی جوانی کوردن و خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەندن، ئەمە جگە لەکاریگەری ئەوان بۆ سەر کولتوورەکانی هیندو بەپێچەوانەشەوە، جا ئەگەر بەشێکی زۆری کورد لە رۆژگارێکدا پشتی کردبێتە کولتوورو ئایین و دنیابینی خۆی و دەستبەرداری جوانییەکانی خۆی بووبێت و خودی هاوڕەگەزەکانی خۆی تۆراندبێت و بەدەستبەردانی لە داکۆکی و بەرەنگاربوونەوە، ئەوانی گەیاندبێتە ئەوسەری دنیاو تا ئێستاش بیرلەوە نەکرابێتەوە کە پێوەندییەك لەگەڵ ئەواندا دروست بکات، ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر بەگشتیی کولتووری کورد وەك بونیادو پێکهاتەیەك سەیربکەین، سەرچیخ نەچین لەم تێڕوانینەدا، ئەوە دەبینین لە زۆر شوێندا تا رادەیەك تایبەت و جوداو لە زۆر کاتی تریشدا تێکەڵ یان ئاوێتە یان وەرگیراو یان هیمۆژینە. بۆیە رەنگە وا راستتر بێت باس لە کولتووره فر رەنگەکانی کورد بکەین و لەپێکهاتە جیاجیاکانی تێبگەین، ئەگینا ئەگەر وەك بونیادێکی کۆنکرێتی و تاك رەهەندانە تێی بڕوانین، بێگومان دەکەوینە هەڵەوە، لەکاتێکدا کە ئەگەر یەکێك کولتووری کوردە شافعییەکان بە راسیۆنال بزانێت، لەکاتێکدا هەر خودی ئەو کولتوورەش جودایی و جیاوازی بەرچاوی تێدایە، ئەوە دەبێت ئێزیدی و عەلەوی و یاریسانی و ئەوانەی تر بە مارژینال بزانێت، یان رەگە کەسێکی تر پێچەوانەی ئەمەی پێڕاستبێت، لە کاتێکدا ئەو سێباڵە ئایینییەی کە دەکەونە دەرەوەی ئەو ئاینەی کە لە ئێستادا زۆرترین ژمارە لە کورد باوەڕی پێیەتی، سەرچاوەکەی یەزدانیەتە کە دیارە لەژێر فشاری زەردەشتیەتدا یەکانگیری خۆی لەدەستداو بەسەر چەند باڵێکدا دابەشبوو کە ئەوانیش بۆخۆیان هەریەکەیان بەدرێژایی مێژوویەکی دوورو درێژ، بوونەتە شتێکی تر، گەرچی توانیویانە زۆر لەخەسڵەتە بنەڕەتییەکانی سەرچاوە سەرەکییەکەیان تا ئەم زەمەنە بگوێزنەوە. جا ئەگەر لێرەدا تەنها باس لە چەمکی مەرگ بکەین لە کولتوورەکانی کورددا، ئەوە بەسانایی ئەو جیاوازییە دەبینرێتەوە، کوردە عەلەوییەکان پێیانوایە مەرگ ئەو پرۆسیسەیە کە زیندووەکان دەباتە نێو دنیای خامۆشی و بە گۆڕستانیش دەڵێن خامۆشگا، هێشتاکە لە زۆر گوند و شوێن و جێگەیاندا سەرباری ئەو دژایەتییەی کە رووبەڕووی دەبنەوە، پێش ئەوەی مردووەکانیان بنێژن لە نێو گۆڕەکانیاندا پێخەف و سەرین و کەرستەکانی خەوتنی تێدا دادەنێن، ئەمە لەوەی کفنیشی ناکەن و هەر بەجلەوە دەینێژن کە دیارە ئەم نەریت و شێوازەیان لە ناشتنی مردووەکانیاندا پەیوەستە بەو تێڕوانین و دنیابینییەی کە سەبارەت بەمەرگ هەیانە، گەر بڕوانینە چەشنی تێڕوانینی یەریسانییەکانیش بۆ مەرگ، ئەوە دەبینین لە دۆناو دۆنی رۆح و زیندووبوونەوەدا خۆی دەبینێتەوەو دنیایەك راڤەو تێڕوانینی جیاکەرەوەیان هەیە.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت کە ئاخۆ ئەو تێڕوانینەی ئەوان باشتر و قووڵتر بووە بۆ مەرگ، مەبەستم لەکوردە عەلەوی و یەریسانیەکانە لە کاتێکدا بەشێکی گرنگی کولتووری کوردو تێڕامان و دنیابینییەتی، یان ئەو تێڕوانینەی ئێستای ئێمە و تاچەند ئەمە لەئەدەبیات و کایە فیکریی ومەعریفییەکاندا تەوزیفکراوە؟

**یوسف عیزەدین**: تۆ ئەگەر سەرنجێکی شارەکانی ئەم دەڤەرەی ئێمە بدەیت، دەبینیت سەدان لافیتەی رەش بوونەتە سوونەتی راگەیاندنی مەرگی مردووەکانمان، لەکاتێکدا ئەم دیاردەیە لەسەردەمی هەشت ساڵەی جەنگی "عیراق–ئێران" دا لەلایەن رژێمەوە داهێنراو کرایە شتێکی باو بۆ

راگەیاندنی مەرگی ئەو سەربازو پیاوانەی رژێم کەلەو جەنگەدا دەکوژران، دنیابینییەکی فاشیانەو بەعسیانە لەپشت ئەو لافیتانەوە خۆی مەڵاس داوەو هەوڵدانێکی نهێنی و شاراوەی ئەوان بووە بۆ سڕینەوەی فۆبیای مەرگ و ترس لە جەنگ لەزەینی جەماوەردا، جگە لەدەیان دەلالەت و مەفهومی تر کەخودی نووسین و هەڵواسینی ئەو لافیتانە لەخۆی دەگرێت و هیچ پێوەندییەکی نییە بەکولتووری کوردو تێڕوانینی کورد بۆ مەرگ بەهەموو مەزهەب و ئایینەکانییەوە، جێگەی خەجاڵەتیی و سەرسامییە کە لەئێستادا لەم دەڤەرەی ئێمەدا بووبێتە نەریت و چووبێتە نێو کولتوورمانەوە، لەهەمووشی خراپترو سامناکتر ئەوەیە کە لەئێمەوە بگاتە لای کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستان و لای ئەوانیش ببێتە نەریت، لەهەمووشی سەیرتر ئەو ئیزافەکارییانەیە کە لای ئێمە زیادیکردووە، هەروەك وێنەگرتنی ڤیدیۆیی کفن و دفن و ناشتن و پرسەی مردووەکان کە هیچ لۆژیك و ئەخلاقیەتێکی تێدا نییەو بەتەوایی بێحورمەتییە بەمردووەکان و ئەشکەنجەدانی زیندووەکانە. من لەگەڵ ئەوە نیم کەسەلەفیانە بڕوانینە کولتوورەکەی خۆمان و بێ پرسیارو ڕاڤەکاریی، سەرجەم ئەوەی کە هەیە بەجوانی زانین، یان بەشتی شیاوو لەباری بزانین، لەئێستایەکدا کە دەبێت بەچاوێکی جیاوازو دنیابینییەکی بارگاوی بەپرسیار بڕوانینە ئێستاو رابردوومان. بەڵام ناکرێت تۆ تا مێژوویەکی زۆر نزیکیش، بەچەشنێکی جیاواز بەشێوەیەکی گشتی کەلەگەڵ کوولتوورو دابونەریتی ئەم دەڤەرەی کەتێیدا دەژیت، هەر بۆ نموونە دەرحەق بەمەرگ و پرسە شتێکی لەوەی ئێستا جوانترت هەبووبێت کە لەقووڵایی دیدگاو دنیابینی تۆوە هەڵقووڵابێت، وا بەسانایی دەسبەرداری بیت و دزێوترین دیاردەیەك کە خراپترین رژێمێك هێناویەتییە نێوتەوە، بیکەیتە نەریت و بەبێ بەخۆت بزانیت وەك سوونەتێك بێتە نێو کولتوورتەوە. ئاشکراشە گەر تۆ بتەوێت چەمك و دیاردەو بڕگەو جومگەیەکی کولتووریی لەئەدەبیات و کایە فیکریی و مەعریفییەکاندا تەوزیف بکەیت، یان خوێندنەوەی بۆ بکەیت، ئەوە بێگومان دەبێت پێشتر توانیبێتت لێی وردبیتەوەو دیوەکانی تری ببینیت و زۆر شتی تریش کە پێوەندی بەخودی نووسین و دنیابینی و ئیدراك و چۆنییەتی تێڕوانینی تۆوە هەیەو هەر بەوەندەش مەیسەر نابێت! ؟ لەدنیاشدا کەم نووسەری وەك" ژاك دریدا" هەن کەبتوانن لە سەرنجدانی فڵانە شێوازی تەلارسازییەوە بگەنە ئەو راستییەی کەئەقڵییەتی نێرسالاری لەدروستکردنەکەیدا زاڵەو حیساب بۆ مێینە نەکراوە. کاری نووسەر ئەوەیە کەبەجدییەتەوە بڕوانێتە هەموو ئەو شتانەی کە لەلای خەڵکانێك بەئاسایی دەبینرێت و بتوانێت نهێنی و پەنهانەکانی کەشفبکات و تەونە چنراوەکانی پشت شتەکان ببینێت، ئەگینا مەحاڵە دەقێکی زیندووی پێ بخووڵقێنرێت و خوێنەرەکەی سەرسامبکات.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: رۆڵی هونەرە کلاسیکییەکان، بەتایبەت لێرەدا مەبەستمان لەهونەرێکی رۆژهەڵاتی وەك "میناتۆر"ە، جا ئەمە چ لە ئەدەبیاتی خۆرئاواییدا ئامادەیی خۆی هەیەو چ لە ئەدەبیاتی نووسەرە رۆژهەڵاتییەکان وەك" ئەمین مەعلوف" و" ئۆرهان پاموك"دا دەبینرێتەوە کە سوودی لەمیناتۆری ئێرانی وەرگرتووەو توانیویەتی لەبونیادنانی یەکێك لە رۆمانەکانیدا بەرجەستەی بکات و لەهەمان کاتیشدا سەرنجی خوێنەری رۆژئاواییشی بۆ رابکێشێت، ئایا نووسەری کورد بەهۆی ئەو تێکەڵی و نزیکبوونە مێژوویی و کولتوورییەی کە لەگەڵ رۆژهەڵات بەگشتی و ئێران بەتایبەتی کە هەیەتی، تاچەند توانیویەتی کەڵك لە"میناتۆر" وەربگرێت و تا چ رادەیەك ئەو مێژووە رەنگاو رەنگە لە رۆمان و چیرۆکەکانیدا رەنگی داوەتەوە؟

**یوسف عیزەدین**: ئەگەر بمانەوێت باس لەمیناتۆر بکەین، دەبێت پێشتر ئاگاداری زۆرێك لەکێبڕکێ و ململانێی نێوان نەقاش و نیگارکێشەکانی پێش ئەوان ببین، لەوە حاڵی ببین کە ئەو جۆرە هونەرانە لە رۆژگارێکدا وەك جەنگێکی ساردی نێوان شارستانییەتەکان بووەو زۆرجار زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر ئەویتردا، بیرو هزری خەڵکانێکی تری گۆڕیوە، یان کاریگەری لەسەریان هەبووە، چونکە زمانی رەنگ و

فیگوورەکان ڕەنگە هەندێکجار زۆر کاریگەرترین لە زمانی وەعزو ئیرشادەکان، جا بۆئەوەی وێنەیەکی زیندووی سەردەمانێك بهێنینە پێش چاوی خۆمان، وەعزی مزگەوتێکی "کۆنیا" بەنموونە دەهێنمەوە، خۆی سەیریش لەوەدایە هەموو ئەوەی باسی دەکەم وەك نموونەیەك، لەوەعزێکدا باسی لێوەکرابێت. بەڵام دیارە واعیزەکە کەسێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو" مەولانا جەلالەدینی رومی" شاعیرو موتەسەویف بووە. ڕاستییەکەی لەکاتێکدا" مەولانا" لە وەعزەکەیدا، بەدەر لەباس و خواستی قیامەت و ئەسحابەو پیاوچاکان و زاتە موبارەکەکان، باسی جوانییەکانی ئینسان و عیشقی خولْقاندن و دۆستایەتی و چەمکە میستیکی و سۆفیستییەکان بۆ جەماعەت دەکات، یەکێك ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:" باسی دنیاو قیامەت و عەزابی قەبرمان بۆ بکە"، " شەمسی تەبریزیش" کەدۆست و مامۆستای " مەولانا" بووە، زۆر بەتوندی وەڵامی ئەو کەسە دەداتەوەو پاشان هەڵدەستێت و دەچێتە دەرەوە، جەماعەتیش داوای شار بەدەرکردنی" شەمسی تەبریزی" لە " مەولانا" دەکەن، بەتایبەتیش کە لەبەرخاتری ئەو لە " کۆنیا" دا نیشتەجێ بووە، " مەولانا"ش بەمەبەستی هێورکردنەوەیان، سەرەتا سەبارەت بەپێداویستی مرۆڤ بەبوونی دۆستێکی هەمیشەیی کە هەردەم یەکێکیان وێنەو ئەویتریان ئاوێنە بێت، قسەیان بۆ دەکات و دواتر ئەم نموونەیەیان بۆ دەگێڕێتەوە کە تایبەتە بەکێبڕکێی نێوان نەقاش و نیگارکێشە چینییەکان و ڕوومییەکان، لە سەردەمێکدا کە پاشای یەکێك لە مەملەکەتەکان بانگهێشتی کردوون بۆ کێشانی جوانترین نەخش و نیگارێك، کامەشیان لەوەی تریان باشتربێت ئەوە خەڵات دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لێدەکات لەسەر دوو دیواری بەرانبەر بەیەك کە پەردەیەکی لەنێواندا بووە، هەریەکەیان بەجیاو بێئاگاداری ئەوەی تر نەخش و نیگاری خۆی لەسەر بکات. نەقاش و نیگارکێشە چینییەکان نیگارو نەخشێکی زۆر جوان لەسەر دیوارەکەی خۆیان دەکەن و تەواو پێوەی ماندوو دەبن، ڕوومیەکانیش بەبێ خۆماندووکردن بە ماددەیەکی تایبەت دیوارەکە وەك ئاوێنە لێدەکەن، دواتر هەردوولایان دیوارەکان پەردەپۆش دەکەن و پەردەکەی نێوانیان لادەبەن. کاتێك پاشا دەچێت و یەکەمجار دەڕوانێتە نەخش و نیگاری چینییەکان سەرسام دەبێت، کاتێکیش ڕوومییەکان پەردەی دیوارەکەی لای خۆیان لادەبەن، لەوەی چینییەکان زیاتر بەوەی ئەوان سەرسام دەبێت، چونکە بەبێ ئەوەی کە بزانێت، دیوارەکە کراوەتە ئاوێنە، هەمان وێنەی چینییەکان ڕوونترو بریقاوەتر دەبینێتەوە.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: کەواتە دەتوانین بڵێین نەقاش و نیگارکێشە ڕوومییەکان بەفێڵێك، وێنەی چینییەکانیان لە ڕێی بەئاوێنەکردنی دیوارەکەیانەوە گوێزایەوە بۆلای خۆیان و کردیانە موڵکی خۆیان، لەکاتێکدا کە ئەگەر پەردەیەك بخەیتە نێوەڕاستی هەردوو دیوارەکەوە، تەنها وێنەی چینییەکان دەمێنێتەوەو وێنەی ڕوومییەکان ون دەبێت، ئەمە بەگەمەی ئاوێنەکان دەچێت کە بۆرخیس لە کارەکانیدا پەنای بۆ دەبات، وێنەی سەر ئاوێنەیەك دەدرێتە ئاوێنەیەکی ترو بەو چەشنە بەردەوام دەبێت، هەر بۆیە هەردەم بۆرخیس بەبێ ئەوەی کەخۆی بێت، لەزاتێکەوە دەمانباتە سەر زاتێکی ترو لە زاتەکەی تریشەوە بۆ سەر زاتێکی ترو بەمەش کەسایەتییەکە لەهەمان کاتدا دەبێتە نیشانگرو ئەو شوێنەی کە دەکرێتە نیشان؟

**یوسف عیزەدین**: سەرەتا ئەوەی کە دەرحەق بەبۆرخیس خستانەروو، بێگومان وایەو جۆرێکە لەشێوازەکانی کارکردنی ئەو، چونکە ئەو هەردەم دوڕدۆنگی و دوودڵییەکی پۆزەتیفانەی هەیە سەبارەت بەخولْقاندنی کارێکی ئەدەبی، بەشێوەیەکی کارا گومان دەخاتە گەڕو بەشتە مەئلووفەکان قایل نابێت و لەمیانیی گەڕانێکی بەردەوامدا، هەموو ئەلگۆ هەبووەکان ڕەتدەکاتەوە، تا شتێکی نوێ کەشفدەکات، بەڵام سەیر لەوەدایە هێندە نابات ئەویشی لێدەبێتە شتێکی هەبوو و کۆن، چونکە تازە ئەویش کەشفکراو و دۆزراوەیە. سەبارەت بەحیکایەتی نەقاشە چینیی و ڕۆمییەکانیش کە دیارە

مەبەستی" مەولانا" لەگێڕانەوەیدا مەبەستی خودی حیکایەتەکە نییە، هێندەی ئەوەی کەمەبەستی روانگەی سۆفیستییەکەیەتی کە بەلای ئەوەوە ئەوە کارێکی شیاوە لەرووی رەنگدانەوەی ئەوەی کە لەنێوتدایە بۆ بەرانبەرەکەت کە دەکاتە "دۆست"، لای ئەو وشەیەکی هێجگار پڕماناو گەورەیە، ئەگەر وەك لەشیعری تەسەوفییدا هەیە بە "مەعشووق"ی بشووبهێنین، ئەوە دەبینین هەموو جوانییەکانی "عاشق" دەدزێت و" عاشق" نامێنێت. دەکرێت ئەم بەیتە شیعرییە بەنموونە بهێنمەوە کە دەڵێت:( وتی مەحوی من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین \ جەنابی من کەدەرکەوتم دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا). بەڵام دیارە هەر هەمان ئەو کارەی کە نەقاشە روومییەکان لەگەڵ چینیەکان دەیکەن، سەبارەت بەگوێزانەوەی وێنەکە ئەگەر وەك ململانێی دوو توخمی جیا تێیان بڕوانین کە کولتوور و دنیابینی و زۆر شتی تریشیان لەیەکتر جودایە، لەکاتێکدا چینییەکان بەئیشەکەوە ماندوو دەبن و ئەوانی تر لەرێی بەئاوێنەکردنی دیوارەکەوەو زۆر بەرەحەتی وێنەکە دەگوێزنەوە، هەر لەخۆتەوە هەست بەناڕەحەتی دەکەیت سەبارەت بەفێڵ و ساختەکاری رووممییەکان، گەرچی دیارە ئەگەر لەو کاتەشدا راستی مەسەلەکە نەزانرابێت، دواتر هەست پێکراوەو زانراوە، هەربۆیە بۆتە حیکایەت، ئەمە لەواقیعی ئەدەبیشدا هەروایە، ئەگەر نووسەرێك دەقێکی لەشوێنێکی ترەوە نەقڵ کردبێت، جا دەقاو دەق یان بەدەستکارییەوە بەناوی خۆیەوە بڵاویکردبێتەوە، ئەگەر لەمڕۆشدا پەی پێنەبرێت، ئەوە لەرۆژگارێکدا هەر دەزانرێت.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: " میناتۆر" و کاریگەرییەکانی لەسەر رۆژهەڵات و رۆژئاواو توانستی" ئۆرهان پاموك" بە تایبەتی لەو بەرجەستەکردنەدا چۆن دەبینن؟

**یوسف عیزەدین**: بەو پێیەی" ئۆرهان پاموك" هەر لەمنداڵییەوە تا مێرد منداڵی حەزی بەنیگارکێشان کردووەو وەك بۆخۆی لەچاوپێکەوتنێکیدا باسی لێوە دەکات، مەبەستی بووە ببێتە نیگارکێش، هەر ئەم حەزەشی بۆ نەخشەو نیگارکێشان وای لێکردووە چەند ساڵێك" کۆلێژی ئەندازیاری بەشی بیناسازی" لەئەمریکا بخوێنێت کە دیارە دواتر وازی لێدەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ تورکیاو دەچێتە کۆلێژێکی ترو بەشی رۆژنامەوانی دەخوێنێت. چەند ساڵێك پێش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، لەپڕ رۆژنامەکان هەواڵی تابلۆیەکیان بڵاوکردەوە کە لەزیادکردنێکی ئاشکرادا فرۆشراوەو مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە" ئۆرهان پاموك" خەریکە نیگارکێشان بووە، گەرچی لەچاوپێکەوتنێکیدا دانی بەوەدانا کە تابلۆکە هی خۆیەتی، بەڵام نکووڵی لەوەکرد کەئاگاداری فرۆشتنەکەی و چۆنیەتی گەیشتنی بەدەستی ئەو کەسە بێت کە لەمەزادەکەدا فرۆشتوویەتی. "ئۆرهان پاموك" زۆر بەوردی توانیویەتی لە هونەری میناتۆر ورد بێتەوە، تەنانەت بەهێڵکاری و چەشنی فیگوورەکاندا هەست بەوە بکات کەسەر بەکامە قوتابخانەو هونەری کام میللەت و جێگەو شوێنە. بەڵام رەنگە ئەو هەر لەبەر ئەوەندە میناتۆری پێ گرنگ نەبووبێت. مەبەستی خۆرئاواش لەخولیای بینینی میناتۆرو گرنگیپێدانی لەباس و خواسەکانیدا، مەرج نییە بەتایبەتی تەنها لەبەر خەللاقییەتی هونەریی ئەو کارە بێت؟ پێشئەوەی باس لەوە بکەم حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم کە" ئۆرهان پاموك" وەك خۆی باسی لێوە دەکات، پاش بینینی ئینسیکلۆپیدیایەکی گەورەی تایبەت بە میناتۆر، دیدگاو تێڕوانینی دەگۆڕێت و سەرسام دەبێت. دەبێت لەمیانی حاڵیبوونمان لەخودی میناتۆر، بەدەر لەتەکنیك و رووکارە هونەرییەکەی، سەرنجی ئەو جەنگە ساردو شاراوەیە بدەین کە لەرووی بابەتییەوە دەیخووڵقێنێت، ئەمە جگە لەرووە ئاشکراکەی کە هەر لەسەردەمی سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا درێژەی هەیە. تۆ بڕوانە پێش چەند ساڵێك لەمەوپێش بەکاریگەری ئەوروپا بۆ گۆڕینی سیستەمی خوێندنی تورکی و بەتایبەتیش ئەو وانە ئایینییانەی کە بەئیجباری لەپۆلی چوارەوە تا هەشت لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت و زیاتر لە روانگەیەکی" سوننی–حەنەفی" یەوە راڤەی ئایین دەکات و سەرباری

باسنەکردنی لەئاینی عەلەوی و ئێزیدییەکان و زۆر شتی تریش کە لێرەدا شوێنی باسکردنی نییە، هەرچۆنێك بێت تورکیا لەژێر فشاری ئەوروپادا هەندێك لەوێنە میناتۆرییە ئێرانییەکانی خستەنێو کتێبی" زانیاری ئاین و رەوشت" ی قوتابخانەکان، هەموو شتێك ئاسایی بوو تا ئەو ساتەوەختەی پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی باسی لەو میناتۆرانەکرد کە خراونەتە نێو وانەی ئاینی قوتابخانەکانەوە، ئیتر ئەوە بووە دەستپێکی بگرەو بەردەیەکی گەورە، چ باڵە ئیسلامییەکان رەخنەیان هەبوو سەبارەت بەبڵاوکردنەوەی ئەو میناتۆرانە و چ باڵەکانی تریش پێیان وابوو نەدەبوو بەشێوێنراوی ئەو میناتۆرانە بڵاوبکرێتەوە، کە دیارە دەسەڵاتی تورکی لەکاتێکدا بۆ رازیکردنی ئەوروپا ئەو میناتۆرانەی بڵاوکردبۆوە، لەهەمانکاتیشدا بەمەبەستی نەورووژاندنی ئەو لایەنانەی کەئەوەیان پێ قبووڵ نییە، دەموچاوی کەسە گرنگەکانی نێو میناتۆرەکانی داپۆشیبوو، کە لەروانگەی ئاینی ئیسلامەوە نەك وێنەکردنی ئەو زاتانە، بەڵکو هەموو جۆرە وێنەکردنێکی تریش حەرامە، دەوەرە تۆ لەسەردەمێکدا کە کولتوورو ئاینێك پێت دەڵێن وێنەو نیگارکێشان حەرام و گوناهە، تۆ بێیت تەجاوزی ئەو تابۆیە بکەیت و بەوەشەوە نەوەستیت، بچیتە سەر بەرجەستەکردنی وێنەی ئەو زات و کەسانەی کە لەروانگەی ئاینییەوە پیرۆزن و دەکرێت ئەمە لەنێو میناتۆرەکاندا ببینییتەوە، هەر بۆیە" ئۆرهان پاموك" دەزانێت چیدەکات و چیدەنووسێت و چۆن سەرنجی خوێنەری رۆژئاوا بەتایبەتی و خوێنەری رۆژهەڵاتیش بەگشتی بەلای خۆیدا رابکێشێت، ئەمە چەند باشە یان خراپە ئەوە مەسەلەیەکی ترەو ناکرێت لەم دەرفەتەدا بەتەواوی یەکالای بکەینەوە، ئەمە جگە لەوەی کەخوێندنەوەی دەقێك لەمرۆداو بەشێوەیەکی بەرفراوان، بەتایبەت ئەگەر نووسەرەکەی رووداوەکان پۆپویلاریان کردبێت، هێندەی خوێندنەوەی نەوەکانی داهاتوو گرنگ نییە، هەر بۆیە" ئۆرهان پاموك" بۆ خۆی دەڵێت:" دەترسم لە دواڕۆژدا نەخوێنرێمەوە".

**مەریوان هەڵەبجەیی**: باشە ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین زیاتر رۆژئاوا لە روانگە پۆلیتیکییەکەیەوە دەڕوانێتە" میناتۆر" و گرنگی پێدەدات؟

**یوسف عیزەدین**: نکووڵی لەتەکنیك و شێوازو ئەو خوڵقاندنە ناکرێت کە لە"میناتۆر"دا هەیە وەك هونەرێك. بەتایبەت دەرکەی دەیان شرۆڤەو پرسیارت لێدەکاتەوە، ناشکرێت تاك رەهەندانە بڕوانیتە رۆژئاوا، چونکە عاشقێکی هونەری میناتۆری ئەوانیش لەزۆر رووەوە لێکچووە لەگەڵ کەسێکی رۆژهەڵاتی کە عیشقی بۆ ئەو هونەرە هەیە، بەڵام رەنگە ئەگەر رۆژنامەنووسێکیان بەدەر لەبەها هونەرییەکانی میناتۆر، رووکەشیانە تێی بڕوانێت و لەدیدگایەکی سیاسییەوە بەمەبەستی وروژاندن، بیکاتە بابەت و لەسەری بنووسێت، ئەوە دەچێتە قاڵبێکی ترەوە، هەر بۆ نموونە لەکاتێکدا سەرجەم شیعرەکانی"مەولانا" وەك خۆی شتێکی جوانەو دەیان راڤەو خوێندنەوە لە خۆدەگرێت، بەڵام تۆ تەنها لەو روانگەیەوە بیهێنیتە نێو قسەو باسەکانت کە لەسەردەمێکدا بەر نەفرەتی کۆنە پارێزانی کۆمەڵگەکەی کەوتووەو دژایەتی کراوە، ئەوە دیارە تۆ ئیشت بە کەشفکردنی دنیای ناوەوەی ئەو نییەو مەبەستت راڤە راڤەکردن نییە، چونکە تۆ دەتەوێت لەرێی ئەوەوە بەگژ شتێکی تردا بچیت. ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر عاشقەکانی ئەدەب و هونەر نییە، هەر بۆ نموونە" دانیاڵ لادنسکی" هیچ مەبەستێکی سیاسی نییە، کاتێك بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە رۆحییەکانی خۆی روودەکاتە هیندستان و پاشان لەرێی"ماندیلی" موریدی"مەهر بابا"وە ئاشنایەتی لەگەڵ خودی"مەهر بابا" پەیدا دەکات و لەرێی ئەویشەوە بە شیعرەکانی"  حافزی شیرازی" ئاشنا دەبێت و دواتر هەموو ژیانی بۆ لێتۆژینەوەو راڤەکردنی شیعرەکانی ئەو تەرخاندەکات و دیوانی"گوێم لە قاقای یەزدان بوو"ی حافز دەکاتە ئینگلیزی، ئەمە عەشقە هیچ پێوەندییەکی بەسەر ناکۆکییەکانی نێوان تەسەوف و ئاینەوە نییە، ئەگەر لەسەردەمەکەی حافزدا هەبووبێت یان نەبووبێت، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە خودی

شیعرەکانی حافزن کە لەئێستادا چەندین راڤەو خوێندنەوە لەخۆ دەگرن. تۆ لەتێڕوانینی میناتۆرەکانەوە بۆ ساتێکیش هەست بەوە ناکەیت کەهونەرمەندەکان، لە رك و کینیانەوە بەرانبەر بە دیدگەو تێڕوانینێکی جیاواز دانیشتبێتن و کارێکی هونەری هێندە جوانییان خوڵقاندبێت، بەڵکو هەست دەکەیت بە عەشق و دنیابینییەکی قووڵی پڕ لە پەنهان و نهێنی کاریانکردووە، گەرچی بەتەواوی پشتی نەکردۆتە ئەو رۆژگارو زەمەنەی خۆی کە لێوانلێوبووە لەو شتانەی کەوەك تارمایی سامیان هەبووە، بەڵام هیچ کاتێك نەبۆتە ئاوێنەی واقیعی سەردەمەکەی و کاری بەرووکەشی شتەکان نەبووە، هێندەی ئەوەی کە مەبەستی بووە، لەپشت شتەکانەوە دنیایەك کەشفبکات.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: "ئۆرهان پاموك" لە رۆمانی"بەفر"دا زۆر شتی وردو تایبەتی وروژاندووە، راستە بەشێکی زۆری رۆمانەکە باس لەبونیادگەرایی و بەگشتیی مەسائیلی سیاسی دەکات، بەڵام یەکێك لەو شتانەی جێگەی سەرنج و توانای ئەو نووسەرە نیشاندەدات و وردبینی و ئاگایی قووڵی پاموك لە مێژووی مەزهەب و ئایین و کولتوورە جیاوازەکاندا دەخاتەروو، ئەو جۆرە کارکردن و رۆچوونەیەتی بۆ نێو بونیادی هەموو ئەو شتانەی کەدەبێت نووسەری جدیی کاری لەسەر بکات، بۆ نموونە کاتێك "پاموك" باس لەسەگ دەکات، چەندین لاپەڕە لەبارەیەوە دەدوێت و باس لەگڵاوبوون و پاکبوون و روانینی ئایینەکان و کولتوورەکان دەکات سەبارەت بەم گیانلەبەرە، لێرەدا شتێکی نوێ دەبینیتەوە کە پەیوەستە بەئاگایی نووسەرەوە جگە لەو چێژەی کە بەخوێنەری دەبەخشێت، پێت وانییە کە دەبێت نووسەر ئاوا مەعریفەی خۆی لەدەقدا تەوزیف بکات و زۆر بەوردی کار لەسەر کولتوورە جیاوازەکان و تەنانەت وردە کولتوورە ئایینییەکانیش بکات، تابتوانێت خەلاقییەتێك لەدەقەکەیدا دروستبکات و لەپشت هەموو ئەوەی کەدەیخاتەروو، شتێکی نوێمان پێ بڵێت و راڤەیەکی جیاوازمان لا بەرجەستە بکات؟

**یوسف عیزەدین**: لەئەدەبیاتی تورکیدا بێجگە لە" ئۆرهان پاموك" لەزۆر بابەت و نووسینی تردا باس و خواسی سەگ دەبینیتەوە، کە بەداخەوە لەبەر وەرنەگێڕانی ئەو دەق و بابەتانە بۆ کوردی، خوێنەری ئێمە لێی بێئاگایە، هەر بۆ نموونە نووسەری تورك"بەدرهان تۆپراك" رۆمانێکی هەیە بەناوی"سەگ و شاعیر" کە لێرەدا تەنها پەرەگرافێکی بەنموونە دەهێنمەوە:( پێدەچێت بەراستی باوەڕ بەوە بهێنم کە سەگ دۆستێکی هێجگار دەگمەنە، هاوڕێیەکە کە بەدەستهێنانی ئاستەمە، سەگ یان هەموو ئاژەڵەکان، بەو بێدەنگییە شکۆدارەییانەوە، بێبنەوپەی خاوەنی زمانێکی بێوێنەو بەهێزن، کە لەرێی رووخساریانەوە بەئێمە دەگات). سەگ بەوپێیەی کەیەکێکە لەهاوڕێ دێرینەکانی مرۆڤ، نەك هەر لەنێو کولتوور و فەرهەنگە جیاجیاکاندا شوێنجێگەی خۆی هەیە، بەڵکو لەنێو خودی ئایینەکانیشدا بۆتە جێگەی قسەو باس، هەمووومان ئەوە دەزانین کە"قەتمیر" ناوی ئەو سەگەیە کە لەگەڵ"ئەسحابولکەهفدا"و لەنێو یەك ئەشکەوتدا خەوتووەو لەقورئانیشدا ناوی هاتووە. تورکیا بەو پێیەی کە سەگ لای شافعییەکانی گڵاوەو لای حەنەفییەکانی پاکە کە هەردووکیشیان دوو مەزهەبی ئیسلامن، زۆر گرفت و سەرئێشەی بۆ هەردوولا دروستکردووە، بەتایبەت لەو ناوچانەی لەیەکەوە نزیکن. تەنانەت سەگ بۆتە مایەی نوکتە دروستکردن لەسەر یەکترو لە رکەبەرایەتییە مەزهەبییەکانیشدا رۆڵ دەبینێت. بۆیە پێموایە تەوزیفکردنی هەر بابەتێکی لەو چەشنە لە ئەدەبیاتدا ئەگەر نووسەرەکەی خاوەن مەعریفەو بەتوانا نەبێت بێگومان دەرۆستی نایەت، ئەمەش بەمەرجێك کارێکی باشە کەراڤەیەکی جوداو پرسیاری نوێمان لادروستبکات. تۆ بڕوانە لای خۆشمان سەگ گێرمەو کێشەی زۆری لەسەر هەیە، ئەگەر بیروڕایەك پێی گڵاوەو ساڵانێکی دوورو درێژ تەبلیغی بۆ کردووە، هەر خودی ئەوانەی باوەڕدارن بەو بیرباوەڕە، لەمەسەلەی سەگدا زۆرجار تەجاوز دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ کولتوورو تێڕوانینی پێشینەیان دەرهەق بەسەگ. لەزۆر شوێنی کوردستاندا لەسەر ئەزیەتدانی سەگ

خەڵك كوژراوە، شەڕی لەسەركراوە. سەبارەت بەرۆمانی"بەفر"یش كە شوێن تێیدا"قارس"ە، سەبارەت بەو شارەش سەرباری چەندین كتێب و سەرچاوە كەباسی لێوە دەكەن، كتێبێكی قەبارە گەورە هەیە بەناوی" بێخەوە سپییەكە لەدوورە..قارس" كە لەرووی مێژوویی و كولتووری و ئابووری و زۆر لایەنی تریشەوە شاری"قارس" بەخوێنەر دەناسێنێت و بابەتی بیست نووسەری تێدایە"پامووك" یەكێكە لەو نووسەرەكان و هەندێك لەوانەی تریش كە لەئەدەبیاتی توركیدا ناسراون، وەك" هەمزە گویندۆغدوو، ئۆكتای بەلی، مەتین تووران، كەنان مۆتان" و"ئەنتۆنیۆ ساگۆنا" كە تورك نییە. لێرەدا مەبەستم لەوەیە كە"قارس" لە زۆر لایەن و رووەوە گرنگییەكی زۆر تایبەتی هەیەو یەكێكە لەو شارانەی كە ئەرمەنییەكان بەشاری خۆیانی دەزانن. بەدرێژایی مێژوو چەند جارێك رووس هاتۆتە نێو ئەو شارەوە لەجەنگەكاندا وەك شوێنێكی ستراتیژی سەیركراوە، ئیدی دەیان حیكایەت و بەسەرهاتی تریش كە سەبارەت بەو شارە گوتراوەو رەنگە زۆری هێشتاكە نەنووسرابێتەوە، بۆیە پامووك بەتایبەت ئەو شارە دەكاتە شوێنی هەڵسووڕانی كارەكتەرو پانتایی رووداوەكانی نێو رۆمانەكەی و لەوێوە دەڕوانێتە دنیای دەرەوە، بۆ خۆی ماوەیەكی زۆر لە قارس–دا ماوەتەوەو دوورو نزیك تاووتوێی وردو درشتی ئەو شارەی كردووە. وەك خۆم پێش ئەوەی "پامووك" خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، رۆمانی"بەفر"م خوێندبۆوە، خۆزیا خوێنەری كوردیش هەر لەو دەمەوە بیخوێنایەتەوە، چونكە دیارە ئەو هالەو پۆپیولاركردنەی ئێستای، رەنگە بێكاریگەری نەبێت و كەم تا زۆر كاربكاتە سەر خوێنەری كورد، هەرچۆنێك بێت وەك ئاگادارم لەئێستادا كراوەتە كوردی و خوێنەر خۆی سەربەستە لەوەی پاش خوێندنەوەی رۆمانەكە چی دەڵێت، یان چۆنی دەبینێت. بەڵام لێرەدا ئەگەر پێویست بێت هەندێك سەرنجی خۆم سەبارەت بەرۆمانەكە بخەمەروو، سەیر دەكەیت"پامووك" دەقاودەقی ئەوەی لە"شانامەی فیردەوسی"دا سەبارەت بە"رۆستەم و سوهراب" نووسراوەتەوە، هێناویەتییە نێو رۆمانەكەوەو لە هەوڵی تەوزیفكردنیدا سەركەوتوو نەبووەو شوێنی خۆی نەگرتووە، رۆمانەكە زیاتر لە ریپۆرتاژی یان چەند ریپۆرتاژێكی دوور و درێژ دەچێت، گەرچی بەدەر نییە لە زمانی وەسف و شیكردنەوەی وردەكارییەكان و بەرجەستەكردنی رووداوەكان و خستنەرووی دیالۆژەكان لە فەزایەكی ریالیستیدا.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: ئەی لەرووی چێژ لێوەرگرتنەوە رۆمانی"بەفر" چۆن دەبینن؟ پێتان وایە ئەگەر دەقێك چێژ بەخوێنەر نەبەخشێت، خوێنەر بتوانێت بیخوێنێتەوە؟

**یوسف عیزەدین**: راستە چێژ وەرگرتن لە دەق زۆر گرنگە، بەڵام هێزی راكێشانی دەق بۆ كێشكردنی خوێنەر بەپلەی یەكەم دێت، مەرجیش نییە كەدەقێك خوێنەری راكێشا وەك بەڵگە نەویستێك چێژیشی پێ ببەخشێت، تەنانەت زۆرجار وەرگێڕان دەبێتە مایەی ئەوەی كەدەقێك لە ئەسڵەكەی جوانترو بەچێژتر بێت،"بۆرخیس" كەخۆی بەئینگلیزی و ئیسپانی"دۆن كیخۆتە"ی خوێندۆتەوە، پێیوایە كە ئینگلیزییەكەی رۆمانە ئەسلییەكە بێت و ئیسپانییەكە وەرگێڕانێكی ناپوخت و سەقەتی ئینگلیزییەكە بێت، لەكاتێكدا "دۆن كیخۆتە" سێرڤانتیس بە ئیسپانی نووسیویەتی.

مەریوان هەڵەبجەیی: كاتێك "ئۆرهان پامووك" لەساڵی2006–دا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، لێرەو لەوێ قسەو باسێكی زۆر لەسەر ئەوەكرا كەهۆكاری پێدانی ئەو خەڵاتە بە"پامووك" مەسەلەیەكی سیاسییەو پەیوەستە بەوەی كە لەگفتوگۆكانیدا ئەو شتانەی ورووژاندووە كە پێشتر نەگوتراوە، لەكاتێكدا كەرایەكی پێچەوانەش هەیەو پێیوایە نووسەرێكی گەورەو شایستەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە، ئێوە راوبۆچوونی كام بەرەتان قبووڵەو رۆمانەكانی"پامووك" چۆن دەبینن، ئەمە جگە لەوەی دەركەوتنی ئەدەبیاتی توركی لەئاستی جیهانیدا بەچییەوە پەیوەست دەكەن و بەرای ئێوە هۆكارەكانی چین،

دەکرێت بڵێین پێوەندییەکی توندی بە پرۆسەی وەرگێڕانەوە هەیە، کە دەقە تورکییەکانی بردە دەرەوەی دنیای خۆی؟

**یوسف عیزەدین**: خەڵاتی نۆبڵ زیاتر لەهەر خەڵاتێکی تر جێگەی مشتومڕەو قسە زۆر هەڵدەگرێت، ئەگەر نامەکەی"سارتر"بخوێنینەوە کە پاش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵ–ی رەفزکرد، بۆ دەستەی باڵای خەڵاتەکەی ناردووە، پێموایە زۆر شتمان بۆ ڕووندەبێتەوە، ئەوانەی کە ئەو خەڵاتە یان هەر خەڵاتێکی تر دەبەخشن، دواجار کۆمەڵێك کەسن و مەرجیش نییە بڕوانن ئەو لایەنانەی کەخوێنەرێکی جدی پێی گرنگە، بێگومان پێودانگی خۆیان هەیە، ئەگینا بۆ دەبێت چیرۆکنووسێکی بەتوانای وەك"بۆرخیس" ئەو خەڵاتەی نەدرابێتێ یان"ئەحمەدی شاملو" کە ساڵانێك کاندیدی نۆبڵ بوو. یان تۆ بڵێی نووسەرانێکی وەك"سالنجەر، سیباڵد، گێرارد دۆنۆڤان، کۆمەندەرێس، دۆنلیڤی، مۆراکامی" لەبەر ئەوەی ئەو خەڵاتەیان نەدراوەتێ، خوێنەریان نەبێت و نەخوێندرێنەوە؟ خەڵات دەتوانێت لەساتەوەختێکدا خوێنەرێکی پەرتوبڵاو و زۆر لەنووسەرێك کۆبکاتەوەو وایان لێبکات دەقەکانی بخوێننەوە، بەڵام ئەگەر دەقەکانی لەئاست سەرسامکردنی خوێنەرو هەڵگری دنیایەك لێکدانەوەو راڤەکاری نەبن، ئەوە نەك هەر خوێنەرە جدییەکە بەگشتی خوێنەرە ئاساییەکەش زۆر بەدوایدا ناچێت و دەتەرێتەوە. بێگومان نکوڵی لە رۆڵی میدیاو هالە دروستکردن و کاریگەری خەڵات ناکرێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زەمەنیش بڕبکات، لەمڕۆیەکدا کە باس لە پێکدادانی شارستانییەت و فەرهەنگ و کولتوور و ئایین و مەزهەبەکان دەکرێت و تورکیاش لەوەدا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە، هەر لەپێوەندییەکای بەدنیای عەرەب و ئیسلام و پانتاییەکی جوگرافی بەرفراوان و مێژوویەکی دێرین و ئێستای تیرۆریزم و کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆی، تادەگاتە هەوڵدانەکانی بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەوروپاو زۆر گێرمەو کێشەی ترو واقیعی ئەو کوشت و کوشتارانەی کەتورك بەدرێژایی مێژوو دژ بەبەشەریەت ئەنجامیداوە، لەوانە کوشتنی ژمارەیەکی هێجگار زۆری ئەرمەنی و چەندین هەزار کورد، لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی تورك نکووڵی لێدەکەن و دانی پێدانانێن، بۆیە دەمێکە دنیای رۆژئاوا چاوەڕێی ئەو رۆژەیە کە کەسێکی ناسراوی خەڵکی تورکیاو بەتایبەتیش بەرەگەز تورك ئەوە بورووژێنێت و بیڵێت. ئاشکراشە"ئۆرهان پاماوك" ئەو مەسەلەیەی ورووژاند و گوتی، گەرچی دواتر لەچاوپێکەوتنەکانی نێو تورکیادا کە لەگەڵیان سازداو سەبارەت بەگوتن و نەگوتنی ئەوەی کە تورکەکان یەك ملیۆن ئەرمەنی و سی هەزار کوردیان کوشتووە، هەرەچەند زۆر هەوڵیدا بەوەڵامی لابەلاو هێنان و بردن رۆژنامەنووسەکان چەواشە بکات و مەسەلەکە بباتەوە بۆ هەڵەی وەرگێڕان و زلکردنی بابەتەکە لەلایەن میدیای دەرەوەو ناوەوەی تورکیا، بەڵام کەتەواو بەگیریان هێنا  نکووڵی کرد و گوتی نەمگوتووە. بەهەرحاڵ ئەوە مەسەلەیەکی ترە، گرنگ ئەوەیە"پاماوك" توانی ئەو دێڕە سیحرییە بڵێت، کە ئەوروپا مەبەستییەتی و تورك لێی دەترسێت. بۆیە لەساتەوەختێکی ئاوادا بەراوبۆچوونی زۆر کەس ئەگەر ناوی مارکیزو ئەلبێر کامۆو هەر نووسەرێك کەپێشتر ئەو خەڵاتەی پێدراوە، وەك گریمانێك ئەگەر خەڵاتیان پێنەدرایەو لەگەڵ "پاماوك" کاندیدکرابان بۆ نۆبڵ، هەر "پاماوك" خەڵاتەکەی وەردەگرت. هەر بۆیە پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بە"پاماوك" لە دنیادا بووە جێی مشتومڕو گفتوگۆ، چونکە زۆریان پێیان وابوو "یەشار کەمال" لەپێشتر بوو بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، جا بۆیە پاش ئەوەی"پاماوك" خەڵاتەکەی وەرگرت، گۆڤارێکی ئەدەبی زۆر جدی جیهانی وەك"مەگەزین لێتیرەیر" لەیادی چل ساڵەی دەرچوونیدا، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی تایبەت بۆ نووسەرە جدییەکانی دنیا دەکات کە شانبەشانی چل ساڵ تەمەنی گۆڤارەکە لەدنیادا ناویان هەبووەو خوێندراونەتەوە، هەر لە"مارکیز و گۆنتر گراس و ئیتالۆ کالڤینیۆ و بۆرخیس و مارگرێت دۆراس و ئۆکتاڤیۆ پاز و ئیمبیرتۆ ئیکۆ"وە تا دەگاتە " یەشار کەمال" و بەتواناترین و بەناوبانگترین رۆماننووسی تورکی لەقەڵەم دەدا و زۆر ئاماژەدانی تریش، هەر ئەمە بووە

هۆی ئەوەی کە گۆڤارە ئەدەبییە تورکییەکانیش مەلەف لەسەر "یەشار کەمال" و لێتۆژینەوە لەسەر بابەتەکانی بڵاوبکەنەوە پاش نۆبڵەکەی "پاموک"، وەك گۆڤاری"کیتاپلك" کە لەسەرەتای ئەمساڵدا مەلەفێکی چڕوپڕی تایبەتی لەسەر "یەشار کەمال" و ڕۆمانەکانی بڵاوکردەوە. جا بۆیە هەست دەکەیت بەدەر لەوەی ئێمە تاچەند ئاگاداری ڕۆمانەکانی" یەشار کەمال"و"ئۆرهان پاموك"ین و چەند لێکۆڵینەوەو لێتۆژینەوەی نووسەرانی دنیامان لەسەر ئەوان خوێندۆتەوەو تاچەند بەدنیای ئەو دوو ڕۆماننووسە ئاشناین، دنیای دەرەوەی ئێمە قسەی لەسەریان هەیەو هێشتاکە جێگەی مشتومڕە. ئەمە جگە لەوەی خودی "پاموك"یش چەندجار لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆکانیدا ئاماژەی بەتواناو کارامەیی"یەشار کەمال"داوە، بەتایبەت لەرووی ئەزموون و دنیابینییەوە. شێوازی کارکردنی "پاموك" لەنووسیندا، وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات بەتێکەڵ و پێکەڵی دەنووسێت و دواتر"حوسنی عەباس"ی زمانزان و هاوڕێی پێیدا دەچێتەوەو دایدەڕێژێتەوەو ئەوکات"پاموك" جارێکیتر پێیدادەچێتەوەو ئیتر بەوشێوەیە کارەکە بەردەوام دەبێت، سەبارەت بەوەرگێڕانی دەقەکانیشی دەزگایەکی تایبەت بەخۆی هەیە کەدەیان وەرگێڕی بەتوانای تێدایەو کاریان گۆڕینی دەقەکانی "پاموك"ە بۆ سی زمانی زیندووی جیهانی، تەنانەت زۆرجار دەقە وەرگێڕاوەکە پێش دەقە تورکییەکە کاروباری چاپکردنیشی تەواو دەبێت و هاوکات لەگەڵ دەقە تورکییەکەدا دەکەوێتە کتێبخانەکانەوە، بەو پێیەی کە ئەمە بووە مایەی سەرنجی ڕۆژنامەنووسان، دەرحەق بەوە پرسیاریان لێکرد، گوتی:"من بەپارەی خۆم کتێبەکانی خۆم وەردەگێڕم و دەزگایەکی تایبەتی وەرگێڕانیشم بۆ ئەوکارە هەیە". چەنکە ئەگەر بڕوانینە زۆر نووسەری جیهانی، بەگشتی هەمیشە وەرگێڕانی دەقەکانیان زۆر درەنگتر لە بڵاوبوونەوەی دەقە ئەسڵییەکان بڵاوبۆتەوە، وەرگێڕەکانیشیان زیاتر ئەو کەسانە بوون کە موعجیبی دەقەکانیان بوون، مەگەر زۆر ناسراو بووبێتن یان خەڵاتێکی جیهانییان پێبەخشرابێت، ئەودەم دەزگاکان ئەو کارەیان بەئەنجام گەیاندووە، هەر بۆ نموونە بڕوانە یادەوەرییەکانی" وێڵس بارنستۆن" سەبارەت بە"بۆرخیس" دەبینیت تا چەند برادەرە نزیکەکانی ڕۆڵیان هەبووە لە وەرگێڕانی دەقەکانیاندا. بێگومان وەرگێڕان پردی گواستنەوەی دەق و ئەدەبیات و مەعریفەی میللەتانە کە دیارە تەوژمی وەرگێڕان لای ئێمە لەکوردییەوە بۆ زمانەکانی تر زۆر لاوازە، گەرچی لێرەو لەوێ هەوڵدانێك هەیە بۆ ناساندنی دەقە کوردییە جدییەکان بەدنیای دەرەوە، جا ئیدی بۆ هەر زمانێك بێت، ئەوەی کەلێرەدا جێی سەرنجە هەوڵدانی جدیی چەند گەنجێکە بۆ وەرگێڕانی ئەو دەقانەی کە شایستەی ئەوەن، لەدنیای دەرەوەی ئێمەدا بخوێنرێتەوە. ئێمە لەکاتێکدا پەیکەر بۆ نووسەران و ڕووناکبیرانی سەردەمانێکی لەوەوپێشی خۆمان دەکەین و لەباخچەو شوێنە گشتییەکاندا دایاندەنێین، بەڵام ئەگەر کەسێکی بیانی پرسیاریان لەبارەوە بکات و پێی خۆش بێت دەقەکانیان ببینێت، بێگومان تۆ دەبێت لەو کاتەدا تۆ هەر هیچ نەبێت دەقێکی وەرگێڕدراوی یەکێکیانی بخەیتە بەردەست، بەڵام ئەگەر گوتت تا ئێستا دەقێکی وەرگێڕدراوی هیچ کامێکیان نییە، ئەوە دەبێتە مایەی دەیان پرسیار. لەکاتێکدا میللەتانی دنیا زۆر لەئێمە زیاتر نووسەرو بیرمەندو هونەرمەندو شتی تریان هەیە، کەشی لەچاو ئێمە کەمتر پەیکەریان بۆ کراوەو زیاتر گرنگی بەچاپکردن و وەرگێڕان و لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی ژیاننامەو بابەتەکانیان دراوە، پەیکەر زۆر مانا لەخۆدەگرێت و دەبێت زۆر بەوردی ئەوە بزانیت کە بۆ ئەو کەسە دەکەیتە پەیکەر، یان بۆ پەیکەری بۆ دروست دەکەیت و بەچ مەبەستێك لەشوێنێکی دیاریکراودا دایدەنێیت، کاتێك"دۆن کیخۆتە" لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ"سانچۆ"ی خزمەتکاری باس لەوە دەکات ڕۆژێك دادێت پەیکەریان بۆ بکرێت، دوای چەندان ساڵ خەونی"دۆن کیخۆتە" دێتەدی و لەئیسپانیادا پەیکەر بۆ خۆی و "سانچۆ" دەکرێت، نەك "سێرڤانتیس"ی نووسەری ڕۆمانەکە، کەدیارە پەیکەری"دۆنکیخۆتە و سانچۆ" پەیگەرێکی مردوو نییە کەسەیری دەکەیت هەست بەوەستان ناکەیت،

هەست بەوە ناکەیت بەرانبەر بتێك راوەستاویت، بەڵکو بەتەواوی هەست دەکەیت بەراستی "دۆنکیخۆتە" بەرەو ماجەرایەکی تر هەنگاو دەنێت و تۆش دەبێت بەدوایدا بچیت، تا بزانیت ئەمجارەیان چی لێدەبێتە دێوودرنج و چۆن چۆنی بەگژیاندا دەچێتەوە. بەڵام ئەو جۆرە پەیکەرسازییەی کەلای ئێمە باوە، ساتەوەختێکە بۆ وەستاندن و کوشتنی هەموو ئەوانەی کە هەرگیز نەیاندەویست بچنە نێو قاڵبێك و ببن بەبەرد، ئەمە جگە لەوەی بەئاستەم هەست بەوە دەکەیت کەیەکێکیان لەوەیتریان جیاوازە، بەشێوەیەکی گشتی هاوشێوەو لێکچوون. دەرحەق بەدنیای"پاموک" و نووسینەکانی، دەکرێت ئاماژە بەوەبدەم کەئەو توانیویەتی لەنێو خودی پێکدادانی شارستانی و کلتوورەکاندا، سیمبۆلی نوێ هەڵبهێنجێت، وەك ئەکادیمیای سویدی لەپێدانی خەڵاتەکە بەو ئاماژەی پێدەکات. ئەگەر بڕوانینە دەقەکانی ئەو راستییە دەبینینەوە، هەر بۆنمونە لە"ئیستانبول–یادەوەرییەکان و شار"دا زۆر بەوردی باسی منداڵی خۆی و گەورەبوونی و مێژووی ئیستانبول دەکات، هەر لەناوەکەیەوە کەچۆن پێش داگیرکردنی لەلایەن عوسمانییەکانەوە"کۆنستانتیپۆڵ" بووە و دواتر بۆتە"ئیستانبول"، باس لەنەوەکانی بێزانس دەکات کەپاش داگیرکردنی شارەکەیان، بوونەتە دەستگێڕو دووکاندارو بەئیشوکاری لەو چەشنەوە سەرقاڵ بوون، "پاموک" بەمنداڵی کاتێك گوێی لەزمانی رومی دەبێت، کەنەوەکانی بیزانس پێی دەدوێن، پێی سەیر دەبێت و دواتر لەماڵەوە دەکەوێتە لاساییکردنەوەی شێوەی قسەکردن و هەڵسوکەوتیان و بەو پێیەی کە هەمیشە رۆژنامەکانی تورکیا بەخراپ لەسەر ئەوان دەنووسن و ئاگاداریان دەکەنەوە کە بەتورکی قسەبکەن، سەرەتا بەچاوێکی سووك تێیان دەڕوانێت، چەنکە لەو کاتەدا لەوە ئاگادار نییە، کە ئەمانن خەڵکە ئەسڵییەکەی ئەو شارەی کە لە"29ی مایسی 1453"دا دەکەوێتە دەست عوسمانییەکان و لەوەودوا تەوژمی کۆچی تورکەکان بۆ ئەوێ دەستپێدەکات. "پاموك" لەو کتێبەیدا باس لە هاوسەرەکەی خۆی دەکات کە بەرەگەز رووس و بەئایینیش ئۆرتۆدۆکسە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەتورکیادا خوێندوویەتی و کەوتۆتە ژێرکاریگەری فەرەهەنگی تورکییەوە، کاتێك وەك خوێندکارێك دەچێتە ئەمریکاو لە زانکۆی کۆلۆمبیا دەست بەخوێندن دەکات، لەباسێکی تایبەت بەداگیرکردنی ئیستانبول دەکەوێتە هەڵەوە و لەجێی ئەوە دەڵێت" فەتحی ئیستانبول" کە ئەمەش دەبێتە مایەی تووڕەبوونی پرۆفیسۆری وانەکەو بەکەسێکی نەتەوەپەرستی تورکی لەقەڵەم دەدات، لەکاتێکدا هاسەرەکەی تەنها لەبەر ئەوەی زمانی وا راهاتووەو وافێربووە وایگوتووە، ئەگینا نەداگیرکردن و نە فەتح بەلای ئەوەوە هیچ مانایەکیان نەبووە. "پاموك" لێرەوە دەچێتە نێو جیهانی جەنگ و کاریگەری لەسەر مەسیحی و موسڵمانەکان، مەبەستیەتی بڵێت خەڵکێکی ئاسایی ئەگەر بەبنەچە رووس و ئۆرتۆدۆکس–یش بێت، بەڵام دواجار تەنها ئەوەندە دەزانێت کە کولتوورێك فێری کردووە، "پاموك" رێبەرایەتی ئەو تەوژمە دەکات کە دەیەوێت تورکیا بباتە نێو یەکێتی ئەورووپاوە، هەر لەو روانگەیەشەوەیە کەدەچێتە نێو میژوو و باس و خواسی کولتوورەکان و دەیەوێت بەزمانێکی سادەو ساکار شتێکی ترمان پێبڵێت، کە لەمەدا ناسیۆنالیستە تورکەکان زۆر دژایەتی دەکەن، چونکە نایانەوێت سیمبۆل و دروشمە نەتەوەییەکانیان بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە تورکە نەتەوە پەرستەکان ئێستاش باوەڕیان بەو ئەفسانەیە هەیە کە گوایە گورگ پێشڕەوایەتی خێڵە تورکەکانی کردووە بۆ نێو ئەنادۆڵ و ئیدی لەو کاتەوە بۆتە خاکی ئەوان، ئەمە جگە لەوەی باوەڕیان وایە، هەندێك لە کەسایەتییە مێژووییەکانیان بەساوایی گورگ شیری پێدابێتن. بۆیە "پاموك" دەیەوێت پردێکی پەڕینەوەو تێکەڵبوونی تێکەڵبوونی فیکری و مەعریفی و کولتووری لەنێوان تورکیا و ئەورووپادا دروستبکات و بەدەر لەکوشت و کوشتاری مێژوویی نێوانیان، چەشن و جۆرە دیالۆگێکی نوێیان هەبێت و بەرانبەر بەوەی کەتورك بەخۆیدا بچێتەوەو گۆڕانکاری بکات، ئەورووپاش وەریانبگرێت. بەڵێنی

حزبەکەی ئەردۆوان و داواکاری ئەو خەڵکەی کەدەنگییێداوە هەر ئەوەیە لەنێو یەکێتی ئەوروپادا بەفیعلی و عەمەلی جێی ببێتەوە کە دیارە لای ئەوان چوونە نێو یەکێتی ئەوروپا بۆ چاککردنی باری ئابووری و خۆشگوزەرانیانە، نەوەك گۆڕینی باری کولتووری و فیکری و مەعریفی. دوا ڕۆمانی "پاموك"یش کە لەئێستادا خەریکی نووسینیەتی و لەم یەك دوو ساڵەدا تەواویدەکات، وەك لەچاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆکرد، باس لەمێژووی چەند نەوەیەکی بازرگانەکانی تورکیا دەکات و باس و خواس و راوبۆچوونەکانیان سەبارەت بەرۆژئاواو رۆژهەڵات دەخاتەروو، کە دیارە هەر لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە قسە لەسەر ئەوە کراوە کەئاخۆ رۆژهەڵاتی بن یان رۆژئاوایی و هەمیشەش لەو تەرحەدا بەرەیەك ناڕازی بووەو پێیوابووە چوونە نێو ئەوروپا لادانە لەکولتووری تورك و ئایینی ئیسلام و زۆر شتی ترو بەرەکەی تریش رای پێچەوانە بووەو ئەمە تا ئێستا بەردەوامەو "ئۆرهان پاموك"یش وەك ئاماژەمان پێدا ئەمەی کردۆتە بابەتی نووسینەکانی، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ئەوروپا مەبەستی لەوەرگرتنی تورکیا هەبێت، ئەوە بێگومان ئەم تورکیایەی ئێستای ناوێت و مەبەستیشی نییە ئەمەی ئێستا وەربگرێت.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: پێتانوانییە نووسەری کوردیش وەك خۆی هەوڵدانی بۆ خوێندنەوە، یان راڤەکردنی چەمکی پێکدادانی کولتوورو شارستانییەتەکان هەبێت و لەهەوڵی نووسینی لەو چەشنەدا بێت، بۆ خۆتان ئەگەر بتانەوێت لەرووی خوڵقاندنی دەقێکەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەیەکی ئاوادا بکەن، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و کورد لەکوێی ئەو ململانێ و پێکدادانەدا دەبیننەوە، تەسەووری ئێوە سەبارەت بەئیجابیاتی نووسینی لەو چەشنە چییە؟

یوسف عیزەدین: بەو پێیەی پێشتر ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو تێڕوانینانە کرد کەخودی رۆژهەڵات و رۆژئاوا وەك دوو پۆڵی جیاواز دەبینێت، لە کاتێکدا ئەگەر هەوڵێك هەبێت بۆ بەیەکگەیاندنی ئەو دوو شارستانییەتەو پێیوابێت دەکرێت بەیەکەوە هەڵبکەن، ئەوە تێڕوانین و تێزێکی پێچەوانەش هەیە چ لەرۆژهەڵات و چ لەرۆژئاوا کەئەمەی پێمەحاڵە. ئەگەر بمانەوێت لە دیدگەیەگی ترەوە بڕوانینە ئەو دوو دنیایە، کەدیارە"ژاك دریدا" لەکتێبی"توندوتیژی و میتافیزیك"دەکەیدا لەگوتەیەکی"ماتیۆ ئارنۆڵد"ەوە ئاماژە بەوە دەدات کەدنیای ئێمە لەنێو دوو پۆڵی عیبرانییەت و هیلینیزمدا هەڵدەسووڕێت، زۆرجار یەکێکیان لەویتریان کاریگەرتر دەبێت و زۆرجاریش ئەویتریان، لەکاتێکدا کەوا پێویستە دنیای ئێمە لەنێوان ئەو دوو پۆڵەدا بەهاوسەنگی هەڵبسووڕێت، بەڵام هەرگیز ئەمە نایەتە دی. ئەم تێڕوانینە زۆر کۆنترو قووڵترە لە ململانێی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و ئیسلامییەت و مەسیحییەت، ئاشکرایە کەکورد یەکێکە لەو میللەتە دێرینانەکانی ناوچەکەو بەپێی جموجۆڵی تەوژمە ئایینی و کولتووری و فەرهەنگی و هێرشکارییە سەربازییەکانی ئەو دەمەوە، هەمیشە بونیادی کۆمەڵگەی کوردی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەموئەوو کەم تا زۆر ئاڵوگۆڕو گۆڕانی ئایینی و کولتووری و فەرهەنگی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە جگە لەو هەڵهاتن و کۆچکردنە بەردەوامەی کە زیانێکی زۆری لەهەموو روویەکەوە پێگەیاندووە، بۆ حاڵیبوون لەوەی کەکورد چ لە رابردوودا چ لەئێستادا لەکوێی ئەو ئاڵوگۆڕو پێکدادان و ململانێ کولتووری و شارستانییەدایە، پێموایە دەبێت سەرلەنوێ هەموو شتێکی خۆمان بخەینە ژێر پرسیارەوەو بەگومانەوە بڕوانینە هەموو ئەوەی کە تائێستا پێمان ئاسایی بووە. "مەهرداد.ئیزەدی" لەکتێبی"کوردەکان"دا باس لەمێژوویەکی زۆر کۆنی کوردو جولەکە دەکات، کە چۆن لەشاری هەولێری ئێستا کەلەو دەمەدا ناوی"ئادیابێن" بووە، ژمارەیەکی زۆری چۆتە ئەویێ و کوردێکی زۆریان کردۆتە موسەویی و دواتر چۆن ئەو کوردانە شان بەشانی جولەکەکان دژ بەرۆمانەکان جەنگیون و زۆر وردەکاری تر، کەبەمە کورد دەچێتە بازنەیەکی جیاواز لەوەی کەئێستا تێیدایەتی، هەموومان حیکایەتی مەلای خەتێمان بیستووە کە چۆن کوردی فریودا لەوەی کەدژ بەعوسمانییەکان نەجەنگن، دیارە باوەڕهێنانی کورد بەفەتوای ئەو

مەلایە لەباوەڕی ئایینی ئەو کاتەیانەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەراستی گۆڕان و وەرچەرخان و ئایین گۆڕین و زۆر شتی تر بەدرێژایی مێژووی کورد دەبینیتەوە. بۆیە دەکرێت خوێندنەوەی وردی ئەو مێژووە لەمرۆدا لە روانگەیەکی پرسیار ئامێزانەوە، ئیزافەیەك بێت بۆ ئێستامان. جا ئەگەر قەولبێت نووسەری کورد دەقێکی جددی سەبارەت بەلایەنێکی مێژوومان بنووسێت، ئەوا بێگومان دەبێت راڤەو تێروانین و دنیابینی خۆی هەبێت، ناکرێت تەنها بەنەقڵکردنی رووداوو بەسەرهاتە مێژووییەکان، پێتوابێت دەقێکی مێژوویت نووسیوە، چونکە تۆ بۆ ئەوەی باس لەهەموو کولتوورو فەرهەنگ و شارستانیەت و هەموو ئەو شتانەی تر بکەیت، ناکرێت نەڕوانیتە بونیادو پێکهاتەی شتەکان و نەیخەیتە ژێر پرسیار. رەنگە جوانترین نموونە رۆمانی"تەلیسکۆپەکەی شۆپنهاوەر"ی نووسەری ئێرلەندی"گێرارد دۆنۆڤان" بێت کە لەرێی پرسیارو وەڵامی دوو کاراکتەرەوە، دەچنە سەرباسی تیۆری"ئیرادەی ژیان"ی شۆپنهاوەرو بەقووڵاییەکانی مێژوودا رۆدەچنە خوارو هەر لەباسی قەتڵوعامەکانی پاشای بەلژیکا لەکۆنگۆو چاخاکانی نێوەڕاست و وانەکانی نووسینەوەی کتێبی پیرۆز و جەنگیزخان و دەیان شتی تر، دیارە هەموو ئەم باس و خواسانە بەشێوازێك دەخرێتەروو کەناکرێت پێی سەرسام نەبیت و پرسیاری دەرحەق نەکەیت، هەر بۆیە"کۆڵم ماککان" پێیوایە "دۆنۆڤان"، " کافکا و بێرهارد شیلینك"و نووسەرە مەزنەکانی دنیامان وەیاددەهێنێتەوەو بەرای ئەو ئەو رۆمانەی رۆمانێکی جیهانییە. بەدەر لەوەی کەباسمکرد بەرای من خودی هەموو شارستانییەت و مەدەنییەتەکان لەمرۆدا زیاتر لەژێر پرسیاردان و قابیل بەگۆڕانکاری و گۆڕانن، دەکرێت بڵێم بەدەر لەهەموو کولتوورەکان کولتوورێکی نوێ بەناوی کولتووری ئیماژو ئینفۆرماسیۆن بەتەواوی تێکەڵ بەخودی کولتووری مرۆڤ و بوونە کۆمەڵایەتییەکەی بووە، شانبەشانی تەکنەلۆژیایەکی تەسەوور نەکراو کە زەمینەی بووژاندنەوەی یۆتۆپیای سازاندووە، راستە پێشتر زۆر شتمان خستەروو، بەڵام نابێت ئەوە لەیادبکەین کە لەئێستادا"تەکنۆ—کولتوور"و"تەکنۆ—یۆتۆپیا" لەئارادایە. هەموو شتێك بەشێوەیەکی سەیر دەگۆڕێت، ئەو فیلمە کارتۆنیانەی کە بەمنداڵی سەیرمانکردووە، لەئێستادا بەرەو نەمان دەچێت و لەجێگەی ئەنیماسیۆن دێتە پێشەوەو ئیماژی وێنە دەگۆڕێت، لەمرۆدا زۆربوونی ژمارەی شتەکان بۆتە جێگەی سەرنج و لێخووردبوونەوە، کە باس لەمێژوو، کولتوور، دابونەریت، مەعریفە، ئەدەبیات، یان هەر شتێکی تر دەکەین، دەبێت هەست بەو دنیا ئینفۆرماسیۆنەی دەرەوەی خۆمان بکەین، دەبێت گۆڕانی ئیماژەکان ببینین، کاڵبوونەوەی سەرجەم سیمای شتەکان بخوێنینەوە، ناشکرێت نکوڵی لەوە بکەین کردەو جدییەتی نووسین لەمرۆدا زۆر لەجاران سەختترو ئاڵۆزترەو پێناچێت تەنها بەخەیاڵ بتوانین دەست لەپێکهاتە ئاڵۆزەکانی دنیا وەربدەین و راڤەیان بکەین، مەگەر بگەینە ئەوپەڕی خەیاڵ، یان هەر بەتەواوی سنوورەکانی خەیاڵ تێپەڕبکەین، ئەگینا هیچمان پێناکرێت.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: ئێوە یەکێك بوون لەچیرۆکنووسە جدییەکانی دوای راپەڕین، کە توانیتان بەگوڕو تینێکی باشەوە وەك دەنگێکی تایبەت بێنە نێوەندی ئەدەبیاتی کوردییەوەو بەدەر لەو تەقلیدەی کە لەنووسیندا هەبوو، بەشێوازێکی دیکە خۆتان نیشان بدەن، بەڵام بەوپێیەی کە لەکۆتایی سەدەی پێشوودا ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوون و دواتر بە رۆمانێك و کۆمەڵە چیرۆك و بابەتی وەرگێڕدراو هاتنەوە نێوەندی ئەدەبی، دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەو ماوەی بێدەنگبوونەت ئەوە بێت کە پێشتر ئاماژەت پێدا، دەربارەی سەختبوونی کردەو جدییەتی نووسین لەمرۆدا، یان هۆکارەکەی تاراوگەو ئاشنابوون بە کتێبخانە جیهانییەکان و فێربوونی زمان و خوێندنەوەو تێڕامانتە لەدنیایەکی جیاوازو جودا بەو پێیەش ویستبێتتان کەمتر بنووسن و بۆ خۆتان ئەو بێدەنگییەتان هەڵبژاردبێت؟

**یوسف عیزەدین**: بێگومان زۆر هۆکار هەن هەر لەوانەی بەرێزتان ئاماژەتان پێدا، تا دەگاتە تارمایی ئەو پانتاییە جوگرافییەی کەتۆی تێدایت، ئیدی ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت، هەستدەکەیت زۆر

لەشتە سادەکانیش بەتەواوی ئەوە نین کە پێیان ئاشنایت. هەموو ئەو شتانەی کە جێتهێشتوون بەزیندوو و مردووەکانییەوە، لەشوێنێکی زەینتدا سەرەتاتکێت لەگەڵ دەکەن و هاکا هاتنە نێو خەون و زیندە خەونتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەچەشنی کەسێکی قۆڵ و قاچ بڕاو کە زۆرجار پێیوایە ئەنگوست و قامکی پەلەکانی دێشێ یان دەخورێت، تۆش پێت وایە پەلێکت یان زیاتر، لەشوێنیکیدا بڕاوەتەوەو هەمیشە ئێش و ئازاری شوێنێکی ترت بیردەخاتەوەو ئەو کاتانە یادەوەرییەکان بەچەشنی جۆراوجۆر وەك بارانێکی ناوەخت دادەبارن، سەرەتا زۆر بەسەرسامییەوە دەڕوانیتە ئەو کۆترانەی کەبێ سڵەمینەوە لەسەر دەستی بنیادەمان دان دەخۆن و کەس ئەزیەتییان نادات، لەکاتێکدا تۆ لەوڵاتێکەوە هاتوویت کۆترەکانی مەگەر لەسەر گومەزی مزگەوتەکان بەکامی دڵ وچان بدەن. لەوێ دەکرێت لەنزیکەوە گوێبیستی حەکایەتی ئەو مرۆڤانە ببیت، کەسەگێك یان پشیلەو باڵندەیەکی خۆشەویستیان هەبووەو لە ساتەوەختێکدا بەبێدەنگی ئەم دنیایەیان جێهێشتووە، دەبینیت چۆن بۆی دەگرین، چۆن باسی دنیای شاراوەی گیاندارەکەت بۆ دەکەن و دەتگەیەننە ئەو قەناعەتەی کە هیچ گیاندارێك بەستەزمان نییەو وەك من و تۆ دەتوانێت گوزارشت لەهەموو شتێکی خۆی بکات و بەزمانێکی نهێنی و شاراوە لەگەڵت بدوێت، کە گوێبیستی زۆرێك لەو حیکایەتانە دەبیت وا دەزانیت باسی منداڵێکی خۆیانت بۆ دەکەن، یان زۆرجار لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە هەواڵی تراژیدیی بەچکە پشیلەیەك دەبیستیت و دەبینیت کە لەسەر لکی بەرزی درەختێك عاسی بووەو هەموو دنیا سەفەربەر بووە تا بەبێ ئەوەی ئازاری پێبگات بهێننە خوارەوە، ئاژەڵ دۆستەکان دەبینیت کە دژ بەراوکردنی ئاژەڵان ڕێپێوان دەکەن، سەیر دەکەیت ئەمانە دروشمیان هەیە، بەرنامەو پرۆگرامیان هەیە، نووسەرو ڕۆژنامەنووس و خەڵکی ڕووناکبیر تێیدا ئەندامە، لەوێ تراڤێستی و ساتانیست و دنیایەك شتی تر هەیە. خەڵکی بڕوادار و لەخواترس هەیە، مەسیحی هەیە لەخەونیدا مەسیح دەبینێت و لەگەڵی دەدوێت، دەست و قاچە خوێناوییەکانی ماچ دەکات، دەیان کچ هەن دەبنە راهیبەو شووناکەن، میسیۆنەری نوێی مەسیحییەت هەیە، کە لەئاوی ڕووبارو دەریاکاندا خەڵکی تەقدیس دەکەن، لەدەرەوەی کڵێسەی تەقلیدی قسە بۆ خەڵك دەکەن، رەنگە ئەمانە هەمووی ڕووکەشی شتەکان بێت، چونکە لەپشت ئەمانەوە پیاوخراپ و تۆڕی لەش فرۆشی و هیرۆیین و تلیاك فرۆشەکان و باندو کانگستەرو مافیا هەیە، خەڵکی نەخۆش هەیە، رەگەزپەرست و کۆنەپارێزو کەللەپوت هەیە، ئەگەر مەبەستیش بێت شتێك لەوە زیاتر ڕۆبچینە نێو ئەو دنیایە، ئەوە دەکرێت دڵەراوکێی و نامۆبوونی"ژاك دریدا"یەکی بەئەسڵ جوولەکە بەنموونە بهێنینەوە، لەگەڵ ئەوەی لەنێو خودی ژیارو شارستانییەتی ئەورووپی بەگشتی و فەڕەنسی بەتایبەتی ژیاوەو راڤەی قووڵی فەلسەفەو مەعریفەی چاخەکانی پێشوو و سەردەمەکەی خۆی کردووەو دەیان پرسیاری نوێی سەبارەت ورووژاندووە، بەڵام هەمیشە خۆی پێ جوداو جیاواز بووەو پێی وانەبووە توانیبێتی ببێتە بەشێك لەو ژیارو شارستانییەتەی کە لەوێدا هەیە و خۆی بە"مارانۆ"یەك زانیوە، گەرچی ئەمە وەك زاراوەیەك سەردەمانێك بەو جولەکە بەراز نەخۆرانە گوتراوە، کەبەناچاری و لەروو بوونەتە مەسیحی و لەنێویشەوە هەڵگری کولتوورو ئایین و دنیابینی خۆیان بوون، هەرچەندە لەنێو خودی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا ژیاون، بەڵام هەردەم نەیارو نامۆبوون بەهەموو ئەوەی کە لەدەرەوەیاندا جەرەیان دەکات. "ژاك دریدا" دەڵێت:( دادگای ئیسپانی لەساڵی 1992دا بەبڕیارێکی رەسمی کۆتایی بەمارانۆ هێنا، تۆ بتەوێت دەتوانیت باوەڕ بەوەبکەیت، بەڵام ئێمە مارانۆین، لەهەموو بارودۆخێکدا هەر مارانۆین). "دریدا" قووڵتر دەچێتە نێو ئەم مەسەلەیەوەو یەکەم کەس دەبێت راشکاوانە لەنێوەندێکی ئەکادیمیدا باس لەجیاوازییەکانی ئەندامی نێرینەی بکات، لەو ڕووەوە کەئەو خەتەنەکراوەو ئەوەش جوولەکەیەتی ئەو دەسەلمێنێت. ئەو پاش هەزمکردنی مەعریفەی ئەو کۆمەڵگەیەی کەتێیدا دەژی، باشتر لەوە دڵنیا دەبێت لەوەی کە هەمیشە ئەوان وەك مارانۆیەك تێی

دەروانن، سەربارى ئەوەى ژنەكەى مەسيحييەو كوڕەكەشى خەتەنە نەكراوە، گومان و نامۆبوونى دەيگەيەنێتە ئەوەى كەبڵێت:( سەختە بڵێم جوولەكەم و دڵنيانيم، بەڵام نكوڵى لەوەش ناكەم كەوەك جوولەيەك هاتوومەتە دنياوەو دەرحەق بەوەش راستگۆم، بەڵام ديارە لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوەى ئێوە تێى دەڕوانن مەسەلەيەكى ئاسان نييە، هەر بۆيە جوولەكەم و جوولەكەش نيم، بێگومان لەنێو شارستانييەت و كولتوورى مەسيحييەكاندا ژياوم، هەربۆيە مەسيحيم و مەسيحيش نيم، بەو پێيەى لەنێو خودى كولتوورى مەسيحييەكاندا ژياوم، ئەگەر مەسيحيش نەبم ئەوە لەدەرەوەى ئەوەشدا نيم). كەواتە دەبێت ئێمە چى سەبارەت بەخۆمان بڵێين، لەكاتێكدا"دريدا"يەك ئەو هەموو گومان و پرسيارەى هەبێت و هەميشە لەدڵەراوكێدا بێت و هەست بەئينتيما نەكات بۆ پانتاييەكى جوگرافى دياريكراو كەئەوى وەك هاووڵاتى قبووڵەو گرتوويەتييە خۆى، ئەمە جگە لەوەى كەبەزمانى ئەوان دەخوێنێتەوەو دەنووسێت و ساڵانێكى دوورودرێژى لەنێو ئەواندا بردۆتە سەر، ئيدى هيچ قاڵب و داڕژگەيەك نييە نايەقينەكانى ئەوى تێدا ببێتە يەقين و پرسيارى لا نەهێڵێت و لەموسافيرەوە بيكاتە كەسێكى نەبزۆزو نيشتەجێ. دەبێت وەك نووسەرێك گەر مەبەستت كەشفكردن و گەڕان بێت، هەميشە موسافير بيت، موسافير بەواتاى ئەو كەسەنا كە لەپانتاييەكى جوگرافييەوە دەچێتە پانتاييەكى تر، بەڵكو بە ماناى موسافير لاى "ئيبن عەرەبى" كەپێى وايە موسافير ئەو كەسەيە كە بەفيكرو مەعريفە سەفەرى كردووە نەك بەجەستە.

**مەريوان هەڵەبجەيى**: بۆ دەبێت تەوژمى نوێى رۆمانى مەغريبى، گەرچى نووسەرانى بەفەڕەنسى دەنووسن و لەمەنفادا دەژين، بەڵام بەدنيايەك دڵەراوكێ و گومانەوە دەنووسن و تەنانەت لەنێو خودى تۆپۆگرافياى رۆمانيشدا شوێن جێگەيان ديارە، بەڵام نووسەرانى كورد بەشێوەيەكى گشتى لە قووڵايى دڵەڕاوكێيەكانى تاراوگە بە شێوەى ئەوان بابەت هەڵناهێنجن و تائێستاش ناتوانن بەوردى باس لەئەدەبى تاراوگەى كوردى بكەين؟

**يوسف عيزەدين**: خۆى لەراستيدا تەوژمى نوێى رۆمانى مەغريبى بەئاراستەيەكى پێچەوانەى رۆمانى تەقليدى دەبزوێت و رۆمان دەكاتە هۆشمەندييەكى مومكين و جوداو جياواز لەهۆشمەندييەكى واقيعى، ئەمە جگە لەوەى ئۆرستۆكراتييەتى زمان لەلاى ئەوان تێكدەشكێنرێت و بۆ هەڵهێنجانى شتێكى نوێ رۆدەچێتە نێو كولتوورو قووڵاييە مەعريفييەكانى خۆيانەوە، بێگومان ئەوان سووديان لە ميتارۆمان وەرگرتووە كە دەسپێكەكەى پەيوەستە بەو تەجاوزانەى كە"ئالان رۆب گرێ و ميشێل بۆتۆر و ناتالى ساروت" كرديان و توانييان نەخشەى كۆنى نووسينى رۆمان بگۆڕن. سەبارەت بەناسينى ئەو ئەدەبياتەى كە نووسەرێكى كورد لەمەنفادا دەينووسێت، ئەوە ديارە تەنها جياوازييەك لە نێوان نووسينى نووسەرێكى ئێرەو ئەوێ بەدەر لەبابەتەكەى تەنها شوێنى نووسينەكەيەو ناچێتە دەرەوەى بازنەكانى ئەوەى كە تائێستا نووسراوە، ديارە ئەمە ئەگەر بەموجەرەدى سەيرى بكەين و بمانەوێت وەك پێكهاتەيەك لێى بڕوانين. بەڵام ديارە ئەگەر تۆ قسە لەسەر نووسەرێك بكەيت، كە مەنفا لاى بۆتە پرسيارو مايەى بەخشينى مەعريفەيەكى نوێ و گۆڕانى ديدگەو راڤەكارييەكانى بۆ دنيا لەميانى هەموو ئەمانەشەوە دەقێكى نوێ و جياوازى پێ بخوولێنێت، ئەوە مەسەلەيەكى ترە. سەرەتا بۆ حاڵيبوون لەو گۆڕانكارييانەى كە بەسەر نووسەرێكدا دێت لەرووى مەعريفى و فيكرى و شێوازى نووسينەوە، گەر بەناچارى يان ويستى خۆى شوێن و زێدى پێشووترى خۆى جێهێشتبێت، دەكرێت بڕوانينە سۆلژينستن و ميلان كۆنديرا و بيكيت و زۆرێك لەو نووسەرانەى كە لەشوێنى تردا ژياون، لێرەدا دەكرێت ئەو پرسيارە بكەين كە ئاخۆ ئەگەر هەر لەشوێنى پێشووترى خۆيان ژيابان، هەمان ئەو دەقانەيان دەنووسى؟ بۆيە قسەكردن لەسەر مەوجووديەتى ئەدەبێكى تايبەت بەشوێنێك بەشێوەيەكى رەها كە بەتەواوى جياواز بێت لەدەقێك كە لەشوێنێكى تردا نووسرابێت، رەنگە بۆچوونێكى شلۆق بێت،

دەکرێت راڤەکاری و دنیابینییەکان جودابن وشێوازو فۆرمەکان گۆڕابێتن، بەڵام دواجار ئەگەر دەقێك قابیل بەخوێندەنەوە بێت، کێ نووسیبێتی و لەهەر شوێنێکدا نووسرابێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کەدەخوێنرێتەوە. هەندێك راوبۆچوون لەسەر ئەوە هەن کە ئەدەبێك نییە بەناوی ئەدەبی مەنفا، هەروەك ئەوەی بڵێیت ئەدەبی زیندان، ئەگەر کەسێك توانیبێتی لەزینداندا بنووسێت، ئەو نووسەرەی کە لەمەنفا یان لەنێو زینداندا دەنووسێت و دەقێك دەخووڵقێنێت، رەنگە بتوانێت بەئیزافەکردنی شتێکی نوێ، دەقێکی جوانتر بخوڵقێنێت، یان دنیایەکی جیاوازترمان بۆ کەشف بکات، جا ئەم کردەی نووسینە تەنها پەیوەست نییە بەشوێنی نووسینەکەوە، زیاتر پەیوەستە بەوەی ئەو نووسەرە چی لەو شوێنە هەڵهێنجاوەو راڤەو دنیابینی چییە.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: وەك یەکێك لەو دەنگانەی کە لەنێو دنیای نوێ و جودای چیرۆکی کوردیدا تایبەتمەندێتی خۆتان هەیەو وەك خوێنەرێك کە لەرێی زمانی تورکی و ئینگلیزی و عەرەبییەوە ئاگاداری مەودا مەعریفی و کولتووری و فیکرییە جیاجیاکان، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەزموونی"بەختیار عەلی" چۆنەو راتان لەسەر بەرهەمەکانی چییەو تایبەتمەندێتی ئەو لەچیدا دەبیننەوە؟

یوسف عیزەدین: دەکرێت بەشێك لەجوانی و نوێگەرێتی ئەدەبیاتی دنیا، لەرووی خوڵقاندنی دەقەوە لەو هەوڵە ئەزموونگەریانەدا ببینیتەوە کە هەمیشە ویستوویەتی ئیدراك فرێبداتە دەرەوەی دەقەوەو پێچەوانەی تەقلیدییەتی نووسین، رۆبچێتە نێو پەنهانەکانی زەینەوە، تابتوانێت لەوێوە بڕوانێتە شتەکان و راڤەی ئیماژو سیمگەکان بکات و هەوڵی حاڵیبوون بدات لە پووچێتی دنیایەك کە دەبێت هەریەکەمان سەبارەتی ژمارەیەکی بێشوومار پرسیارمان هەبێت، ئەو هەوڵدانە جدییانە دنیای ناوەوەی ئێمەی کردە ئۆبژێیەکی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و گومان و پرسیارەکانمان. "بیکیت" دەڵێت:" دنیای راستەقینەو مانادار، ئەو دنیا نەبینراوەی نێو زەینمانە". هەوڵدان بۆ بینینی ئەو دنیا نەبینراوەی نێو زەینمان، لەهەر ئان و ساتێکدا دەبێتە مایەی کەشف و گەڕانمان، چونکە ئەوە کارێکی سەرپێی و رووکەشی نییە. جا ئەم دنیا نەبینراوەی نێو زەینی هەر یەکێکمان بەهاوشێوە بوون و لێکچوونی کۆمەڵێکییەوەو بەجیاوازی و جیابوونەوەی کۆمەڵێکی تری و لێکنەچوون و هاوشێوەنەبوونی ئەوانی تری، هەوڵدانێکی جدی دەویست تا لەپشت تابۆو حەرامەکانەوە نەبینراوەکانی ئەو دنیایە ببێتە بینراو. "بەختیار عەلی" لەساتەوەختێکی زۆر گرنگدا، وەك نووسەر و دنیابینێکی جدی و بەتوانا، بەدنیایەك پرسیارو جیاوازییەوە لەرێی خوڵقاندنی دەقەکانییەوە، ئەو پەنهان و نەبینراوانەی نێو زەینی کاراکتەرەکانی دەکاتە دەروازەی رۆچوونی خوێنەر بۆ نێو ئەو دنیا نەبینراوەو هەوڵدان بۆ راڤەکردنی. "بەختیار عەلی" دژ بەفەزاو ئەتمۆسفێرێکی کوشندەی نێوەندێکی رۆشنفکری و ئەدەبی تەقلیدی، بارگاوی بەبێدەنگی و پرسیارنەکردن و تەسلیمبوون بەهەر ئایدیۆلۆژیایەك کە تەسکینی بکات، لە ساتەوەختی ئیفلاسی گفتوگۆ بێماناکان و بڕست لێبڕانی ئەوهێزانەی کە بەزۆر خۆیان گەیاندبووە ئەو ساتەوەختە، دەبێتە دەنگێك هەموو قودسییەتێك کەپێشتر هەبووە دەخاتە ژێر پرسیارەوەو زۆر بەجدی دژ بەو بێدەنگییە دەدات و نەگوتراوەکان دەڵێ. لەزەمەنێکدا کە نەوەیەك بێزاربوو لەهەموو ئەو دروشمانەی کە لەسەر دیوارو لافیتەو پانکارت و مانشێتی رۆژنامەکاندا دەنووسرانەوە، گوێیان لەدەنگێکی جوداو جیاواز دەبێت کە پەردە لەسەر هەموو دزێوییەکان رادەماڵێ و رووبەڕووی رابوون و راچەنینێکی فیکری و مەعریفییان دەکاتەوە، راستییەکەی ئەوە جەنگێك بوو کە مەعریفە، دنیابینی و پرسیاری نوێی هێنایە نێو ئەو نێوەندەی کە دەمێك ساڵبوو کەسانێك پاسەوانی ئەو بێدەنگییەی بوون. کاتێك خوێندنەوەی "بەختیار عەلی" سەبارەت بەبیناسازی کوردی دەخوێنیتەوە، یان پەی بەوە دەبەیت هەر بۆ نموونە ئەو چۆن دەڕوانێتە چەمکی شەهیدو هەموو چەمکەکانی تر، ناکرێت بڵێیت ئەمە کەشفێکی نوێ و دنیابینییەکی تازە نییە، ئەگەر وەك کەسانێك بانگەشە دەکەن کەهەموو ئەمانە

پێشتر زانرابوو، بۆ خوێندنەوەیان بۆ نەکردو نەیاننووسی. ئەمە جگە لەڕۆمانەکانی کە ناکرێت لەگفتوگۆیەکدا باس لەمەوداو پانتاییە فانتازیی و ئێستێتیکییەکانی بکەین، سەرباری خستنەرووی بونیادو رایەڵەکانی زمان و کۆریدۆرەکانی یادەوەری و پاساژەکانی ئەو مەعریفەیەی کە لەپشت شتەکانەوە کاردەکات، وەك نموونەیەك گەر بروانینە" ئێوارەی پەروانە" دەزانین کەئەو لەوێدا کولتوورێك دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە کوشتنی مێینە لای شانازیی و سەربەرزییە، ئەمە جگە لەخستنەرووی دەیان درێویی پەنهان و شاراوە.

**مەریوان هەڵەبجەیی**: زۆرجار نووسەر لە بەرهەمهێنانی دەقێکدا زۆر شت لە یادەوەرییەکانی خۆیەوە هەڵدەهێنجێت، دەکرێت بڵێین خوێن لە چیرۆکی"پێخەفێك لەخوێن"دا پەیوەستە بەساوەختێکی یادەوەریی و نۆستالۆژیای ئێوەوە؟ ئەمە جگە لەزۆر چەمك و هێماو رموزاتی تری نێو دەقەکانت، کە ئاخۆ تاچەند دەبێت رۆچووبێتە نێو دنیای یادەوەرییەکانت؟

**یوسف عیزەدین**: بێگومان یادەوەری رەگەزێکی گرنگە، زۆرجار بەدەر لە ئیدراك و زانینی راستەوخۆی نووسەر لە شوێنێکدا کاری خۆی دەکات، جا یان بەتەواوی دێتە ناوەوە، یان وەك سیمگەو ئیماژێك لەشوێنێکدا بوونی دەبێت. هەریەك لەئێمە لەمنداڵیدا، ساتەوەختێکی سەرسامبوون و شڵەژانی هەیە بەرانبەر بەخوێن کەلای بۆتە پرسیار، رەنگە زۆر سامناك و ترسناك بووبێت، یان بەکاریگەری کولتوورو دابونەریتی باو بەئاسایی هاتبێتە پێشچاوی، وەك لەسەربڕینی ئاژەڵێکدا دەبێت خوێن رژان و سەربڕینەکەت پێ ئاسایی بێت، بەگشتی جۆری تێڕوانینەکان نیسبین و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆرێت. یادەوەرییەك کە تائێستاش زۆر ئازارم دەدات و زۆرجار دێتە نێو خەونەکانمەوەو بەتەواوی نیگەرانم دەکات، یادەوەریی واقیعێکی مردنی کچێکی دراوسێمان بوو، لە بەرەبەیانێکدا بوو بەژێر ئۆتۆمبیلەوەو قیژەو زریکەی کەسوکارو خزم و ناسیاوی، لە دوورترین شوێنەوە دەبیسترا. من زۆر لە دوورەوە بە سڵ و سامێکی زۆرەوە تێمدەڕوانی، کاتێکمزانی لەبەر نەگیرسانەوەی ئەو خوێنەی کە لەبەری دەڕۆیشت و دەبووە مایەی خوێناوییبوونی هەموو ئەو کفنانەی کە یەك لە دوای یەك بۆیان دەگۆڕی، وەك ئاژەڵێك سەربەرەوخوار بەپیرە درەختێکی حەوشەکەیاندا هەڵیانواسی، تا هەموو خوێنەکەی بەتەواویی بچۆڕێتە خوار، ئەمە جگە لەوەی کە دیمەنێکی زۆر ترسناك بوو، نەگیرسانەوەی خوێنەکەشی بووە مایەی پرسیار و مقۆمقۆی خەڵکێکی زۆر، من وەك خۆم هەرهێندەم بینی، بەڵام دواتر لێرەو لەوێ زۆر باس و خواسم دەبیست سەبارەت بەهەڵواسینی سێ شەوو سێ رۆژی ئەوو تەوانەبوونی خوێنی نێو جەستەیی و خوێناوی بوونی چەندان کفن و زۆر شتی تر. رەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو رووداوانەی کە زۆر کاری تێکردبێتم، بەرادەیەك کەماوەیەکی زۆر نەدەتوانی بەتەواوی ژەمێك بخۆم، بەراستیشتێکی سامناك بوو. رەنگە ئەگەر لەنزیکەوە نەمناسیایەو دەیان یادەوەریم لەگەڵیدا نەبووایە، هێندە کاری تێنەکردمایە، بە هەرحاڵ ئەمە یەکێکە لەیادەوەرییە سامناکەکانی منداڵیم کە هەردەم ویستوومە لەدەقێکدا بەرجەستەی بکەم و بەتەواوی بچمە نێو ئەو پانتاییە زەینییەی کە زۆر نهێنی و پەنهانی ئەو زەمەنەو وێنەکانی ئەو رووداوەی لەخۆ گرتووە.

تا چەند ئەم یادەوەرییە سامناکە بووە مایەی ئەوەی کەدواتر هەوڵی گێڕانەوەی رووداوە جۆراوجۆرەکان لەرووی خولقاندنێکی نوێوە بدەن و چیرۆك لە دارِژگەو مەوداکانی خۆی بەرنەدەرو بەرگی حیکایەتی بکەن بەبەردا، هەروەك لەزۆرێك لە چیرۆکەکانتدا دەبینرێتەوە؟

**مەریوان هەڵەبجەیی**: ئەو رووداوە لە منداڵیمدا بەچاوی خۆم بەشێکیم بینی و بەشەکانی تریشی ئەوانەی کە لەنزیکترەوە ئاگاداری بوون، تا ئێستا بەشێوەی جۆراجۆر دەیگێڕنەوە، تا گەیشتۆتە ئەوەی لە گێڕانەوەیدا بەرگێکی ئەفسووناوی بەبەردا بکەن و زۆر نموونەی حیکایەتی تری نەگیرسانەوەی خوێنی کوژراوەکانی تێکەڵ بکەن، خوێن لە کولتووری ئێمەدا پانتاییەکی بەرفراوان

داگیردەکات، زۆر راڤەکردن لە خۆدەگرێت، ئەمە جگە لەوەی خوێن لەبەسەرهاتی کچەکەدا بەگژ رەنگی سپی کفنەکەدا دەچێتەوە، خوێناوی بوونی بەردەوامی کفنەکە، لەهەموو ئەو کاتانەی کە ئامادەبووان پێیانوابووە کە ئیدی جەستەکە خوێنی لێوە نایەت، بۆتە جێگەی پرسیارو دووبارەکردنەوەی کردەی شتن و کفنکردنی، تەنانەت پاش ناشتنیشی خەڵکانێکی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە بۆنی خوێن لەگۆڕەکەیەوە دێت، دواتریش کەسانێك پێیان وابووە، گژوگیای سەر گۆڕەکەی جیاواز لەگژوگیای سەر گۆڕەکانی تر سوور هەڵگەڕاون. بەهەرحاڵ وەك گوتم هەمیشە ویستوومە ئەو حیکایەتە بگێڕمەوە، بەڵام تا ئێستا جگە لەئاماژە پێدانێکی دوو سێ دێڕی لەچیرۆکی" پێخەفێك لەخوێن"دا نەچوومەتەوە سەری.

*لە ژمارە"576-577-578-579"ی "ئەدەب و هونەر"ی"کوردستانی نوێ""2008"بڵاوبۆتەوە.

-2-

ئامانج کەریم: ئەبیکور دەڵێت:" مەرگ پێوەندی بەئێمەوە نییە، کە ئێمە لێرەین مەرگ لێرە نییە کە مەرگیش لێرەیە ئێمە لێرە نین" ئێوە وەك خۆتان چۆن دەڕواننە ئەم گوتەیەو تێڕوانینتان بۆ مەرگ چییە؟

**یوسف عیزەدین**: "ئەحمەدی شاملو" لەمیانی ئەو چەند چیرۆکە جوانەی کە لەسەردەمێکدا نووسیوونی، لە زۆر شوێنیدا ئاماژەدان بەمەرگ یان راڤەکردنی دەبینینەوە. یەکێك لەو دیمەنانەی کو زۆر سەرنج راکێشە باسکردنێتی لەسەربازێکی زیندوو کەدواتر گۆڕەکەی هەڵدەدرێتەوەو دەبینرێت چۆن لەترساندا بەدەم و چنگ کفنەکەی هەلا هەلاکردووەو لەچ حاڵێکدا گیانی لەدەست داوە، لەکاتێکدا ئەگەر مردوویەك بەراستی مردبێت پاش مەرگی هیچ ناکات. لەچیرۆکێکی تریشیدا باس لەمردوویەك دەکات، کەپێش مەرگی وەسیەتی ئەوەی کردووە کەبەچەشنێك گۆڕەکەی بەرد رێژو چیمەنتۆڕێژ بکرێت، تا بەهیچ نەتوانێت بێتەوە ژیان. بەڵام ناشتنی زۆر پەشیمان دەبێتەوە لەوەسیەتەکەی و ئاوات بەوە دەخوازێت کەبیهێشتایە بەئاسایی بینێژن تاجەستەی شیکاربووی لەمیانی شتێکەوە بهاتایەتە نێو سووڕی ژیانەوە. لەزۆر کولتووردا پاش مەرگ رۆح بەدۆناودۆن دێتەوە بوون و زۆر تێڕوانینی تریش هەن کەمەرگیان پێ سەفەرە بۆ دنیایەکی تر کەهەرگیز تەواو نابێت و بێکۆتا حیکایەت لەخۆ دەگرێت. رەنگە مردن چوونە دەرەوە بێت لەو زەمەنەی کەتۆ بەئێستاو رابردوەوە دەبەستێتەوە، لەکاتێکدا مەرگ داهاتووی هەر یەکێك لەئێمەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەو رابردووەیە کەتۆ نایبینیت، چونکە تۆ لەوکاتەدا زاکیرەیەکت نییە بۆ بیرکردنەوە لەو رابردووە. بۆیە زیاتر مردن پێوەندی بەزیندووەکان و بیرەوەری و یادەوەرییەکانی ئەوانەوە هەیە. رەنگە ئەگەر کەسێك بەتەنیاو بەبێ ئاگاداری هیچ کەسێك لەشوێنێکدا ژیابێت و پاشان مردبێت، ئەوە ئەو کاتە نەژیان و نەمردنیشی ئەو مانایە ناگرێتە خۆی کە لەژیان و مردنی کەسێکی تری نێو هەر دەستەو گروپ و کۆمەڵێکدا بەرجەستە دەبێت. ژیان و مردنی دیناسۆرەکان و حیکایەتەکانیان، پاش دۆزینەوەی ئێسکەکانیان دەستی پێکرد. وردیلەترین زیندەوەری بەبەردبوو، لەبەبەردبوونیەوە حیکایەتی ژیان و مردنی دەست پێدەکات. بەبێ دۆزینەوەی پاشماوەی هەر شتێك کەپێشتر هەبووبێت، ناکرێت حیکایەتی ژیان و مردنی بزانین و لەبوون و نەبوونی ئاگاداربین. هەموو ئەمانەش ئەقڵ و گەڕان و بەدواداچوونی مرۆڤی گەرەکە، گیانلەبەرەکان هەر

بەغەریزە لەمەرگ هەڵدێن و هەوڵی مانەوە لەژیاندا دەدەن، بەڵام پاش مردنیان بێجگە لەمرۆڤ کەسی تر نییە توانای گێڕانەوەی حیکایەتی ژیان و مردنی ئەوانی هەبێت.

**ئامانج کەریم**: کەواتە بەبێ راڤەکاری و تێڕوانین و لێکدانەوەی مرۆڤ، ژیان و مردن جێگەی سەرنج نییەو زۆرر بەسانایی لنێو خودی سروشتدا بەڕێوەدەچێت؟

**یوسف عیزەدین**: تۆ بڕوانە هەردەم دوالیزمی مەرگ و ژیان هەبووە، چونکە مەرگی وەك تەواوبوونی هەموو شتێك پێ هەزمنەکراوەو نەیویستووە قبووڵی بکات، هەر لەراڤەکردنە میسۆلۆژی و ئایینی و فیکرییەکانەوە ئەو راستییە دەبینینەوە. "والتەر بینجامین" ئاماژە بەدوو جۆری ژیانەوەی پاش مەرگ دەکات کەیەکێکیان" ئوبەر لیبین"ەو زیاتر بەتەسەووری بەرجەستەکردنی زەینیی کەسە زیندووەکان، مردوو دەتوانێت لەژیاندا بمێنێتەوە. ئەوی تریشیان "فۆرتلیبین"ە، کە زیاتر پەیوەستە بەو مردووانەی کە لەپاش خۆیان شتێکیان جێهێشتووە، وەك ئەو نووسەرو بیرمەندانەی کە لەمیانی دەق و بەرهەمەکانیانەوە دێنەوە ژیان و دەمێننەوە. دیارە تێڕوانین و راڤەکاری نووسەران و بیرمەندان لەوبارەیەوە لێکچوو و هاوشێوە نین، هەریەکەیان لەدنیابینی خۆیەوە تێی دەڕوانێت، ئەگەر"ژاك دریدا" لەسەردەمێکدا پێی وابووبێت:" کەفێربوونی ژیان فێربوونی مەرگە"، ئەوە لەدواچاوپێکەوتنیدا ئاماژە بەوە دەکات کەفێری مەرگ نەبووە، چونکە هێشتاکە فێری ژیان نەبووەو لەوبارەیەشەوە دەڵێت:" من هیچ کاتێك فێری ژیان نەبووم"، دەبینین "دریدا" لەدوا ساتەکانی ژیانیشیدا، هێشتاکە خۆی بۆ مردن ئامادە نەکردووەو نایەوێت دەستبەرداری ژیان بێت و نیگەرانە بەوەی کەدەمرێت. لەکاتێکدا "بۆرخیس" بەپێچەوانەی"دریدا"وە بەبەختەوەرییەوە چاوەڕێی مەرگی کردووەو لەو رۆژەدا کەتێیدا مردووە، پێش ئەوەی زمانی لەگۆ بکەوێت گوتوویەتی:" ئەمڕۆ خۆشترین رۆژی ژیانمە" چونکە لای ئەو بەردەوامبوونی لەوەی کە لەهەموو رۆژێکدا هەر "بۆرخیس" بێت، ئەرکێکی زۆر قورسەو ئیدی لەوە زیاتر ناتوانێت وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی خودی ژیان لای ئەو دۆزەخەو پێی وایە"دانتی" لەوەدا بەهەڵەدا چووە کەڕستەیەکی سەر دەرکەی دۆزەخ دەکاتە نموونەی تەواوبوونی هەموو هیواکان، وەك لەڕستەکەدا هاتووە:" ئەی ئەو کەسەی کەدەچیتە ژوورەوە دەستبەرداری هەموو هیواکانت ببە". "بۆرخیس" پێی وایە دۆزەخ لەوێوە دەست پێناکات و ئەو دنیایەی تر هیچ دەرکەیەکی نییە، بەڵکو دۆزەخ خودی ژیان خۆیەتی و هەر لێرەوە ئێمە دەبێت دەستبەرداری هەموو هیواکانمان ببین.

**ئامانج کەریم**: بەپێی ئەو تێڕوانینەی "بۆرخیس" بێت، ئەوکات بەختەوەری وەك ساتەوەختێك دەکەوێتە کوێی هاوێشەی ژیانەوە؟ ئەمە جگە لەوەی بەڕای ئێوە، کردەی نووسین گەر بۆ ساتەوەختێکیش بێت نابێتە مایەی بەختەوەری؟!

**یوسف عیزەدین**: وەك"کیرکەگارد" ئاماژەی پێدەدات هیچ کاتێك ئەو کەسانە بەختەوەر نین، کەبیر لەرابردوو یان لەداهاتوو دەکەنەوە، چونکە بەختەوەر بوون لەساتەوەختێکدا قەتیس دەبێت کە ئێستایە، ئەو ئێستایەش هێندە ناخایەنێت، چونکە هەر بۆخۆی دەبێتەوە بەرابردوو. سەبارەت بەکردەی نووسینیش، من پێموایە ساتەوەختی نووسین، ساتەوەختی بەختەوەربوونی نووسەر نییە، چونکە ساتەوەختێکی جدیی خووڵقاندنە، هەربۆیە نووسەر لەوکاتەدا دوڕدۆنگ و نیگەرانە.

**ئامانج کەریم**: تاچەند بەمەبەستی هێنانەبوونی دەقێکی زیندوو، پێویستمان بەرۆچوونە نێو دنیای خەونەو پەیوەستی ئەم دووانە بەیەکترەوە تاچەند گرنگە؟

**یوسف عیزەدین**: دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی و تارادەیەك خەون بەو وێنەو دیمەن و هێماو سیمبۆلانە بناسرێتەوە کە لەکردەی خەون بینیندا لەزەینی کەسێکدا دەخووڵقێت، دیارە پاش بەئاگاهاتنەوەی زۆرێك لەوانەی کەخەویان بینیوەو بیریان دێتەوە، حەزی زانین و کەشفکردنی

نەزانراوەکانی نێو خەونەکانیان دەبێتە خەم و ئەودالّی گەڕان و دۆزینەوەیان دەکات، بەتایبەت ئەگەر خەونێك بووبێتە مایەی سەرسامی و هەژانێکی دەروونی. بۆیە گەر دەقێك لەخەونەوە هەڵقووڵابێت یان خەونێك لەدەقێکدا جێی بووبێتەوە یان دەقێك هەروەك ئەوەی خەونێك بێت بەرجەستەکرابێت و نەبووبێتە ئاوێنەی واقیع و بەشێوەیەك لەشێوەکان دنیایەکی خووڵقاندبێت، ئەوە بێگومان کەم تا زۆر سەرسامت دەکات و دەبێتە مایەی پرسیارو گەڕان و بەدواداچوونت.

**ئامانج کەریم**: زۆر لەنووسەران راڤەی کردەی خۆکوشتنیان کردووەو تەنانەت لەزۆر بەرهەم و دەقیشدا بە بەرجەستەکراوی دەبینرێتەوەو سەرباری جودایی تێڕوانین و مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا، ئێوە چۆن دەڕواننە خۆکوشتن؟

**یوسف عیزەدین**: خۆکوشتنی پڕ پەنهان و نهێنی جارجارەی نەهەنگەکان، زۆر بەماناترە لەخۆکوشتنی مرۆڤ، چونکە لەو جۆرە خۆکوشتنەدا نمایشی تێدا نابینینەوە کە بەپێچەوانەی زۆرێك لەخۆکوشتنەکانی مرۆڤ نمایشکردن لەخۆدەگرێت و مەبەست سەرنج راکێشانی ئەوانەی دەوروبەرە، جا چ وەك تۆڵەکردنەوە لەشتێك یان رەتکردنەوەی کەسان و پێکهاتەیەك، ئەمە جگە لەماهییەتی ئەو پەیامەی کەئەو کەسەی خۆی دەکوژێت مەبەستێتی دوای خۆی ئاوا بڕواننە ئەو هەڵوێستەی کەئەو نواندوویەتی، هەر بۆیە خۆکوشتن قسە زۆر هەڵدەگرێت و بەئاسانی راڤە ناکرێت و ئیمکان نییە لەپێناسەکردنێکی حازربەدەستدا جێی بکەینەوە، یان تەنانەت خۆی هەر تاریفێك بۆ خۆکوشتن رەنگە ئاستەم بێت، چونکە بەدەر لەو تاریفەی ئێمە هەیەو زۆرجار وەك رێگەچارەیەك پەنای بۆ دەبرێت، هەروەك ئەو نموونەیەی "بۆرخیس" سەبارەت بەهاوڕێیەکەی خۆی باسی لێوە دەکات، کە پاش تووشبوونی بەنەخۆشی کەنسەر خۆی دەکوژێت و "بۆرخیس"یش ئەن جۆرە خۆکوشتنە بەشتێکی ماقووڵ و راست دەزانێت.

**ئامانج کەریم**: هەرچەندە وەرگێڕان پردێکە بۆ گەیاندنی مەعریفەو کولتوورو ئەدەبیاتی میللەتانی تر بەیەکتری کەم تازۆریش وەرگێڕی کورد ئەو هەوڵەی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕییەکی بەرچاو دەبینرێتەوە لەوەرنەگێڕانی دەقی زۆرێك لەنووسەران، هەر بۆنموونە هەموو ئەوەی لەئەدەبیاتی تورکییەوە بۆ ئێمە وەرگێڕدراوە، لەدەقەکانی "نازم حیکمەت و عەزیز نەسین و یەشار کەمال و ئۆرهان پاموك" تێناپەڕێت. بەو پێیەی هەندێك بابەتتان لەزمانی تورکییەوە وەرگێڕاوەو خوێنەری ئەدەبیاتی تورکین، پێتان وایە ئەدەبیاتی تورك نووسەری زۆر لەوانە جدیتری تێدا بێت کەلەرێی وەرگێڕانەوە بەئێمە ناسێنراوە؟

**یوسف عیزەدین**: بەڵێ بێگومان، تۆ لەکاتێکدا ئایدیۆلۆژیستەکانی ئایدیۆلۆژیایەك بەچەشنێك هالە بۆ دەقەکانی نازم حیکمەت دروست دەکەن، کەزۆری خوێنەرانی پێچەواشە بووەو رەنگە پێیان وابێت کەئەو باشترین شاعیرێکە کەبەتورکی دەنووسێت. بەڵام دیارە وانییە، گەرچی ناسراوترین شاعیریانە لەرووی ریکلام بۆکردنی ساڵانێکی دوورو درێژەوە. لەکاتێکدا نەك هەر خوێنەری کورد بەڵکو تارادەیەك خوێنەرانی زمانەکانی تریش لەشاعیرانی وەك" ئۆرهان وەلی، نەجیب فازڵ، تەوفیق فیکرەت، عەلی پوسکولئۆغلۆ،مەتین ئەلئۆغلۆ، ئۆکتای ریفعەت، ئازاد زیا ئەرەن و زۆری تریان بێخەبەرن. دەبینین چەند ستڵێك لەمەوپێش"یونیسکۆ" فشاری خستە سەر حکومەتی تورکی بۆ یادکردنەوەی"نازم حیکمەت"و بەمەش جارێکی تر ناوی هێنایە ناوانەوەو فێستڤاڵی بۆ سازکراو شانۆییەکانی نمایشکراو سەرجەم کتێبەکانی چاپکرانەوەو ماوەیەکی دووروردرێژ بووە قسەو باسی میدیاو کۆڕو سیمینارەکان. ئەمە لەکاتێکدا زۆرێك لەشاعیرو نووسەرەکانی تری تورکیا، رەنگە زۆر لەو زیاتر بەدەست دەسەڵاتی تورکەوە ناڵاندبێتیان و هێندەی ئەویان زیاتر زیندانکردن و ناڕەحەتێتیان بینیبێت و دەقەکانیان زۆر لەوانەی"نازم حیکمەت" جوانترو جدیترین. بەڵام لەئەنجامی وەرنەگێڕانی دەقەکانیانەوە مەگەر هەر

خوێنەری تورك بیانناسێت و بیانخوێنێتەوە. بەرادەیەك شاعیرێكی وەك"تەوفیق فیكرەت" لەئەدەبیاتی توركیدا ناسراوە كەرەخنەگران بەردەوام خوێندنەوە بۆ دەقەكانی دەكەن و دەستنیشانی كاریگەری دەقەكانی لەسەر ئەدەبیاتی توركی دەكەن. رەخنەگرانی وەك"نەدیم گویرسەل"و"فەتحی ناجی"، رۆمانی"دەریا زیزبوو"ی"یەشار كەمال" بەشیعری تەمتوومان–ی ئەو دەشوبهێنن و پێیان وایە "یەشار كەمال" باكگراوندی مەعریفی ئەو شیعرەی لەنووسینی رۆمانەكەیدا بەكار هێناوە. بەڵام خوێنەری ئێمە بەناچاری كەباس هاتە سەر شیعری توركی، هەر دەبێت ئاماژە بەشیعرەكانی"نازم حیكمەت" بدات، كەزیاتر رەنگدانەوەی رووكەشیانەی ئایدیۆلۆژیایەك بووەو هیچ فۆرمێكی ئیستێتیكی و قووڵییەكی مەعریفی ئەوتۆ لەخۆناگرێت و ئاستەمە سەرسامت بكات، یان هیچ پرسیارێكت لادروست بكات، چەنكە خودی دەقەكانی وەڵامن. جا زۆرجار تەنانەت ئەو نووسەرو بیرمەندە دێرینانەی كەئێمە لەئێستادا دەیانناسین، خەڵكانێك لەو سەردەمەدا یان لەئێستادا رۆڵیان لەوەدا هەبووە كەبیانناسێنن. بێگومان زۆر نووسەری تر هەبوون كەلەبەر هەر هۆیەك بووبێت دەقەكانیان لەسەردەمی خۆیاندا نەناسێنراوە رەنگە دواتریش ئەو دەقانە فەوتابێتن. "ئۆرهان پاموك" راشكاوانە باس لەوە دەكات كەدەترسێت لەئلیندەدا نەخوێنرێتەوەو لەبیر بكرێت و نووسەرێكی زۆر ناسراوی سەردەمی عوسمانییەكان بەنموونە دەهێنێتەوە كەناوی"راسم جەمیل" بووەە لەسەردەمی خۆیدا زۆر ناسراوبووەو خوێنەری زۆر بووە، كەچی لەئێستادا خوێنەری تورك دەقەكانی ناخوێنێتەوەو زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو دەقانەیە كە لەكاتی خۆیدا خوێنەری نەبووەو نەخوێندراوەتەوە. دیارە قسەكردن لەسەر ئەدەبیاتی توركی زۆر لەوە بەرفراوانترە كەئێمە بتوانین لەم دەرفەتەدا بیخەینەروو، مەگەر بەخوێندنەوەی كتێبی"مێژووی ئەدەبیاتی توركی"ی"ئەحمەد حەمدی تانپنار"بتوانین تارادەیەكی باش لێی حاڵی ببین، كەخودی ئەو كتێبە چەندان نووسەری وەك"حیكمەت دیزدار ئۆغلۆ، بیرۆڵ ئەمیل، حلمی زیا ئویلكەت" لەبارەیەوە راوبۆچوونی خۆیان دەخەنەروو. ئاشكراشە بێجگە لە"یەشار كەمال، ئۆرهان پاموك، عەزیز نەسین"، زۆر رۆماننووسی تریان هەیە، كەهەندێكیان جگە لەو ژمارە خوێنەرە زۆرەی كەرۆمانەكانیان دەخوێننەوە، خوێنەرێكی جدی و وردبینیان هەیە. دەكرێت لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەرۆماننوسەكانیان بدەین وەك"خالیدە ئەدیب ئەدڤار، حوسەین رەحمی، راكم چاڵاپاڵاو، ئا.زیا كۆزانئۆغلۆ، ئۆرهان كەمال، رەجائی زادە ئەكرەم، ئۆغوز ئاتای". تا دەگاتە"بەدرەدین تۆپراك و ئەحمەد ئاڵتان". شایانی باسیشە" ئەحمەد ئاڵتان" یەكێكە لەو رۆماننوسانەی كەزۆر بەوردی رۆدەچێتە نێو وردەكارییە دەروونییەكانی كاراكتەرەكانی و بەشێوەیەكی ناوازە بەرجەستەیان دەكات و وەك تەوژمێكی نوێی نووسینی شیكاركاریی سایكۆلۆژی دەڕوانرێتە رۆمانەكانی. بۆخۆشی سەرسامە بەدنیای دۆستۆیەڤسكی و پێی وایە تەنها نووسەرێكە لەرێی بارە دەروونییەكانی خۆیەوە توانیبێتی رۆبچێتە نێو قووڵاییەكانی شێتی و بەسەلامەتی بگەڕێتەوەو لەدەقەكانیدا بەرجەستەی بكات. "ئاڵتان" یەكێكە لەو رۆماننووسانەی سەرباری ئەو خوێنەرە جدیانەی كەرۆمانەكانی دەخوێننەوە، لەئاستێكی جەماوەری بەرفراوانیشدا خوێنەری زۆرەو ژمارەیەكی خەیاڵی دوا رۆمانی بەناوی"فریودان" فرۆشرا، تاكار گەیشتە ئەوەی لەچاوپێكەوتنێكدا سەبارەت بەوە پرسیاری لێبكەن، ئەویش لەوەڵامدا ئاماژەی بەوەدا كەئەو ژمارە خەیاڵییەی كەئەوان باسی لێوە دەكەن بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی خوێنەواری توركدا مایەی پەژارەو خەفەتە نەك خۆشحاڵی، لەوەشدا ئاماژەی بەزۆرێك لەوڵاتە ئەوروپییەكان دا كەسەرباری كەمی ژمارەیان لەچاو توركیادا، بەڵام كتێبێكی جدی زۆر لەوە زیاتر خوێنەری هەیەو ژمارەیەكی زۆرتری لێدەفرۆشرێت.

ئامانج کەریم: ئەی سەبارەت بەو نووسەرە جیهانیانەی کە لەدنیای دەرەوەی ئێمەدا ناسراون و هێشتاکە خوێنەری ئێمە لێی بێئاگایە، کێن ئەوانەی ئێوە دەیانناسن، ئەگەر وەك ئاماژەپێدانێك هەندێکیان بەنموونە باس بکەن؟

**یوسف عیزەدین**: راستییەکەی نموونە زۆرن وەك رۆمانەکانی"دۆن دیلیلۆ"، یەکێك لەرۆمانەکانی کە دەمێك ساڵە خوێنەری دنیا لێی بەئاگایە رۆمانی"ئەکتەرەکان"ە، کە لەحەفتاکانی سەدەی پێشوودا نووسیوویەتی و تائێستاش بەردەوام چاپ دەکرێتەوەو خوێنەرێکی زۆریشی هەیە، "پامی و لی" کاراکتەری سەرکی رۆمانەکەن و گەر لەدەرەوە تێیان بروانیت هەست دەکەیت ژیانێکی سیمپاتیك و ئاسایی دەبەنە سەر، بەڵام لەپشت ئەوەوە دنیایەك بێ چارەیی و بێ ئومێدی دەبینیتەوە کەخودی ژیانی مۆدێرن بەسەر مرۆڤیدا سەپاندووەو ئیدی ئەو ژیانی هاوچەرخی ئەمریکییەکان، لەدیدگەیەکی راڤەکاری پرسیار ئامێزەوە دەکاتە بابەتی رۆمانەکانی. یان ئاگادارنەبوونی خوێنەری کورد لەنووسەرێکی وەك "سالینجەر" مایەی نیگەرانییە، ئەمە جگە لەزۆری تر هەر لە"سیباڵدو دۆنۆڤان" و "دۆنلێڤی" نووسەری "پیاوی زەنجەفیل". دەکرێت ئاماژە بە"کۆمەندەرێس"یش بدەین، کەیەکێکە لەرۆماننووسە ناسراوەکانی دنیاو خوێنەرێکی زۆریشی هەیە بەتایبەت لەئەمریکا. سەرەتا وەك وەرگێرێك لەیۆناندا ناسراوەو بابەتگەلێکی"فۆکنەر و کارسۆن ماکلێرس و لویس کارۆڵ و هێرمان میلڤیل"ی کردۆتە یۆنانی و دواتر وەك رۆماننووسێك ناسراوە، کەشێوازێکی زۆر سادەی لەنووسیندا هەیە، گەرچی لەپشت ئەوەوە قووڵایی و بەرینییەکی مەعریفی دەبینرێتەوە، "کولا" یەکێکە لەگچکە نۆڤلێتەکانی "کۆمەندەرێس" کەلەساڵی"1978"دا نووسراوەو تائێستا دەیان جار چاپکراوەتەوەو وەرگێردراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا، "کولا" کاراکتەری سەرەکی گچکە نۆڤلێتەکەیە، کە ژیانێکی رۆتینی دەباتە سەرو هەمیشە ئێواران پاش تەواوبوونی کاری بەشەمەندەفەر دەگەرێتەوەو لەیەکێك لەئێوارەکاندا ناسینی بەرێکەوتی"میمیس"، دەبێتە مایەی گۆرانی ژیانی و زۆر وردەکاری تر کەلێرەدا رەنگە نەکرێت بەتەواوی بیخەینەروو.

**ئامانج کەریم**: بەرای ئێوە ئەدەبیاتی جیهانی تاچەند کاریان کردۆتە سەر ئەدەبیاتی کوردی بەمانای کەشف و داهێنانی نوێ، یان زیاتر لاسایی کردنەوەو نەقڵ کردن بووە؟

**یوسف عیزەدین**: کاتێك بە"سیباڵد و دۆنۆڤان" دوگوترێت شێوازیان لەنووسیندا، یان فەزاو ئەتمۆسفێری دەقەکانیان لەدنیای نووسینی کافکا–وە نزیکە، مەبەست لەوە نییە کەبیرۆکەیەکی ئەویان وەرگرتبێت، یان لاسایی دەقێکی ئەویان کردبێتەوە، بەڵکو مەبەست لەکاریگەری دەقەکانی کافکا–یە لەسەریان. هەر بۆ نموونە"کۆڵم ماککان" سەبارەت بەرۆمانی" تەلیسکۆپەکەی شۆپنهاوەر"ی "دۆنۆڤان" دەڵێت:" فرانز کافکا–مان بیردەخاتەوە". لەئەدەبیاتی جیهانیدا نموونەی کاریگەری نووسەرانیان بەسەر یەکترەوە زۆرن، کەدواجار نووسەرە جدییەکان سەرباری بوونی کاریگەری، بەڵام شێوازو دنیابینی و ئیشکردنی تایبەت بەخۆیان هەیە، کەزۆرجار رەخنەگرانیش بەئاستەم ئەو کاریگەرییەیان بۆ دەدۆزرێتەوەو دەتوانن دەستنیشانی بکەن، هەروەك ئەو بابەتە رەخنەییانەی کەباسیان لەکاریگەری " فۆکنەر" لەسەر "مارکیز" دەکردو سەردەمانێك خوێنەرانی "مارکیز"یان پێوە سەقاڵکردبوو، بەڵام دیارە بەدەر لەبوونی یان لەنەبوونی کاریگەری " فۆکنەر" بەسەر "مارکیزە"وە، "مارکیز" بۆ خۆی دنیایەکی تایبەت و جودایە لەنووسیندا. یان کاریگەری"هەزارو یەك شەو" لەسەر "کۆلردج"و کاریگەری ئەویش لەسەر "بۆرخیس"، هەروەك خۆە ئاماژە بەوە دەدات کە لەنووسینی چیرۆکی "ئەویتر"دا پانای بۆ خەیاڵەکانی "کۆلردج" بردووە، بەتایبەت یەکێکیان کەباس لەکەسێك دەکات بەخەون سەفەری بۆ بەهەشت کردووەو لەوێ گوڵێکی دەدەنێ و کە بەئاگاش دێتەوە گوڵەکە لەدەستیدا دەبنێتەوە. جا سەیر لەوەدایە ئەم بیرۆکەی کە"

بۆرخیس" پێی وایە خەیاڵێکی "کۆلردج"ە، لەراستیدا یەکێکە لەچیرۆکەکانی " هەزار و یەك شەو"ەو تەنها جیاوازییەکەی لەوەدایە کە ئەو کەسەی لەخەونیدا سەفەر بەرەو بەهەشت دەکات، لەوێ سێوێك دەخوات و کەبەئاگا دێتەوە تامی سێوەکە لەدەمی دێت. ئاگادار نەبوونی "بۆرخیس" لەم چیرۆکە گەرچی " هەزارو یەك شەو"ی خوێندۆتەوە، جێگەی پرسیارە. گەر بڕوانینە ئەم نموونەیە دەبینین "کۆلردج" چیرۆکێکی بەدەستکارییەوە کردۆتە خەیاڵی خۆی و "بۆرخیس"یش بێئاگایە لەسەرچاوە ئەسڵییەکەی و گەر کەسێکی تریش ئەمە لە"بۆرخیس"ەوە وەربگرێت و ئاگادار نەبێت " بۆرخیس" پەنای بۆ "کۆلردج"بردووەو ئەویش لە"هەزارو یەك شەو"ەی وەرگرتووەو بوم چەشنە، ئەم هێنان و بردنە بەردەوام بێت، دواتر ئیشکالێکی مەعریفی دروست دەکات، چونکە لایەنی کەم دەبێت ئاگاداری یەکەمین سەرچاوەی بیرۆکەیەك بیت ئەگەر پەنات بۆ برد. جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی ئەسڵی ئەو بیرۆکەیەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا، "کۆلردج" خاوەنی بێت یان لە"هەزارو یەك شەو"ەوە وەرگیرابێت، رەنگە لەوەش کۆنتر بێت و وەك حیکایەتێك لەشوێنێکی تردا بیدۆزیتەوە. نەزانینی ئەسڵی ئەو بیرۆکەیەو مەعریفەیەی کەنووسەرێك لەئیشکردنیدا پێویستیەتی وەك ئەوە وایە پێت وابێت، گوتەیەکی "هیراکلیتس" کەسێکی تر گوتبێتی کەپاش هەزار ساڵ دوای ئەو ژیاوە، لەکاتێکدا ئەو کەسە وەك ئەوەی خۆی گوتبێتی، هەمان گوتەکەی ئەوی دووبارەکردۆتەوە. بۆیە دەبێت گومان بکەیتە دەرئەنجامێکی مەعریفی، تا بتوانیت هەمیشە لەگەڕاندا بیت بەمەبەستی کەشفکردن خۆت لەشتەکان بدەیت. دیارە جگە لەگاریگەری نووسەرانی ئەدەبیات لەنێو خۆیاندا، سەرجەم مەعریفەو کولتوورو بوارە زانستییەکانی تریش کاریگەرییان لەسەری هەیە. لەلێتۆژینەوەیەکی نووسەرێکی ئەڵمانیزانی وەك"ئوورپکۆیکدەن" بەناوی "ئەنیشتاین و کافکا" کاریگەری "ئەنیشتاین" لەسەر "کافکا" لەزۆر رووەوە دەخاتەروو. هەر لەروانینە کات و شوێن و زۆر شتی تر، "شوورەی چین"ی "کافکا"ش بەنموونە دەهێنێتەوە. شایەنی باسیشە کە"ماکس برۆد"ی هاوڕێی "کافکا"، "ئەنیشتاین"ی لەنزیکەوە ناسیوەو بابەتە زانستییەکانی ئەوی گەیاندۆتە "کافکا"، ئەمە جگە لەوەی "ئوورپکۆیکدەن" ئاماژەش بەوە دەکات کە"ئەنیشتاین" یەکەمین کتێبێکی لەساڵی"1905"دا بڵاوکردۆتەوە، لەکاتێکدا "کافکا" پاش دەساڵ لەو مێژووە"مەسخ"ەکەی نووسیوە و دیارە ئەو ئاماژەیەشی هەروا لەخۆڕانییەو مەگەر بەخوێندنەوەی بابەتەکەی تەواو لەمەبەستی بگەین. سەبارەت بەئەدەبیاتی کوردیش ئەوە وەك هەر ئەدەبیاتێکی تر، بێبەری نییە لەکاریگەری ئەدەبیاتی دنیا، نووسەرمان هەن توانیویانە لەمیانی خوێندنەوەو راڤەکردنێکی تەواوی شێوازو دنیابینی ئەدەبیاتێکی تایبەت، بەدنیایەك ئیزافەو جیاوازی و ناکۆکیی بەرچاوەوە، هەوڵی ئەوە بدەن لەئیشکردنێکی جودادا شتێك بەدەر لەنەقڵکردن و لاسایی کردنەوە بخەنەروو. هەشمانە تەنها دەتوانێت لاسایی بکاتەوە یان نەقڵی بیرۆکەو شێوازێکی ئەوان بکات و بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە، تەنانەت زۆرجار بەحاڵ لەگەڵ وەرگێڕاندا جیاوازە مەگەر سووکە دەستکارییەك کرابێت، یان هەندێ ناوی شوێن و کەسایەتی گۆڕدرا بێت و لەجێی ناوی تر دانرا بێت، یان پەرەگرافەکانی پاش و پێش خرابێت. وەك نموونەیەك لەم بارەیەوە دەکرێت ئاماژە بەشیعری"ئەبێ بەخشندە ملکەچ کات"ی"پیرەمێرد" بدەم، کەساڵانێك باس لەجوانی و فەلسەفەی ئەم شیعرەو توانای پیرەمێرد لەو بوارەدا دەکراو وەك وانەیەك لەکتێبی کوردی قوتابخانەکاندا کرابووە نموونەو لەقۆناغێکی خوێندندا دەخوێندراو دەبوو جگە لەئەزبەرەکردنی شیعرەکە، ماناکەیشمان تاوتوێ کردباو لێی حاڵی بووینایە. سەیریش دەبێت ئەگەر وەرگێڕێك وەك نموونەیەکی جوانی شیعری کوردی وەریبگێڕێت بۆ یەکێك لەزمانەکانی دەوروبەرمان، بەتایبەتیش بۆ زمانی تورکی. راستییەکەی کاتێك خەریکی خوێندنەوەی کۆمەڵێك شیعری کلاسیکی تورکی هەمەجۆر بووم، کەشاعیرەکانی زۆر پێش سەردەمی پیرەمێرد ئەو شیعرانەیان نووسیوە. لەنێو ئەو کۆمەڵە شیعرەدا دەقاو دەقی

شیعرەکەی پیرەمێردم بەرچاوکەوت بەتورکی، کەشاعیرێکی دەمێك ساڵ لەوەوپێشی تورك نووسیویەتی و لەمیانی ئەو شیعرەوە ئامۆژگاری یەکێك لەسوڵتانە عوسمانییەکانی کردووە، کەدەبێت ملکەچ بێت لەئاست مووچەخۆری خۆیداو وەك سوراحی سەرنەوی بکات بۆ پیاڵەو تادوایی شیعرەکە. بەحەقیقەت ئەمە رایچڵەکاندم و زۆر نیگەرانی کردم، نازانم بۆ دەبێت پیرەمێرد کارێکی وای کردبێت و چۆن دەبێت حیسابی بۆ ئەوە نەکردبێت کەبەرێکەوتیش بێت رەنگە لەرۆژگارێکدا ئەو شیعرە تورکییە بکەوێتە بەرچاوو بخوێنرێتەوە. بۆیە دەبێت ئەوەی کەدەیەوێت دەقێکی کوردی بگۆڕێتە سەر زمانێکی تر، زۆر وریا بێت و بۆ خۆی خوێنەرێکی باش و بەئاگای ئەدەبیاتی غەیرە کوردی بێت، ئەگینا رەنگە بەوەرگێڕانی دەقێکی کوردی کەخۆی نەقڵکرابێت، ئەدەبیاتی کوردی و دەقە جوانە وەرنەگێڕدراوەکانیش ناشرین بکات، چونکە خوێنەری غەیرە کورد تەسەوورێکی زۆر خراپی لا دروست دەبێت، ئەگەر تۆ دەقێکی لەو چەشنەی کەباسمان ك بکەیتە نموونەی ئەدەبیاتی کوردی. لەکاتێکدا سادەترین ئەدەبیاتی میللەتانێك پاش وەرگێڕانی لەدنیادا خوێنەری هەیە، ئەگەر بەگشتی لاوازیش بێت، چونکە مەبەستی خوێنەرانی دەرەوەی دنیای ئەدەبیاتێکی دیاریکراو، خوێندنەوەی خودی ئەو ئەدەبیاتەیە وەك خۆی، جا باکاڵ و کرچیش بێت مەرج ئەوەیە بەراستی نموونەی ئەو ئەدەبیاتە بێت کەئەوان مەبەستیانە بیخوێننەوە، ئاشکرایە ئەوان نایانەوێت ئەدەبێکی موزەیەف بخوێننەوە کە لاساییکردنەوەو نەقڵکردنی ئەدەبیاتی ئەوان بێت.

* لەژمارە"88–89"ی"رەخنەی چاودێر"ی رۆژنامەی"چاودێر"،"2007" بڵاوبۆتەوە.

–3–

**ئیدریس عەلی**: با لەوتەیەکی "پیتەر سلۆتەر دایك"وە دەست پێبکەین کە دەڵێت:" من لەژێر ئاسمانێکی تردا دەنووسم"، ئەمە لای ئێوە چیدەگەیەنێت؟

**یوسف عیزەدین**: ئەم گوتەیە بەپێچەوانەی تەسەوورێکی کۆنی مرۆڤ دەبینمەوە کە لەسەردەمێکدا پێی وابووە، ئاسمان گومەزێکە بەسەر ئەو پانتاییە جوگرافییەوە کە تێیدا دەگوزەرێت. راشکاوانە ئەم تەسەووره کاریگەری بەسەرکایە فیکری و مەعریفییەکاندا هەبووە هەروەك چۆن شوێن پەنجەی خۆی لەبیناسازیدا جێهێشتووە، هەر بۆنموونە دەکرێت گومەزی قەیسەرییە دێرینەکان، وەك دەرئەنجامێکی ئەم تەرزە تێڕوانینە ببینینەوە، لەکاتێکدا ئاسمان چاڵێکی بێبنەو ناکرێت لەگومەزێکدا بەرجەستەی بکەین. کاتێك پێت وابێت کە لەژێر گومەزێکدایت، ئاستەمە دووچاری نابزۆزی و سستی و دۆگما نەبیت، یەقینی بوونی ئەو گومەزە هەموو جۆرە خستنەرووی پرسیارێکی نوێ دەکوژێت، ئیدی هەموو دنیات لێدەبێتە قەیسەرییەکی سەرگومەزگیراوو بەناچاریش دەبیتە رێبوارێکی نێو گوزەرەکانی ئەو شوێنەی کە بەچەشنێك، تۆ وەك خۆت پێی نەیاریت. جابۆیە "پیتەر سلۆتەر دایك" لەژێر ئاسمانێکی تردا دەنووسێت، بەزمان و فیلۆلۆگیایەکی جیاواز گوزارشت لەوە دەکات کەدەبێت بگوترێت و باسی لێوەبکرێت. ئەمە جگە لەوەی "پیتەر سلۆتەر دایك" مەبەستیەتی بڵێت، من بەشێوەیەکی تەقلیدی نانووسم بەتایبەت ئەگەر سەرنجی بابەتە نووسراوەکانی بدەین، دەبینین کەسانێك کە بەدنیای فەلسەفەش ئاشنانین، دەتوانن بابەتە فەلسەفییەکانی بخوێننەوە، گەرچی هەموو شتێك لای ئەو جوداو جیاوازە لەوەی کەپێشتر خوێندوومانەتەوە. هەر لەخودی زمان و شێوازی نووسینەوە تادەگاتە چەشن و چۆنیەتی خستنەرووی تێزەکانی. ئەو مەبەستیەتی هەموو سنوورەکان ببەزێنێت، لەکاتێکدا دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کە"هەموو سنوورەکان لەهەناوی خۆماندایە"، وەك"رۆشێلا رانتەر" ئاماژەی

پێدەدات. ئیدی ئەم گوتەیەی "پیتەر سلۆتەر دایك" زۆر لەوە زیاتر قسە هەڵدەگرێت کەبتوانین لەم دەرفەتە دیاریکراوەدا وەڵامی بدەینەوە.

**ئیدریس عەلی**: ئەگەر خودی ئەو گوتەیەی"پیتەر سلۆتەر دایك" بگوێزینەوە بۆنێو دنیای چیرۆك و لەوێدا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، پێت وایە چیرۆکنووسانی پێش ئێوە توانیبێتیان لەژێر ئاسمانێکی تردا بنووسن؟

**یوسف عیزەدین**: دیارە قسەکردن لەسەر کایەیەکی فەلسەفی جیاوازە لەدنیای چیرۆك و چیرۆکنووسین، گەرچی تێکچڕژانێکی مەعریفی لەنێو کایە جیاوازکاندا دەبینرێتەوە. دەکرێت پاش خوێندنەوەی دەقێك، تەسەوورێکی فیکری یان دەرئەنجامێکی فەلسەفیمان لادروست بێت. بەڵام کەباس دێتە سەر خودی گوتەکەی"پیتەر سلۆتەر دایك" ئەوە راڤەکردنێکی زۆری دەوێت، بەتایبەت ئەگەر مەبەست گوێزانەوەی بێت بۆنێو کایەو بوارێکی تر، ئەو هەر وەك ئەوەی کەخۆی دەڵێت:"من پێشبینی رابردوویەکی تر بۆ فەلسەفە دەکەم"، رەنگە ئەم تەرحە بەلای کەسانێکەوە سەیر بێت و بپرسن و بڵێن چۆن دەکرێت پێشبینی رابردوویەکی دیکە بۆ رابردوویەکی زانراو بکرێت، چونکە خودی ئیشکالەکە لەزەمەندا دەبیننەوە، لەکاتێکدا "نیچە" دەڵێت:"تۆ کۆنترە لە–من–"، دیارە زەمەن یەکێکە لەو چەمکانەی کەدەکرێت لەزۆر گۆشەنیگای جیاجیاوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئاشکراشە هەر تێڕوانینێکی نوێ و جودا بۆ زەمەن، بەواتای خوێندنەوەیەکی نوێی بیری خودگەرایی دێت. گەر بڕوانینە ئەو تێڕوانینەی کەپێی وایە مرۆڤ پاش مەرگ و عەدەم، جارێکی تر دێتەوە بوون و لەدەرەوەی زەمەن ژیانێکی تر دەباتە سەر، جائاخۆ دەکرێت ئەو زەمەنە بەداهاتوو لەقەڵەم بدەین، یان تۆ بڵێی بکرێت و بڵێین ئەو زەمەنە تەنها پانتاییەکە لەزەینی باوەڕدارانی ئەو تێڕوانینەو هەردەم لەئێستای ئەواندایەو دابڕاوە لەرابردوو یان داهاتووی زەمەن. ئیشکالەکە لەوەدایە کەزەمەن بۆخۆی شتێکی پێناسەکراو نییە، هێندەی ئەوەی کەئێمە بۆخۆمان پیناسەیەکی بۆ دەدۆزینەوە. سەبارەت بەپرسیارەکەشتان رەنگە وەڵامەکەی لەگوتەیەکی"پەتلیمۆس"دا ببینمەوە کەدەڵێت:" هەر شوێنێك دەکەوێتە ژێر ئاسمانی تایبەتی خۆیەوە"، دیارە چیرۆکی کوردیش هەر هەمووی لەسەر شوێنێك رانەوەستاوە، تاتەنها ئاسمانێکی هەبێت. بەتایبەتیش کەئێمە وەك میللەتێك بەتەواوی تەسەوورێکی تەواوو کامڵمان لەسەر مێژووی خۆمان نییە، تەنانەت کەسایەتییە مێژوویییەکانیشمان بەتەوای ناناسین. نازانم ئەگەر"سمکۆی شکاك" ئەو سەرکردە کوردە ناسیۆنالیستە بێت هەروەك "کریس کۆچێرا" پێمان دەناسێنێت، ئەی چۆن پاساوی تاڵانکردنی "مەهاباد"ی بۆ بدەینەوە. بەرای"میهرداد.ئیزەدی" ئەو لەپیاوکوژێك زیاتر هیچی تر نییە، تۆ بڵێی بتوانین هیچ پاکانەیەك بۆ کوشتنی"مارشەمعون" بکەین و لەو کارە نەشیاوەی سمکۆ حاڵی ببین. بۆیە دەکرێت بەدەر لەو هالەو تەقدیس کردنەی کەسەبارەت بەکەسایەتییەکی مێژوویی دەخرێتەروو، خوێندنەوەو راڤەیەکی نوێمان هەبێت. لەبەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکی"لەخەوما"ی "جەمیل سائیب"دا شتێکی جیاواز لەباس و خواسی کتێبە مێژوویییەکان دەبینینەوە کەهەر سەبارەت بەهەمان ئەو سەردەمە نووسراوە. هەروەك چۆن "هەزارو یەك شەو"ە دیوێکی تری دنیای خەلیفەو سوڵتان و دەسەڵاتدارەکانمان پێ دەناسێنێت.

**ئیدریس عەلی**: بەهۆی سەفەرکردنت ماوەیەکی دوورودرێژ لەنووسین دابڕایت، پاشان بەرۆمانێك هاتیتەوە بەرچاوی خوێنەران، بەڵام ئەوەی کەهەستی پێکرا گۆڕانێك بەسەر فۆرمی نووسین و شێوازی زماندا هاتووە، ئەم گۆڕانە لەفۆرم و زماندا تاچەند پێوەندی بەبارودۆخی دەروونی و فیکری تایبەتی خۆتەوە هەیە؟

**یوسف عیزەدین**: پێموایە هەر کەسێك لەئێمە بەشێوەیەك لەشێوەکان موسافیرەو لەسەفەردایە، رەنگە زۆرجار ئەو سەفەرە تەنها سەفەرێکی رۆحی بێت. دیارە سەفەر تەنها گۆڕینی شوێنێکی

تۆبۆگرافی نییە بەشوێنێکی تر. ئێمە لەوەتەی هەین گوێبیستی حیکایەتی سەفەرەکانین، سەفەری ئەوانەی کە لەئێستادا مردوون، سەفەری پاڵەوانە ئەفسانەییەکان، سەفەری ڕۆح بۆ دنیایەکی ترو دەیان شتی تر. جا پێموایە هەموو جۆرەکانی سەفەر، گەر بۆ ساتەوەختێکیش بێت، دابڕانێك لەنێوان ئێمەو ئەو واقیعەی کەتێیدا دەژین دروست دەکات. هەر ئەوەندەی چووینە نێو فانتازیاو کەش و دنیای سەفەرەوە ئیدی تۆ تارادەیەك بوونەوەرێکی دابڕاویت بەهەموو ئەو شتانەی کەپێشتر لەگەڵیدا ژیاویت و مومارەسەت کردووە. سەفەر بەخەونێك دەچێت کە لەساتەوەختێکدا بەئاگا دێیتەوە هەست بەوە دەکەیت کەتەنیایت و لەو کات و شوێنەدا نیت کەپێشتر پێت وابووە لەنێویدایت، گەر بەراستیش لەشوێنیکی تری دنیادا بیت و بەفیعلیش سەفەرتکردبێت. چونکە هەمیشە ناچاریت بگەڕێیتەوە بۆ دنیای خۆت، ئەو دنیایەی کەلەنێو خۆتدایە، دنیایەك کەرەگ و ریشەکانی دەچێتەوە نێو کۆریدۆرەکانی منداڵی. دەکرێت بڵێم شتێك نییە بەتەواوی داتبڕێت لەهەموو ئەوەی کەبۆتە بەشێکی خەونەکانت، بۆتە بەشێکی بێئاگایت. دەکرێت ئەو جیاوازییانەی کە لەشوێن و جێگەیەکی تردا دەیبینیتەوەو هەستی پێدەکەیت، ئەو نامۆبوونەی کە ئێخەت پێدەگرێت تەنها ئیزافەیەك بێت بۆ پێشینەی تەسەووڕو تێڕوانینەکانت.

**ئیدریس عەلی**: زۆرێك لەنووسەرانی ئێمە بەتایبەت ئەوانەی کار لەسەر بەرهەمهێنانی دەق دەکەن، غوربەت و مەنفایان کردۆتە بابەت و کەرستە لەدەقەکانیاندا لای تۆش ئەم حاڵەتە تاچ ئاستێك ڕەنگی داوەتەوە، یاخود ژیان و کولتووری سروشتی جیاواز تاچەند کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی ماناو فۆرمی نوێ دەبێت؟

**یوسف عیزەدین**: مەنفا شوێن جێگەیەکی دیاریکراو نییە، هەروەك چۆن پێناسەو مانایەکی حازر بەدەستیشی نییە، مەرجیش نییە کاریگەرییەکی لێکچوو و هاوشێوەی هەبێت لەسەر ئەو نووسەرانەی کە لەمەنفادا دەژین. سەبارەت بەژیان و کولتوور و سروشتی جاواز و کاریگەریشیان، لە راستیدا تۆ بەخودی کولتووری کۆمەڵگەکەی خۆشت نەیار و نامۆیت، چونکە تۆ وەك خۆت تەنیایت، لەگەڵ هەر دابڕانێکیش مەحکومیت بەوەی کە ڕووبەڕووی دنیایەك دزێوی و ناشرینی شوێنە جیاوازەکان ببیتەوە، کەرەنگە کەم تازۆر فەرقیشیان هەبێت. بەڵام تۆ ئەگەر لەبەهەشتیشدا بژیت دواجار هەر بێزار دەبیت و هەوڵی هەڵهاتن دەدەیت. هەموو ئەو دیاردانەی کەسەرەتا پێی سەرسامییت، دواتر دەبێتە شتێکی ڕۆتینی و هێدی هێدی لێی بێزار دەبیت. ئیدی ئێمە بەگیانداری نێو سەدەفەکان دەچین، مەگەر تەنها لەنێو سەدەفەکانماندا ساتێکی ئارام بەرینەسەر، لەکاتێکیشدا دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کەهاتنە ناوەوەی تەنها یەك دەنکە لمیش بۆنێو ئەو سەدەفەی کەخۆمانمان تێدا حەشارداوە بریندارمان دەکات. سەبارەت بەوەی تاچەند کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی ماناو فۆرمی نوێ دەبێت، "ئۆرهان پاموك" پێی وایە گەر نووسەرێك هەموو ژیانی لەتەنها ژوورێکدا بردبێتە سەر، دەتوانێت لەمیانی باسکردنی ئە دنیا تایبەتەی خۆیەوە زۆر شتمان پێبڵێت، مەسەلەکە لەجدییەتی نووسەردا دەبینرێتەوە، ئەمە جگە لەدنیابینی و شێوازی دەربڕینی و ...

ئیدریس عەلی: قسە لەسەر ئەوەیە ئەو نەوە تازەیەی کەدەستیان داوەتە چیرۆکنووسین شێوە خەیاڵێکی شاعیرانە تەنانەت بەسەر زمان و جۆری دەربڕینیاندا زاڵەو ئەمەش بەخەوشێك لێکدەدرێتەوە، لەمبارەیەوە رای ئێوە چییە؟

**یوسف عیزەدین**: جا سەیر لەوەدایە کەفەیلەسوفێکی وەك"پیتەر سلۆتەر دایك" دادو بێدادیەتی بەدەست زمانێکی خاوەن گرامەری وەك زمانی ئەڵمانی و ناچارە بونیادی زمانە بنەڕەتییەکە تێکبشکێنێت و دەستکاری بکات و بەچەشنێك گوزارەکان بگۆڕێت کەنەکرێت خوێنەری ئەڵمان سەرسام نەبێت. بۆیە ناکرێت نەوەیەك بەناوی زمان و شتی لەو بابەتەوە گەمارۆ بدەیت و بەرەو دۆگما

و تاك رەهەندییان راپێچ بكەیت. هەروەك "بەختیار عەلی" دەڵێت:" دەبێت كۆتەكانی سەر ئەستۆی زمان كەمبكگەینەوەو سنووری حەرامەكان بچووك بكەینەوە". وەك ئاگادارن زۆرجار ئەو نەوەیەی كەلەهەوڵی نووسینی شتێكی جیاوازدایە، بەوە تاوانبار دەكرێت كە شارەزای زمان و رێزمانی كوردی نییە، لەكاتێكدا تا ئێستا ستانداردێك بۆ زمان و ئەو رێنووسەی كەزمانی كوردی پێدەنووسرێت چێنەكراوە، رەنگە بەشێكی زۆری گرفتەكەش لەخودی رێنووسەكەدا بێت، ئەمە جگە لەنەبوونی زمانێكی یەكگرتووی هاوشێوەی زۆرێك لەزمانەكانی تر. جا مەسەلەی زاڵبوونی خەیاڵێكی شاعیرانەو شیعرییەتی دەق ئەوە مەسەلەیەكی ترەو قسە زۆر هەڵدەگرێت، رەنگە لەزۆر حاڵەتدا نووسەرێك مەبەستی بێت ئیماژێك بگەیەنێتە خوێنەر، جا بۆئەو مەبەستە رەنگە شێوازێكی بەلاوە لەبارو گونجاوتر بێت لەشێوازێكی تر. "چیسترتون"دەڵێت:" دەتوانین خەیاڵ لەوە بكەینەوە كە رەنگە لەكۆتایی دنیادا درەختێك هەبێت بەشێوە بەدبێت". لێرەدا مەجهولێك لەبارەی وەسفی درەختەكە لەبەرچاوماندا بەرجەستە دەبێت، ئەگەر شتێكی تری گوتبا، ئەوە واتاكەی دەشێواندو دەبووە شتێكی تر.

*لەژمارە"729"ی"ئالای ئازادی""2007" بڵاوبۆتەوە.

-4-

**زانیار محەمەد**: چیرۆك دەیەوێت چیبكات؟ پەراوێزەكان بنووسێتەوە؟ راستییەكان بڵێت؟ مانای دیكە بەرهەمبهێنێت؟ چیرۆك ئەرك بەرهەمدێنێت؟ یان ئەرك چیرۆك دروستدەكات؟

**یوسف عیزەدین**: دیارە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ناچارین بگەڕێینەوە بۆ راڤەكردنی لایەنێكی خودی نووسین وەك گەمەیەكی دالەكان. ئەمە جگە لەهەوڵدان بۆخستنە رووی هەموو ئەو نهێنی و پەنهانانەی كەپاش گەمەی نووسین بەهەموو جوداكاری و جیاوازییەكانەوە لەنێو دەقدا خەفەو شاراوەیە، خۆدان لەگەمەیەك كەقەولە پێوەندییە سروشتی و ئاساییەكانی مابەینی شتگەلێكی دیاریكراو یان نادیاریكراو تێكبدات، قەولە دەستكاری پێوەندی نێوان نزیكبوونەوە و تەبابوونی رەگەزەكان بكات و ئەو چەمكانە هەڵبگێڕێتەوە كەتاكڕەهەندانە سەیر دەكرێن و چەندین شتی دیكەش. بۆیە كاتێك باس لەكردەی نووسین دەكەین دەبێت ئەوە لەپێشچاو بگرین، كە خۆمان لەقەرەی كردەیەكی ناجێگیر و پڕ گومان دەدەین. سەرەتا بۆئەوەی زۆر پەلنەهاوین و لەئاست وەڵامی پرسیارەكەدا بمێنینەوە، دەكرێت كەمێك لەو پێوەندییە بدوێین كەزمان و ئاخافتن لەگەڵ نووسین هەیانە، یان بەپێچەوانەوە، ئەگەر كۆڵەكەیەكی سەرەكی نووسین زمان بێت ئەوە خودی زمان لەبگرەو بەردەو پێكدادان  و ململانێدایە لەگەڵ ئاخافتن. یەكێك لەو پرسیارانەی كەهەردەم بۆتە جێی خواس و باس ئەوەیە كە ئاخۆ زمان و ئاخافتن كامیان پێش ئەویتریان دەكەوێت؟ یان گرنگی و كاریگەری هەریەكێكیان لەسەر ئەویتریان تا چ ئاستێك بڕ دەكات، یان پێوەندی ئاخافتن بەنووسینەوە و چەندین پرسیاری دیكە كەدیارە تاوتوێكردن و پەی پێبردن و پرسیاركردن لەبارەیانەوە بەشێكە لەبەرایی ئەو كردەیەی كەپێی دەگوترێت نووسین. كاتێك ئاخافتنی گوتاربێژێك راستەوخۆ بیركردنەوەو مەبەستی كەسەكە دەگەیەنێت لەوەی كەپێش وەخت مەبەستی بووە بیڵێت. بەڵام ئەمە لەنووسیندا وانییە و دەبێت بزانین نووسین چەند لەگەڵ دەربڕینی ناوەكی نووسەر دێتەوە یان چەند لێی دوورە، لەنووسیندا ئاخافتن نائامادەیە، بەڵام كاتێك دەڕوانیتە ئاخافتن بەتایبەت لەدەربڕینی گوتارێكدا دەبینیت بەنووسینەوە بەندەو نموونەی لێدەخوازێ و بەو شێوەیەش نووسین لەنێو ئاخافتندا خۆی دەپارێزێت

تەنانەت لەهەندێك حاڵەتدا خۆی بەرهەمدێنێتەوەو ئاخافتن دەكاتە شتێكی لاوەكی، رەنگە ئەمانەو زۆر شتی تر ئەگەر رووكەشیانە تێیبڕوانین، بەچەشنێكی تر بێنە پێش چاومان. بەڵام ئەوەی كەپێویستە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەكەتاندا بگوترێت ئەوەیە كە بەبێخۆدان لەهەموو ئەو گێرمەو كێشەیەی كەلە ئاستی جیاجیا و جۆراوجۆردا زمان و ئاخافتن و نووسین پێكەوە گرێدەدات، یان جیاوازییەكانی نێوانیان دەخاتەروو، سەرباری زۆر شتی تریش كەپەیوەستە بەنهێنی و پەنهانەكانی ئەوانەوە، ئاستەمە بەشێوەیەكی راشكاوانە و روون بتوانین باس لەكردەی نووسین بەگشتی و خودی نووسینی نێو ژانرە ئەدەبییەكان بكەین.

"رۆلان پارت" سیستەمی ریزكردنی دەفرەكانی نانخواردنی لەخوانێكی دیاریكراو بەئاخافتن و دابونەریتی خوانەكەشی بەزمان داناوە و بەپێچەوانەی"دی سۆسۆر"سیمۆلۆژیای كردۆتە بەشێكی زانستی زمان، چونكە بەبۆچوونی ئەو ئێمە لەهەموو جۆر و چەشنێكی ئاماژەكاندا زمان دەدۆزینەوە و هەر بەڕای ئەویش تێكست سوود لەچەمكی زمانی تاكەكەس وەردەگرێت.

بەڵام(جاك لاكان) بەچەشنێكی تر مامەڵە لەگەڵ زمان دەكات، پێیوایە نەست تەنها شوێنی غەریزەكان نییە، بەڵكو شوێنێكی تایبەتیشە بۆ ئاخافتن و زمان و بەڕای ئەو خودی نەست زمانێكەو بونیادی خۆی هەیە.

راشكاوانە دەتوانین بڵێین پێوەندی زمان و ئاخافتن و نووسین، پێوەندییەكی ساكار و سادە نییە بەڵكو تابڵێیت ئاڵۆزە. بۆ نموونە كاتێك تێورییەكی نووسراو دەچێتە نێو رایەڵەكانی ئاخافتنەوە و قسەو باسی لەسەر دەكرێت، یان كە دەبێتە گوتار و لەزمانی گوتاربێژەكانەوە دەخرێتە روو، بۆی هەیە زۆر لەتێكستە نووسراوەكە دووربكەوێتەوە و رەنگە لەگشتاندنیدا سەتحیبوون وسادەییەكی ترسناك لەخۆبگرێت، یان ببێتە شتێكی سامناك و زۆر جیاواز لەوەی لە تێكستە نووسراوەكەدا هاتووە، چونكە ئاخافتن ناتوانێت بەدەر لەخۆسەپاندنی بەسەرگوێگردا ئیدامە بەخۆی بدات. ئەو ئیختیارەی كە گوێگر هەیەتی زۆر جیاوازترە لە ئیختیاری خوێنەر، ئاخافتن لەكەشێكی خوولقێنراودا بەڕێوە دەچێت و زۆرتریش زیاد لەكەسێك ئامادەگی دەبێت. بەڵام خوێندنەوە كارێكی تاكەكەسییە و خولقاندنی كەشەكەش پەیوەستە بەخودی تاكەكەسێكەوە كەخوێنەرە، لەهەر كاتێكدا كەمەبەستی بێت دەتوانێت دەستی لێهەڵبگرێت و هەر كاتێكیش كەبیەوێت دەتوانێت بچێتەوە سەری.

دەقە ئاینییە نووسراوەكان سەرباری كۆنییان، ئاسان لێ تێنەگەیشتنیان، زۆری میتافۆر و سەجع و پەرەگرافی عەجایب و وشەو دێڕی سەیروسەمەرە و ئەو هەموو راڤەو تەئویل و شرۆڤەیەی كەبۆیانكراوەو بۆیان دەكرێت، ئەوەندەی لەنێو دووتوێی دەق و زمانی نووسیندا بمێننەوە رەنگە بەو شێوەیەی كەدێنە نێو ئاخافتن و لەمیانەی گوتارو وەعزەوە دەخرێنە روو، ترسناك نەبن. هەر بۆ نموونە كاتێك دەڕوانینە ئەزموونی میستیكی وسۆفیستیكیانەی سۆفییەكان، تا ئەو ئاستەی نەهاتۆتە نێو ئاخافتنەوە و لەنێو دنیای پەنهان و نهێنییەكاندا هەڵدەسوورێت، نەبۆتە هیچ گرفتێك و مەرجەعە شەرعییەكان دەستیان نەداوەتە دژایەتی كردنی، بەڵام كاتێك بۆتە بابەتی ئاخافتن و قسەو لەدنیای بوونی وەك ئەزمونێكی تایبەت، یان نووسراو هاتۆتە دەرێ، تووشی پێكدادان و رووبەڕووبوونەوەیەكی سەخت بۆتەوە، كە زیاتر بەكوژرانی زاتی موتەسەویف و موریدانی كۆتایی هاتووە. ئەگەر حەللاج بەنموونە بهێنینەوە دەبینین تەنها لەبەر ئەوە ناكوژرێت كە كتێبێكی وەك"تەواسین" ی نووسیوە، كتێبێكی تەنها دە لاپەڕەیی كەهەموو تەسەورە تەقلیدییەكانی ئاین سەراوژێر دەكات، بەتایبەتیش لەبەشی"تاسین ئەلئەزەل و ئەلئیلتیباس"دا توانیویەتی تراژیدیای ئیبلیس لەروانگەیەكی زۆر جیاوازەوە بخاتە روو، شایانی باسیشە ئەم نووسینەی حەللاج یەكێكە لەو نووسینە ناوازەو دەگمەنانەی كە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و رەنگە ئاستەمیش بێت بەسانایی بهێنرێتە نێو

زمانی ئاخافتنەوەو سادەبکرێتەوە، پەنهان و تەمومژێکی تێدایە کەدەتوانێت پارێزگاری لە پێکهاتەی نووسینەکە بکات، وەك "ولیەم ئەمبسۆن" یش دەڵێت:"تەمومژاوی بوون سەنگینە مادەم پشتگیری ئاڵۆزکردنی بیرۆکە دەکات". جا سەیرە ئاخافتن و قسەی کەسانێکە دەبنە گەواهیدەری لادانی حەللاج لەشەرعی ئیسلام، یان خودی ئاخافتنەکانی حەللاج و کەشفکردنی نهێنی ئەزمونەکەیەتی لەرێی وتووێژ و گوتنەوە، کە دەیگەیەنێتە ئەو چارەنووسە تراژیدییە، ئەمە جگە لەکەشفبوون و دەرکەوتنی راوبۆچوونەکانی بەتایبەت دەرحەق بەحەجکردن. ناکرێت ئەو راستییە لەبەرچاو نەگرین، کەخودی ئەفسانەی حەللاج تا ئەو ساتەی دەبێتە نووسین لەنێو ئاخافتندا دەمێنێتەوەو خۆیدەپارێزێت، دواتر دەبێتە بابەتی شیعری عەتار و ئیبن ئەلخەیر و رۆمی و حافیزی شیرازی و ئەوانی تر، واتە وەك ئەفسانەیەك باڵایی و تۆکمەبوونی خۆی لەنووسیندا دەدۆزێتەوە.

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە لە روانگەی میتافیزیکییەکانەوە هەردەم ئاخافتن دەخرێتە پێش نووسین، هەر خودی ئایینەکانیش لە قسەو ئاخافتنەوە هاتوونەتە بوون، جا ئەگەر ئاخافتنی خوداوەندەکانیش بووبێت لەگەڵ نێردراوەکانی، پاشتر بوونەتە نووسین، لەکاتێکدا نووسینە ئاینییەکان پاش بەسەرچوونی ئەو سەردەمەی کەبەبێ پرسیارکردن جێگەی قبووڵبووە، دەرکەکانی خوێندنەوەی راڤەکارییان لەنێو هالەی پیرۆزیدا کلۆمداوە و ئەوەی کەمەبەست بووە لەرێی ئاخافتنەوە واعیزو مورشیدەکان گەیاندوویانە، بەزاڵکردنی ئاخافتنیش مۆنۆسێنترالیزم بەرقەرار دەبێت. هەر بۆیە تەنها رێگەیەك کە کڵێسا دەیخاتە پێش "گالیلۆ" ئەوەیە کەپەشیمان بێتەوە لەتێزەکەی، واتە بەبەرچاوی خەڵکییەوە بڵێت زەوی بەدەوری خۆردا ناسوورێتەوە و تێورییەکەی خۆی بەدرۆ بخاتەوە، دیارە گالیلۆش وادەڵێت و لە مردن رزگاری دەبێت، لێرەدا دەبینین ئەو حەقیقەتە زانستییەی کە گالیلۆ پێی گەیشتبوو پێویستی بەئاخافتن و وەعز نەبوو، پەشیمان بوونەوەی خودی خاوەن تێورییەکەش هیچی لەمەسەلەکە نەگۆڕی. لە روویەکی تریشەوە کە دەڵێین قسەکردن و ئاخافتن، مەبەستمان ئەودەنگەیە کە لەنێو نووسیندا بوونی نییە. " ژاك دریدا" یەکێکە لەو بیرمەندانەی کەهەوڵی بەرجەستەکردنی نەبوونی دەنگ و بێدەنگی لەنووسیندا داوە یان بابڵێین پەی پێبردووە، تەنانەت لای ئەو نووسین دەبێتە یەکەمین تێرم و هەوڵی دۆزینەوەی نووسینەوەی پێش ئاخافتن دەدات، لەروانگەیەکی تەفکیکییەوە هەموو پێودانگە مەییوو و راوەستاوەکانی پێشووتر دەخاتە ژێر پرسیارەوەو هەوڵ دەدات زمانێك بونیادبنێت  لەدەرەوەی ئەلگۆی نووسینی فۆنیمی و ئەو چەشنە نووسینەی لەنێو ئاخافتندا دەردەکەوێت، ئەوەی  کەئەو کردی دژایەتییەکی بەرچاو بوو لەگەڵ بوونی سێنتەرالیزمی میتافیزیکی، کەخودی رۆژئاوا بەپێی ئەم میکانیزمەیە تا ئەمساتە وەختەش بەرێوە دەچێت. "ژاك دریدا" پێی وایە کەدەبێت نووسین لەنووسەرەکەی ئازاد کرێت تا رەهەندە دەلالی و مەعریفییەکانی بکەوێتە روو، بێگومان دەبێت کار بۆ کۆتایی هێنان بەو بێدەنگییە فیساگۆرییە بکرێت کەبەبێ پرسیارکردن ئەوەی پێی دەگوترێت قبووڵیەتی. ئەمە جگە لەوەی کەدەبێت بڕوانینە بوونی مرۆڤ لەدەرەوەی نووسین، زمان، تەنانەت ئاخافتنیش و لەلایەکی تریشەوە پێوەندی زمان و ئاخافتن و نووسین لەگەڵ دنیادا بخەینە ژێر پرسیارەوە و بەپێچەوانەشەوە. دەبێت هەوڵبدەین لەپێوەندی زمان بەتوندوتیژییەوە و پێوەندی توندوتیژی بەزمانەوە تێبگەین، ئەمە جگە لەتوندوتیژی زمانی نووسین وەك "ژاك دریدا" توندوتیژی لەنووسینەکانیدا دەباتەوە بۆ پێکهاتەی زمانەوانی زمانی فەرەنسی و بەکاربردنی ئەو زمانە لەلایەن ئەوەوە. لێرەوە ئەگەر بگەرێمەوە سەر پرسیارەکەتان ئەوە بەپێویستی دەزانم گوتەیەکی رۆماننووس" ئیبراهیم ئەلکەونی" بەنموونە بهێنمەوە کەدەڵێت:( ئێمە ئەو شتانە دەبینین کە نابێت ببینرێت و ئەو شتانەش نابینین کەدەبێت ببینرێت). لەمیانەی ئەم گوتەیەوە لایەنێکی تری کردەی نووسینمان بۆ دەردەکەوێت دیارە بەسەرجەم ژانرەکانییەوە ئەویش بینین و نەبینینە، بینین و

نەبینیش لە ئاخافتندا یان نووسیندا لەرێی زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت و ئەمیش بۆ خۆی لایەنێکی جەنجاڵی تری پرۆسێسی نووسینە. "ئۆڤید" شاعیرێکی رۆمانی بووەو لەسەردەمی ئیمپراتۆر"ئەگستس"دا ژیاوە سەبارەت بەنووسین دەڵێت:" نووسین وەك سەما وایە لەنێو تاریکیدا"، ئەمە جگە لەوەی کەدەڵێت:"نووسینەکانم ئەشکەنجەیاندام"، ئەم شاعیرە یەکێکە لەو نووسەرە بەدبەختانەی کەبەچەشنێکی زۆر نالۆژیکی تاوانبارکرا بەوەی کە هۆکاری تێکشکانی سوپای رۆما بەرانبەر بەبەربەرەکان، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی شیعرە ئیباحییە سێکسییەکانی ئەو، هەر بۆیە شار بەدەرکراو دوورخرایەوەو نێردرایە شوێنێکی دوور لەمەدەنیەت، تا مردیش نەیانهێشت بگەڕێتەوە. لێرەوە جارێکی تر دەتوانین ئەوە ببینینەوە کاتێك نووسین دێتە نێو ئاخافتنەوە بەدەر لەکاریگەری راستەقینەی، هەردەم کەسانێك هەن دەتوانن لەمیانی ئەوەی کەدەگوترێت تەسەووری زۆر شتی تر بکەن، شیعرەکانی ئۆڤید لەوجۆرە نووسینانە نەبوون تەنها لەنێو دنیای نووسیندا بمێننەوە یان تایبەت بن بەخوێنەرێکی دیاریکراو، بەڵکو لەسەر زاری خەڵکی بوون و بەتەواوی چووبوونە نێو ئاخافتنەوە.

بۆ ناساندنی هەر ژانرێکی ئەدەبی، بەتایبەتیش وەك لەپرسیارەکەدا هاتووە چیرۆك، پێموانییە راستبێت بەپێی پێودانگ و تێڕوانین و کلێشەسازییەکی تەقلیدی وحازر بەدەست پەلبهاوین بۆ وەڵامدانەوەی، یان هەوڵ بۆ دۆزینەوەی پێناسەی ئیتمۆلۆژی و جۆرەکانی تری پێناسەکان بدەین. رەنگە من وەك خۆم نەمەوێت بزانم ئاخۆ چیرۆك دەیەوێت چیبکات، پەراوێزەکان دەنووسێتەوە، راستییەکان دەڵێت یان هەر شتێکی تر. رەنگە نەمەوێت هەر وەك چۆن تەسەوور و تێڕوانینێکی ئایینی لەپشت هەموو ئەو دنیابینییە میتافیزیکییەی کەدەبێت لەوێوە بڕوانێتە میتۆد و پرەنسیپی ئایینەکەی، کەچی دێت و هەموو ئەو دنیایە بچووك دەکاتەوە یان بابڵێین کورتی دەکاتەوە و لەنێو کۆمەڵێ دابونەریت و چەشنی جلوبەرگ و سیمگە و سیمبۆل و بونیادی پەرستگەکان و ئێکسسوارەکانی نێویدا جێی دەکاتەوە. رەنگە نەتوانم هیچ ژانرێکی ئەدەبی کورتبکەمەوە یان بچووکی بکەمەوە ئەمە سەرباری ئەوەی من جێگیرییەك لە کایە ئەدەبییەکاندا نابینم، ئەدەبیات دنیایەکی شلۆق و ناجێگیر و گۆڕاوی هەیە تەنها بەناو هێنان و ئاماژە پێدان ناگەینە مەغزای ئەوەی کەلە قووڵایی ئەدەبیاتدا دەگوزەرێ، تەنانەت ناوهێنانی ژانرێك بەناوێك و ئەویتر بەناوێکی تر جێی مشتومڕە، کێیە بەحیکایەت دەڵێت حیکایەت و بەچیرۆکیش چیرۆك، یان بۆ وای پێدەگوترێت. کاتێك گوێبیستی حیکایەتە سەرزارەکییە ناوازەکان دەبین ناکرێت سەرسام نەبین بەکارێك کەسەرچاوەی یەکەمین گێڕانەوەی نادیار و ونە، دەنگو سەدای گێڕەڕەوە بەراییەکانی نەزانراوە، دەبینیت لەو کاتانەدا چۆن دوای زنجیرە گێڕانەوەی یەك لەدواییەکی ئەو جۆرە حیکایەتانە دەکەوین، بەچەندین شێوە تەسەووری یەکەمین کەس دەکەین کەگێڕاویەتییەوە، حەز دەکەین بزانین لەسەرەتادا فلانە حیکایەت چیبووە، بۆ گوتراوەو دەیان پرسیاری تر کەبەدەر لەویستی خۆمان بەمێشکماندا دەگوزەرێت. مانەوەی ساڵانێکی دوور و درێژی ئەو حیکایەتانە لەدەرەوەی نووسین پرسیارمان لادروست دەکات، تەنانەت هەیانە بەئاسانی لەنووسینەوەیدا، خۆ بەدەستەوە نادات، مەبەستم لەو جۆرە نووسینەوەیەیە کەوەك چەشنێك لە گواستنەوە لەنێو دنیای ئاخافتنەوە بۆ دنیای نووسین بەکاردەهێنرێت. ئەو دەمە رەنگە ئەو چەشنە نووسینەوەیە بیکاتە شتێکی تر، لەکاتێکدا بەدەماو دەمکردن و سەفەرکردنیان لەشوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر بەچەندین شێوە گۆڕدراون و هەر دەشگۆڕێن، بەبێئەوەی بزانین چەند گۆڕدراون یان چەندی تر لەداهاتوودا دەگۆڕدرێن، یان هەندێ حیکایەت بەچەشنێك ماونەتەوە کەزۆرجار گومان دەکەین هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت. لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە زۆرێك لەم حیکایەتانە پاش نووسینەوەیان سیحری یەکەمجاری خۆیان لەدەست دەدەن و رەنگە لەروانگەیەکی میتافۆرییەوە بمرن، زۆرجار دەگەینە ئەوەی کەرەنگە ئەم حیکایەتانە خۆیان لەبنەڕەتەدا نووسرابێتن و ئێمە

بەنووسینەوەیان نووسینی یەکەمجار و بنەڕەتی ئەوانمان تێکدابێت، بۆیە لەخۆڕا نییە "دریدا" بەشوێن نووسینی بەرایدا دەگەڕێت، ئەو نووسینەی دەکەوێتە پێش نووسینەوە. هەست دەکەین زۆرێك لەو حیکایەتانەی کەماونەتەوە بەشێکن لە ڕۆحی راوییەکانی، یان ڕۆحی حیکایەتەکان بوونەتە بەشێك لەرۆحی راوییەکان. حیکایەت و گێرانەوە سیحرو تەلیسمی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەتمۆسفێر و تۆپۆگرافیای تایبەتیان هەیە، هەمیشە ئەوانن نەك هەر زەمەن وەك ئێمە لێی حالّیبووین تێپەڕدەکەن، بەڵکو دەتوانن نەفیبکەن و بیسڕنەوە، دەتوانن ئەودالّی گەڕانمان بکەن، خۆشییەکی بێکۆتامان پێبەخشن، تەنانەت لەگەڵمان بدوێن، یان وامان لێبکەن لەگەڵیان بدوێین. "عەقاد" دەرهێنەری فیلمی"پەیام" لەچاوپێکەوتنێکیدا باس لەوە دەکات چۆن لەدوا بەشی فیلمەکەیدا، ئەو بەشەی کە پەیامبەر دوا وەسیەت و وتەی خۆی بەموسڵمانان رادەگەیەنێت، نەیتوانیوە هەموو ئەو خەڵکە پێکەوە بخاتە گریان تا بەڕێکەوت لەیەکێك لەبازاڕەکاندا حیکایەتخوانێك دەبینێت کەبەتەواوی لەکاتی گێڕانەوەی حیکایەتەکانیدا گوێگران سەرسام دەکات و لەناخەوە دەیانهەژێنێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئەو حیکایەتخوانە رێکدەکەوێت لەرێی گێڕانەوەوە ئەو ژمارە زۆرەی ئەکتەران پێکەوە بخاتە گریان، دیارە وەك لەفیلمەکەدا دیارە ئەو حیکایەتخوانە چ توانایەکی هەیە و بەبێ ئەویش هەرگیز ئەو بەشەی فیلمەکە هێندە تراژیدی نەدەبوو. لەکاتێکدا حیکایەتخوانی بێتواناو حیکایەتی ناشرین و بێپێز، دەرفەتی مانەوەیان نییە و رەنگە نەشبووبێت و نەشبێت. بەلأم چیرۆکنووسی بێتوانا و چیرۆکی ناشرین و بێپێز هەبوون و دەشبن، لێرەوە زۆر شتمان بۆ رووندەبێتەوە تەنانەت پێبزانین یا نەزانین گەیشتووینەتە خالّێکی زۆر کریتیك لە جیاوازی ئەو دوو دنیایە، دنیایەك کەناچاری گوێگرتنت دەکات و دنیایەك ئەوەی دەیەوێت بیلّێت تێکستی نووسراوەو خوێنەر ئیختیاری خوێندنەوە یان نەخوێندنەوەی هەیە، لە حیکایەتدا حیکایەتخوان بوونی هەیەو بەبێ ئەو حیکایەت چێژی خۆی لەدەست دەدات، واتا ئەگەر کەسێکی بێتوانا لەهونەری گێڕانەوەدا بیگێڕێتەوە حیکایەتەکە سیحرو تەلیسم و جوانییەکانی خۆی لەدەستدەدات، کەچی لە چیرۆکدا خوێنەرە خۆی لەمیانەی خوێندنەوەوە چیرۆکەکە لەزەینیدا بەرجەستە دەکات و بەشێوەیەك لەشێوەکان نووسەر غائیبە و دەبێت غائیبیش بێت. "رۆلان پارت" دەق دەکاتە بنەمای سەرەکی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەدەبی، بیۆتیکا کاری بەوە نییە نووسەر مەبەستی چیبووە و بیری لەچیکردۆتەوە."پارت" لەکتێبی"پلەی سفری نووسین"دا ئاماژە بەنووسینەکانی هێمنگوای و ئەلبێر کامۆ دەدات لەو رووەوە کەهەوڵدانێکن بۆ نزیك بوونەوە لەنووسینی سپی یان نووسین لەپلەی سفردا، چ وەك سادەیی و چ وەك نزیکردنەوەی نووسین لەبێلایەنی و خەفەبوون و خامۆشی، بەلأم دیارە ئەمەش مەحالّە چونکە خودی ئەو جۆرە نووسینانەش دەبێتە شێوازێکی نووسین، ناشکرێت تەسەووری نووسین لەدەرەوەی شێواز و فۆرمێکی تایبەتدا بکەین. رووداني کردەی نووسینیش لەکایەو مەودایەکی زەمەنیدا ئیشکالێکی ترە، بەواتای پەیوەست بوونی بەمێژوویەکی دیاریکراوەوە، مێژوویەك کەخۆی جێگەی پرسیارە."فاسکیز" دەڵێت:(لەکاتێکدا ئەگەر پێوەندی نێوان چەشن و جۆرە جیاجاکانی کۆمۆنیتە یەك لەدوای یەکەکان لە رەهەندی زەمەندا، لەپێوەندییەکانی گردکردنەوەو کەڵەکەبوون زیاتر نەبێت، ئەوە هیچ جۆرە پێوەندییەکی راستەقینە لەنێوان ئەو کۆمۆنیتانەدا بوونی نامێنێت و لەگەڵ نەمانی ئەو پێوەندییانەش مێژوو بوونی نامێنێت). مێژوو ناشرینترین پانتاییەکە کەناچارین لەبارەیەوە بدوێین یان ئاماژەی پێبدەین، گەرچی وەك خۆی بوونێکی سەربەخۆی نییە ئەوە ئێمەین دەستنیشانی دەکەین، تەنانەت زۆرجار بۆی دەگرین، شانازی پێوە دەکەین، بیری دەکەین و زۆر شتی تر. سەیرم لەو نوووسەرانە دێت مێژوو بەو چەشنە دەبینن کەهەیە، واتە هەبوونێك کەلەدووتێی بەڵگەنامەو کتێب و دەستنووس و شوێنەوار و شتەکانی تردا ماوەتەوە، پێم سەیرە کەسێك بەڕاستی پێی وابێت بۆ نموونە"سەلاحەدینی ئەیوبی"

پیاوچاکە،ئازایە،قارەمانە و دەیان شتی تر، بەڵام نەزانێت ئەم پیاوە دەرئەنجامی نەدانەوەی خاچێکی مەسیحییەکان کەموسڵمانەکان لەشەڕدا دەستیانکەوتبوو، بووە مایەی سەربڕینی سێهەزار کەسی موسڵمان کەلای مەسیحییەکان دەستبەسەربوون، بەبێئەوەی هیچ باکی پێی هەبێت. بەلامەوە سەیرە کەسێك پێی وابێت سمکۆی شوکاك سەرکردەیەکی راستەقینەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردە، وەك ئەوەی کتێبەکانی مێژوو بەئێمەی دەناسێنن، بەڵام نەزانێت ئەم پیاوە شارێکی کوردنشینی وەك مەهابادی فەرهودکرد، پێچەوانەی هەموو داب و نەریتێکی میوانداری"مار شەمعون" ی میوانی کوشت و چەندین نموونەی تر کەتەنها لەچەتە دەوەشێتەوە، موزەیفی مێژوو یان زەیفی نووسینەوەی کتێبەکانی مێژوو لەرادەیەکدایە کە جێگەی پێکەنینە، ئەگەر بڕوانینە هەندێك لەو کتێبە مێژووییانەی ئێستا لەقوتابخانەکانی هەرێمدا دەخوێندرێت، دەستکاریکردن و هەڵگێڕانەوەی زۆر رووداوی نزیك دەبینیتەوە، جا چجای ئەو رووداوانەی کە ساڵانێکیان بەسەرداچووە، ئەمە جگە لەوەی جیاواز لە کتێبەکانی مێژووی هەموو دنیا، هەر کەسایەتی و زاتێکی سیاسی کەئاماژەی پێدراوە، بەتایبەت میرەکان بەوەسفی ئازایەتی و مەردایەتی و پیاوچاکیان دەستی پێکردووە، زۆر گەڕاوم لەیەکێك لەو کتێبە مێژووییانەی خۆماندا پیاوخراپێك ببینمەوە، یان هەر هیچ نەبێت لایەنە نێگەتیفەکانیانم بکەوێتە بەرچاو، بەڵام چنگم نەکەوت، هەرچی میرو بەگ و ئاغا و شێخ و سەرۆك خێڵ و هۆز و تیرەمان هەبووە و هەیە هەمووی پیاوچاکبوون . جا ئەدەبێکیش کەلەمرۆدا هەیە، بەشێکی کەمی نەبێت ئەگینا زۆربەی نەیتوانیوە سنووری ناشرینییەکانی مێژوو تێپەڕ بکات. بەڵکو هەر بەریتمی ئەو ناشرینییەو دووبارەکردنەوەی ئەوەی کەهەیە هەوڵی خۆسەپاندن دەدات. هەر بۆ نموونە رۆمانی"بەفر"ی "ئۆرهان پامووك" یەکێکە لەو رۆمانانەی کەتەجاوزی مێژووی سەردەستی پێناکرێت و ناتوانێت بەپێچەوانەی شەپۆلەکانەوە مەلەبکات و دەتوانین بڵێین توانی ببێتە یەکێك لەنووسینە ئەدەبییە ناشرینەکانی دنیا. بۆیە لەخۆڕا نییە نووسەرانی وەك کافکا و بۆرخیس، هەموو ئەوەی کەپێشتر هەیەو زانراوە لای ئەوان تووشی وەرچەرخان دەبێت دەگۆڕدرێت، سەبارەت بە ناجێگیری شوێن وکات، مێژوو، زەمەن و تەوزیفکردنی لەنووسیندا دەتوانین لە چیرۆکەکانی بۆرخیس–دا بەروونی بیبینینەوە. رەنگە بۆ ناسینی چیرۆك پێویست بێت پاش "ئێدگەر ئالن پۆ" بگەڕێینەوە بۆ لای بۆرخیس، ئەوکات زۆر شتمان بۆ کەشف دەبێت، بەو پێیەی تەکنیکێکی لوغزئامێز وگرێچنێکی دووبارە بۆوەی ناکۆتا بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی سەرسامی بەرانبەر بە بوون و زیندەگی، جدییەتی ئەو نووسەرە لەنێوەندی ناماقووڵی و نالۆژیکی شتەکاندا هەوڵدانێکە بۆ رامکردنی ئاستەم، یان سەلماندنی ئاستەم، سەیرە نووسین ببێتە هەوڵێك بۆ سەلماندنی مەحاڵ و ئاستەم، بگرە شتێکی جوانیشە بەتایبەت ئەگەر خۆت بدەیت لەئەرگۆمێنتە جەوهەرییەکانی ئیشکالییەتی سروشتی جیهان و مەعریفەو زەمەن و خود و زۆر شتی تریش. دەتوانین بڵێین هەموو ژانرە ئەدەبییەکان بەدەر لەماهییەت و پێناسە و پێودانگە تەقلیدییەکان، بۆ خۆیان پرسیارن، بۆ دەبێت هەبن، یان تا کەی دەبن و دەگەنە کوێ. ئاخۆ دەکرێت پۆلێنبکرێن و جیابکرێنەوە، یان ئەگەر لەروانگەیەکی لاکانییەوە تێیی بڕوانین ئاخۆ داواکارین، دیارە نەك وەك تێرکردنی هەندێك پێداویستی، بەڵکو وەك هێماکردنێك بۆ چەشنێك لەئامادەبوون و ئامادەنەبوون، ئەگەر نەڵێین لەبنەڕەتدا"بانگکردنی ئەویترە"ەو گەڕانە بەشوێن خۆشەویستیدا، یان تۆ بڵێی بتوانین بڵێین نوسین حەزە، دیارە وەك هیگڵیش سەبارەت بەحەز دەڵێت:(حەز حەزێکە لەحەزی یەکێکی دیکە، بەمانای حەزکردن لەدانپێداناني کەسێکی دیکە). یان ئەمانە هیچیان نین و شتێکی ترە، هەر بۆ نموونە وەك لای "سارتر" بۆ دەربڕینی قێزەو لای"کامۆ"هیچی و لای"بیکیت"بێهوودەیی.

**زانیار محەمەد**:چیرۆکەکان با لەخەیاڵەوە هاتبن و نووسرابنەوە، بەڵام ئاخۆ بەشێك نین لەدنیای ئێمە؟ یاخود چیرۆکەکان خاوەنی دنیایەکی سەربەخۆن؟

**یوسف عیزەدین**: کاتێك دوو کەس دەیانەوێت بیر لەیادەوەرییەکی هاوبەشی خۆیان بکەنەوە، ئەوە بێگومان بەپشت بەستن بەتوانای وەبیرهاتنەوە، رەنگە هەردووکیان هەمان یادەوەری هاوبەشیان بەهەمان شێوە بیرنەکەوێتەوە و نەکرێت هەردووکیان وەك یەك وبەهەمان شێوە و لەهەمان گۆشەنیگاوە بیهێننە پێشچاویان و لەزەینیاندا بەرجەستەی بکەن. ئەمە جگە لەوەی وەیادهێنانەوەی یادەوەرییەك کەمجار تەنانەت لای کەسانی ئاساییش وەك خۆی دێتەوە یاد، زۆر هۆکار هەن کاردەکەنە سەر پرۆسێسی وەبیرهێنانەوەو بیرکردنەوە لە هەر شتێك کەپێشتر روویدابێت، تەنانەت ئەگەرێکی زۆری تێکەڵکاری و لەبیرچوونەوە و ئاوێزانبوونی خەون بەیادەوەرییەکی ریالیتی هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر مەبەست بێت یادەوەرییەکە بگێڕدرێتەوە، ئەوا جارێکی تر بەویست یان بەدەر لەویستی ئەو کەسەی کەدەیگێڕێتەوە قابیل بەگۆڕان و تێکدان و پاش و پێشخستنە، دەکرێت بڵێین هەست و نەستی کەسەکە و زۆر هۆکاری سایکۆلۆژی رۆڵیان هەیە لەبیناکردنێکی سەرلەنوێی ئەوەی کەوەبیردەهێنرێتەوە. لەرۆژهەڵاتدا جیاوازی گێڕانەوەکان زۆر زیاترو بەشێوەیەکی بەرچاوتر دەکەوێتە پێشچاو، تەنانەت ئەو کاتانەی کەکۆمەڵێك کەس پێکەوە دەڕواننە رووداوێك. سەبارەت بەمە باسێك هەیە کەگوایە ئینتلیجنسێکی ئینگلیز لەیەکێك لەشارەکانی رۆژهەڵات، بەچاوی خۆی رووداوی کوشتنی زەلامێك دەبینێت، بەڵام دواتر هەر وەك ئەوەی رووداوەکەی نەبینیبێت کاتێك بەجیاجیا دەست دەکات بەپرسیاکردن لەو خەڵکانەی کە رووداوەکەیان بینیوە، دەبینێت هەریەکەی شتێکی جیاوازی لەویتر بۆ دەگێڕێتەوە، ئیتر هەیانە ئەوەندەی پێوە دەنێن کابرا سەرسام دەکەن، بەڵام پاش چەند رۆژێك کەدەپرسێتەوە سەیر دەکات، کار لەکار ترازاوە و رێك رووداوەکە بۆتە حیکایەتێکی خەیاڵی کە هیچ پێوەندییەکی بەراستی رووداوەکەوە نییە. ئەمە بۆخۆی نموونەیەکی ئاشکرایە لەحەزی شاراوەی مرۆڤ بەگشتی و  خەڵکی رۆژهەڵاتییش بەتایبەتی بۆ گێڕانەوە و تەنانەت گۆڕینی ئەوەی کەبەچاوی خۆی بینیویەتی، ئەمە لەکاتێکدا کەمەرج نییە دوو کەس یان چەند کەسێك، رووداوێکی ترسناکی دیاریکراو وەك یەکتر ببینن، ترس لەو حاڵەتانەدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بینین هەیە، سەرباری هەموو ئەوەی لەنێو کەسی بینەردا پەنهان و شاراوەیە، لەرووی سایکۆلۆژییەوە زۆر حاڵەتی سەیر هەیە هەر بۆ نموونە جۆرێك لە هەلوەسە هەیە وا لەو کەسەدەکات کەئەو حاڵەتەی تێدا بەدیدەکرێت، جەستەی خۆی بەدەر لەخۆی و لەحاڵەتی جووڵاندا ببینێت..."پاولۆ کۆییلیۆ" دەڵێت:(وەیادهاتنەوەی ساتەوەختێکی پڕترسی رۆژگارێکی بەسەرچوو بەسە بۆ ئەوەی کەوابکات لەگەڵ هاتنی هەر بەیانییەکی نوێدا هەمان رۆحی پڕ لەترس و تۆقین لەتۆدا دووبارە ببێتەوە). نابێت ئەو راستیەشمان لەیاد بچێت کەهەموو شتەکان وەك یەك لای کەسە جیاجیاکان مەئلوف یان نامەئلوف نین. ئەمە لەنێو شارستانیەت و ژیارە جیاجیاکانیشدا دەبینرێتەوە، یەکەمجاری بینینی شتەکان سیحرو سەیر وسەمەرەیی خۆی هەیە، تەنانەت هەندێ جار ترس و ترسناکییش لەخۆدەگرێت، ترسان وخۆ شاردنەوەی خەڵکی گوندەکانی زۆر شوێن کاتێك بۆ یەکەمینجار ئۆتۆمبیلیان دیوە، یان بەسەرهاتی ئەو ئاغایەی بۆ یەکەمینجار تفەنگی بنیوەو بۆ ئەوەی کە بزانێت بەڕاست مرۆڤ دەکوژێت لەسەر یەکێك لەپیاو ماقووڵەکانی خۆی تاقیکردۆتەوەو کوشتویەتی دواتر لەبەر سەیری ئەو شتەی کەبۆیەکەمینجارە دەیبینێت و شاگەشکەبوونی ئاگای لەوە نەماوە کەسێك لەبەردەمیدا لەخوێنی خۆیدا گەوزاوە. هەندێ شارستانیەت هەبوون زاناکانی لەسەردەمێکدا زۆر راستی زانستییان کەشفکردووە، کە لەئێستاشدا جێگەی سەرسامییە، بەڵام لەنێو خودی ئەو شارستانییەتانەدا لەو کاتەشدا جێگەی سەرسووڕمان نەبووە و ئاسایی بووە. هەروەك شارستانییەتی هندییەکانی باکووری هندستان و بەتایبەتیش لەسەردەمی گۆپتادا، زانایانی ئەو شارستانیەتە لەو کاتەدا و پێش هەموو زانایانی شارستانییەتەکانی تر، گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کەگەردوون بێکۆتایەو توانیویانە مەودای درێژی دەوری زەوی بخەملێنن

که هیچ جیاوازییەکی وای لەگەڵ پێوانەی ئەمڕۆدا نییە. تەنانەت هیندییەکان بەتایبەت باوەڕدارانی"شیڤا" یەکەمین میلەتێکن بگرە تائێستاش کەتوانیبێتیان وەك پێوەندییەکی دوولایەنەی ئاسایی بڕوانە پێوەندی سێکسی ژن وپیاو و هەرگیز سێکس کردن وەك تاوان و گوناه سەیر نەکەن و هچ جۆرە وشەیەکی وەك زینا و فاحیشەو هەموو ئەو وشانەی بۆنی نێرسالاری لێدێت لەفەرهەنگ و زمانیاندا نەبێت، جیاواز لەهەموو کولتوورەکانی تر سێکس لای ئەوان کارێك نییە بۆ زەلیلکردنی مێینە، یان بۆ بەزەلیل بینیی مێینە. ئەگەر ئێمە وەك نامەئلوفێك بڕوانینە ئەوەی ئەوان، بەلاَم ئەمە لای ئەوان شتێکی مەئلوفە، هەروەك چۆن تێڕوانینی نائاساییانەی ئێمە بۆ فێستڤاڵی"کاسیا جا" کە بەمەبەستی رزگاربوون لەشتە خراپەکان و دوورخستنەوەی تاریکی وەك هێمایەکی هێزە شەڕانگێزەکان، لەشەوێکدا هەموو باوەڕدارانی"شیڤا" مۆم دادەگیرسێنن، دەچنە سەر لوتکەی چیاکان و ئاگردەکەنەوە، نەگۆڕانی ئەم قەناعەتەشیان لەمڕۆدا ئەوەندەی تر ئەو کەشەیان و چەندین کەشی لەو چەشنە دەکاتە شتێکی نائاسایی.

بۆیە لەهەوڵی وەلاَمدانەوەی پرسیارەکەتاندا کە ئاماژەتان –دنیای ئێمە– داوە، دەمەوێت بڵێم ئەم دنیایەی ئێمە بۆ خۆی شوێنێکی نائاسایی و پڕ لەدنیایەك خورافات و ئەفسانە و سیحر و شەعوەزەو شتی لەو بابەتەیە، هێشتاکە چەندین درەخت و شاخ و رووبار و پەرستگەو نزرگەو مەزارو شوێنجێگەی بەناو پیرۆز لەدنیادا هەن و بەردەوام خەڵکانێکی بەژمارە یەکجار زۆر روویان تێدەکەن و هەموو ئەو گۆڕانکارییە مەعریفی و زانستی و فیکرییانەی کەلەدنیادا هەر لەسەردەمی رێنیسانسەوە روویانداوەو روودەدەن کاریان نەکردۆتە سەر زەینی هیچ کامێك لەوانەی کەئاستەمە باوەڕ بکەیت هێشتاکە ئەمانە سەرباری بوونی راستەقینەیان لەدنیای ئەمڕۆدا بەئەقڵیەتی کەسانی هەزارساڵ لەمەوپێش دەگوزەرێن، ئەمانە کەمینە نین بەڵکو رێژەی هەرە زۆری خەڵکانی دنیان، گلۆباڵیزم و میدیا و سینەما و تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ژانرەکانی ئەدەب و هونەریش لەخزمەت پاراستنی هەموو ئەو باوەڕ و تەقلیدە سەیر و سەمەرانەدایە. چی لەوە سەیرتر هەیە مرۆڤ بەبێگوێدانە ئەوەی لەدنیای مەعریفەو زانستدا دەگوزەرێت، هەڵگری چەندین خورافات و بیرۆکەی میسیۆلۆژی و قەناعەتی ئایینی سەیر و سەمەرە بێت، لەهەمووشتێکیش زیاتر برەوی پێبدرێت. وەرە تۆ بڕوانە مەرگ، لەکاتێکدا پرۆسەیەکی بایەلۆژی زۆر ئاسایی و حەتمییە، بەلاَم زۆرینەی خەڵکی دنیا سەرباری زانینی ئەوەی پەیوەستە بەمەرگەوە، کەچی هێشتاکە دەستبەرداری وەهم و خەیاڵی ژیانەوەی پاش مەرگ نەبوون، باشە بەچی بزانین ئێمە لەسەردەمی فیرعەنەکاندا یان سەردەمە بەسەرچووەکانی ئەو جۆرە تێڕوانینانەدا ناژین، بەچی بزانین دنیا گۆڕاوە و ئێمە لەچاخێکی تردا دەژین لەکاتێکدا ئاستی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ شتە هەستیارەکان هەمان ئاستی تێڕوانینی سەردەمانێکی بەسەرچوو بێت. تۆ بڵێی مانەوەی هەموو ئەوەی مرۆڤ پێش هەزاران ساڵ بەدەر لەلۆژیك و زانست و پێی گەیشتووە، لەئەنجامی ترسی مرۆڤ لە مەجهول تا ئەم ساتەوەختە مابێتەوە. رەنگە"باسکال" بەخۆڕا نەڵێت:( ئەوەی لەرزم لێدێنێت بێدەنگی ئەبەدیی فەزا ناکۆتاکانە). ئیدی زۆربەی ئەوەی لەمڕۆدا لەم دنیا بەناو مۆدێرن و میکرۆڤیزیۆنیەدا روودەدات، شتگەلێکی ناماقووڵ و عەجایبن، لەنێو جەرگەی رۆژئاوادا"ساتانیستەکان" پەیدادەبن و چەندین گەنجی خوێندەوار رادەکێشن و دواجار بەو پەڕی قەناعەتەوە ئامادەکرێن ببنە قوربانی کەشێکی خورافی و سەرببڕدرێن، یان خۆیان بکوژن."ئیلۆهیم"ییەکان گروپێکی ترن و بەهاریکاری چەندین دەوڵەمەند بەتەمای دروستکردنی شوێنجێگەیەکی یەکجار سەیرن، بۆ پێشوازیکردنی"ئیلۆهیم" ئەودەمەی لەئاسمانەوە بەسەردان دەگەڕێتەوە سەر زەوی. ئەمانە باوەڕیان وایە پاش مردن "ئیلۆهیم"لەرێی کلۆنکردنیانەوە دروستیان دەکاتەوە، واتە تەنها ئەوانە دروست دەکرێنەوە کەسەر بەو گروپەن و دەتوانن جارێکی تر بژێنەوە، ئەندامانی ئەم گروپەش کەسانێکی نەخوێندەوار نین،

زووربەیان دکتۆر و ئەندازیار و خاوەن بڕوانامەن و لەسەرجەم وڵاتانی دنیادا نوێنەریان هەیە، کۆبوونەوەی تایبەتیان هەیە، سەما و کەشی سێکسییان هەیە، دنیایەك لایەن و هێز لەپشت کەوالیسەوە پشتگیریان لێدەکات، لەپشت هەموو ئەوەی ئەمانەو هاوچەشنەکانیان دەیکەن دنیاك شتی شاراوە و نهێنی هەیە. ئێمە لەرۆژگارێکدا دەژین تا بینەقاقای نغرۆی وەهم و خورافەیە، نغرۆی تیرۆر و کوشت و کوشتارێکی بێ وێنەیە، تەنانەت گوتەکەی"دۆرکهایم"یش بەدرۆ دەخاتەوە کەدەڵێت:(لەگەڵ پێشکەوتنی پرۆسەی شارستانیبوون ژمارەی کوشتن کەم دەبێتەوە و روو لەکەمبوونەوە دەکات لەپێناو). بەڵام ئەمە وەك ئێمە لەئێستادا دەیبینین کەی وایە، ئەمە جگە لەوەی پرۆسەی گۆڕانی دنیا لەلایەن زلهێزەکانەوە پرۆسەیەك نییە حیساب بۆ تاکە کەس و مافەکانی مرۆڤ و ئەو شتانەی تر کەهەرخۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن بکات. بەناوی گۆڕینی دنیا و میللەتانەوە رەئیس عەشیرەت و هێزەکانی جەهل و داکۆکیلێکەرانی چاخە تاریکەکان و جەللادەکان و دەیان هێزو لایەنی ناشرینی تر، لەجێی جەللادەکەی تر دادەنێنەوە و ئەوەی گورزی کوشندەی بەر دەکەوێت کەسە ئاساییەکانن، ئەو کەسانەی ئەندامی پێکهاتەی هۆز و تیرە و خێڵ و دەستە و تاقمە ئایینییەکان نین، ئەوەی گورزی بەر دەکەوێت خەڵکێکی خوێندەوارە، کەدەبێت لەمەو دوا بەپێی دڵی دنیایەك گەورە پیاو و گروپ و تاقم هەڵسوڕێ، بیربکاتەوە، بنووسێت. ئەمەیە ئەو دیموکراسیەتەی کە پێشتر بانگەشەی بۆ دەکرا، ئەمەیە گلۆباڵیزم لەجێی دیکتاتۆرێك سەدان دیکتاتۆری بچکۆلەت بۆ دروست دەکات، لەجێی ئەوەی مرۆڤەکان لەزیندانەکاندا بکوژرێن، لەپەناو پاسارەکاندا دەکوژرێن و هەر کەسیش نازانێت چۆن کوژراون، ئەمە ئەو دنیا نوێیەیە کەبەناوی ئازاکردنی ئافرەتانەوە، لە پێودانگە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان، بەناوی رزگارکردنی لە خێزان، باوك،برا،مێرد، دەیکاتە بوونەوەرێك کەلەهەموو شوێنێکدا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بێت پەلامار بدرێت، بفرێندرێت،دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەر و هەر ئەم دنیایەشە دەیکاتە بابەتی فیلمە سێکسییەکان. دیارە هەر ئەم سیستەمەی ئێستای دنیاشە دەیەوێت بەتەواوی خۆشەویستی مابەینی مرۆڤەکان نەهێڵێت، بۆ هەموو شتێك ئەڵتەرناتیڤێکی موزەیەف بدۆزێتەوە. خودی ئەو سیستەمەی کەئێستا حوکمی دنیا دەکات پێویستی بەزۆرترین ژمارەی کوژراوە، پێویستی بەبوونی تیرۆر و تیرۆریستانە.لەم هەموو جانجاڵی و ئاشووبەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کەکردەی نووسین هەر لەم دنیایەدا دەگوزەرێ، بەو مانایە نا کەدەبێت ببێتە ئاوێنەی ئەم واقیعە ناشرینە، بەو مانایەنا کەدەبێت وێنەیەکی فۆتۆگرافی واقیعمان پیشان بدات، کەس پێویستی بەبینینی دەقاودەقی هەموو ئەو شتانە نییە کەلەدنیادا روو دەدات، میدیاکان بەزیادەوە ئەمە دەکەن، بگرە بەدووبارەکردنەوەی چەندین جارەی وێنەی کوژراو و لاشە پارچەپارچەکراوەکان و دیمەنی کوشتارگەکان، هەموو ئەمانەیان کردە شتگەلێکی ئاسایی و مەئلوف. ئەمڕۆ دنیا هێندەی گەورەبوونی هەوڵی بچووك بوونەوە دەدات، هێندەی قەرەباڵغ بوونی هەوڵی خۆچۆڵکردن دەدات، هێندەی زۆربوونی هۆکارە تەکنەلۆژییەکانی بینین و وێنەگرتن و وێنە پیشاندان، هەوڵی نەبینین و سڕینەوەی وێنە جوانەکان و پیشان نەدانیان دەدات. کاتێك"پیتەر زلۆتەر دایك" دەڵێت:(من سەر بەو گروپە فەلسەفییەم کەگاڵتەجاڕی دەنووسمەوە). بەخۆڕایی واناڵێت و هەروەها سەرپێیش خۆی لەکایەناسی و گلۆباڵگەرایی نەداوە. بۆیە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمڕۆ ئێمە لەدنیایەکی ترسناك و درێودا دەژین، دنیایەکی بێلەنگەر و ناهاوسەنگ و نابەرابەر، دنیایەك زۆر ترسناکترە لەو جەنگەڵەی مرۆڤی بەرایی تێدا ژیاوە. بەڵام هەموو ئەوەی کەلەبارەی دنیاوە دەیزانین و دەیبینین، یان راڤەی دەکەین و لێیوردەبینەوە، هەموو ئەو لۆژیك و سنوورانەی پێشکردەی نووسین هەن، لەئاست موجازەفەی نووسەرێکدا بۆ کەشفکردنی مەجهول و خستنە رووی نەزانراوەکان دەستەوسانن. پێموایە نووسەری جدی جا لەهەر ژانرێکی ئەدەبیدا خۆی تاقیبکاتەوە، وەك کەسێکی ئاسایی ناڕوانێتە فۆرمالیتەو

ناوەڕۆکی شتەکان، بەسادەیی ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ریالیتەو ئیماژی حەقیقەتی شتەکان بکات وەك ئەوەی هەن، ئەگەر وابن ،چونکە خودی حەقیقەت وەك چەمکێك یەکێکە لەچەمکە هەردەم ناجێگیر و شلۆقەکان. ئاشکرایە ونبوونێك یان وێڵبوونێك لەکردەی نووسینی ئەدەبیدا هەیە، تەنانەت زۆرجار دەستەوسانی و بێهوودەییەکی قووڵ ئامادەیی هەیە کەدواجار خوێنەر دەباتەوە بۆ نێو پاساژە تاریك و ترسناکەکانی ناخ. ئەدەبیاتێك کەبەگشتی جوانی دەبەخشێت، کار لەتۆپۆگۆافیایەکی خەیاڵیدا دەکات کەزەمەن، شوێن و هەموو شتە نەویستراوەکانی تێدا فەرامۆش دەکرێت. نووسینە جوانەکان تەلیسم و سیحر و ئەتمۆسفێری تایبەت بەخۆیان هەیە، گەڕان و ئەودالبوونی تێدایە کە زۆرجار بەگەڕان و ئەودالبوونی سۆفییەکان دەچێت."شبلی"دەڵێت:(ئەمە مەجنونی بەنی عامیرە، ئەگەر لەبارەی لەیلاوە پرسیاری لێکرابا، دەیگوت من لەیلا–م، لە لەیلا–دا خۆی غایب دەکرد تا دیمەنی لەیلا بهێڵێتەوە، لەهەموو مانایەك غایب دەبوو بێجگە لەلەیلا و هەموو شتەکانیشی بەلەیلا دەبینی). لەقولاّیی ئەدەبیاتی جدی و جواندا، لەدەستدان و نەبینینەوەی شتێك یان شتەکان هەیە، کردەی نووسینیش وەك گەڕانی مەجنونە بەشوێن لەیلادا، عەشق و سەوداسەریی نووسەرە مەجنون ئاساکانە کەدەیانەوێت لەیلا–یەکی نەبوو بدۆزنەوە، یان دەیانەوێت لەیلا–یەك بدۆزنەوە کەئەوان پێیان وایە هەیە. بەبۆچوونی من بۆ رامکردنی جوانییەکی نەبینراو، دەبێت بەشوێن پێوەندییە نهێنی و پەنهانەکانی نێو شتەکاندا بگەڕێین، بەشوێن دۆزینەوەی خەیاڵێکی بێکۆتادا ئەودالّ بین، دوورکەوینەوە لەرۆتیناتی واقیع و هەولّ بدەین دنیایەك لەتاڵەهەوداکانی تیشك و تەم و شتە نەبینراوەکان بچنین، ئاشکراشە ئەگەر دروستکردنی دنیایەکی جیاوازی ئەدەبی لای نووسەرانی تەقلیدخواز و مۆمیاکراو و عەنتیکەو داوەڵەکانی دنیای بەناو رۆشنبیریی ئەمڕۆ وەهم بێت، ئەوە لای نووسەرانی موجازیف و موغامیری رێگە مەجهولەکان، نەبینراوەکان، کەشفنەکراوەکانی ئەدەبێك کەبیەوێت جوان و چێژبەخش بێت، خودی ئەم دنیا ئەدەبییە ناشرینەی ئەوان، واقیعێکە کەدەمێك ساڵە سەردەمی بەسەرچووە و بۆتە مۆدێلێکی یەکجار کۆن. ئەمە نەك هەر لای ئێمە بەڵکو لەدنیادا وایە، تەنانەت لەبواری هونەریشدا، دەرهێنەری بەتوانای جەزائیری"محەمەد ئەلئەخزەر حەمینا" خاوەنی فیلمی"بەسەرهاتی ساڵەکانی پشکۆ"، سەبارەت بەهونەری جەزائیری دەڵێت:" هونەری جەزائیری لەزەلکاودایە" ئیدی لای ئێمەش زۆر کەسانی وریامان هەن، ئەو زەلکاوە دەبینن کە ئەدەب و هونەری کوردی تێدا دەگەوزێت. ئیدی هەش بەسەر نێوەندی رۆشنبیری وڵاتێك کە پارەی خەیاڵی بۆ فێستڤاڵی بێمانا و یادکردنەوەی نووسەر و هونەرمەندە مۆمیاکراوە عەنتیکەکانی ئەدەب و هونەر سەرف دەکات، لەکاتێکدا هەموو ئەوەی کەلەگەڵیان نییە بەئەدیب و هونەرمەندان و نووسەرانەوە بەر نەفرەتی فەراعینەی بەناو رۆشنبیری ئەوان کەوتوون و دەکەون.

**زانیار محەمەد**:خەیالّ چی بەسەر چیرۆك دەهێنێت؟ ئاخۆ ئەوەی خەیالّ بەچیرۆکی دەکات، فیلّکردنێکی ئیستاتیکی نییە؟

**یوسف عیزەدین**: لەنێو زۆرێك لەحیکایەت و ئەفسانەکاندا ئاوێنەیەك هەیە دنیات پیشان دەدات، نەزانراوەکانت پێدەڵێت، ئامۆژگاریت دەکات، سەرباری زۆر شتی تر. ئەمە شتێکی خەیاڵییە، بەلاّم ئاخۆ سەیر نییە تەکنەلۆژیا لەمڕۆدا ئەم خەیاڵەی بەچەشن و شێوەیەك کردبێتە واقیع. یان کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ زۆرێك لەتێورییەکان، دەبینین چۆن پێشوەخت لەمندالّدانی یۆتۆپیادا دروست بوون، ئەگەر بمانەوێت لەچەمکی هیترۆتۆپیاکەی "میشێل فۆکۆ" تێبگەین، دەبینین بەتێڕوانینی نێو ئاوێنەیەك دەچێت کەکەسێك بەتێڕوانینی دەگاتە حەقیقەتی بوونی شتەکان و بەلاّم لەهەمان کاتیشدا نەبوونیان چونکە ناتوانێت تەجاوزی ئەو خاڵە بکات کە شتەکانی لەوێدا پیشان دەدەن. شێوان و شپرزەییەك هەیە لەزەینی مرۆڤدا، سڕینەوە هەیە، قەناعەتی نامۆ و سەیر هەیە، نازانم ئێمە چەند

دەتوانین قەناعەت بەمەسیحییەکی باوەڕدار بکەین کەمەسیح زیندوو نابێتەوە، یان ئەوەی کەلەبارەی قدیسە"ڤیرۆنیکا"ەوە باسدەکرێت راستی نییەو تەنها چیرۆکێکی خەیاڵییە، دیارە ناتوانین چونکە باوەڕیان وایە"ڤیرۆنیکا"ئەو ئافرەتەیە کەبەدەستەسرەکەی دەمووچاوی مەسیحی سڕیوەو وێنەی دەمووچاوی مەسیح لەسەر دەستەسڕەکەی ماوەتەوە. ئاخۆ ئەمانەو چەندین نموونەی تر، راستین، خەیاڵن، وەهمن، خورافەن، فێڵن. باشە خۆ ئەمانە لەلایەن ئایینەکانەوە بەناوی راستی و حەقیقەتەوە پێشکەشی خەڵکی کراون و خەیاڵێکی ئەدەبی نین، بەڵام لەرووبەکەوە خەیاڵێکی ئێستەتیکین بۆ جوانکردنی ئەو جۆرە باوەڕانە و شاردنەوەی ناشرینییەکانیان، ئەمە جگە لەوەی رەنگدانەوەی ئەو جۆرە خەیاڵاتە لەئایینەکاندا بۆ بەرگرتنە لەبیرکردنەوەو پرسیارکردنی لۆژیکی، چونکە باوەڕە ئایینی و خورافییەکان لەدنیای لۆژیکیدا ناتوانن بمێننەوەو تێك دەشکێن، دەبێت لەپشت ئەفسانەو خەیاڵات و خورافاتدا خۆیان بشارنەوە. بەڵام رۆژ بەرۆژ ژمارەی باوەڕدارانی هەموو ئەم شتانە لەزۆر بووندایە، لێرەدا نامەوێت باس لەوحیکمەتە بکەم کەلەپشت ئەم بەرەوپێش چوونەیاندا هەیە، ئەمە شتێکیش نییە تایبەت بێت بەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان، بڕوانە گروپی"داودییەکان"ی ئەمریکا، کۆمۆنیتییەکی سەر بەخۆیان هەیە بانگەشە بۆ فرەژنی دەکەن، منداڵانیان بەچەشنێك پەروەردە دەکەن کەهەمیشە بەرك و کینەوە بڕوانێتە دنیای دەرەوە و ئامادە بێت لەداهاتوودا بەرپەرچی سوپای بابل بداتەوە کە بەتەسەووری ئەوان لەهەر ئان و ساتێکدا بۆیان هەیە هێرش بکەنە سەریان، ئەمە جگە لەخۆشەکردنی منداڵان بۆ بەرگەگرتنی لێدان و ئەشکەنجە کەهەر لەمنداڵییەوە لەلایەن باوان و مامۆستا ئایینییەکانەی خۆیانەوە رووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەو زۆر شتی تریش سیمای هەوڵدانی ئەو گروپەیە بۆ دووبارەکردنەوەی مێژوو و دروستکردنەوەی توندڕەویی و دەمارگیرییەك بۆ بەگژداچوونی هەموو ئەوەی کە لەدنیادا هەیە، سەرباری خۆچەکدارکردن و مەشقکردن. لەکۆتاییەکانی سەدەی پێشوودا پاش پەنجاویەك رۆژ لەبەرگری باڵێکی سەر بەو گروپە، هێزە حکومییەکانی ئەمریکا توانیان بەرگرییەکەیان دابمرکێننەوە ئەویش پاش سوتاندنی ئەو کڵێسایەی کەلەنێویدا بوون و کوژرانی زۆربەیان. باشە ئەگەر دنیای راستەقینە پڕبێت لەدەیان نموونەی لەو چەشنە، پڕ بێت لەوێنەو پەیکەری سەرکردەو سەرۆکە خوێناوییەکان، پڕ بێت لەو هێمایانەی مرۆڤ زەلیل دەکەن، پڕ بێت لەو گوتار و وەعزانەی رۆح ژەهراوی دەکەن، پڕ بێت لەسەمای سیاسییەکان، وەك"میلان کۆندێرا" لەرۆمانێکیدا لە زمانی"بۆنتۆڤین"ەوە ئاماژەی پێدەدات و باس لەوە دەکات کە سیاسەتچییەکانیش لەپێناو گەیشتنە دەسەڵات سەما دەکەن، ئاشکراشە هەلوەسە و هستیریای دەسەڵات گرتنە دەست، دنیا وێران دەکات، دەنگ و رەنگی تاکەکانی کۆمەڵ دەگۆڕێت، چەندین داستان و ئەفسانە و حیکایەتی بوونی خۆیمان پێئەزبەرە دەکات، سەدان جار لەناوەوە تێکمان دەشکێنێت. بۆیە ئاخۆ سەبارەت بە خەیاڵی"بۆرخیس"لەچیرۆکی"یۆتۆپیای پیاوێکی ماندوو"دا، دەتوانین بڵێین فێڵە لەواقیع، کاتێك سەبارەت بەنەمانی دەسەڵات و حکومەتەکان لەزەمەنێکی یۆتۆپیایدا لەزمانی کەسایەتییەکی چیرۆکەکەیەوە، بەرانبەر بەپرسیاری"حکومەتەکان چییان لێبەسەر هات؟"،دەڵێت":(بەرەبەرە پشتگوێخران، حکومەتەکان داوای هەڵبژاردنیان دەکرد، باجیان کۆدەکردەوە، دەستیان بەسەر سامانەکاندا دەگرت، فەرمانی گرتنی خەڵکیان دەردەکرد، سانسۆریان دەسەپاند، ئیدی لەسەر زەوی کەسێك نەما گوێڕایەڵیان بێت، رۆژنامەکان دەستبەرداری بڵاوکردنەوەی هەواڵی کاربەدەستانی حکومەتەکان و وێنەکانیان بوون، هەر بۆیە دەبوو سیاسییەکان ئیشێکی شەریفانە بدۆزنەوە، هەندێکیان بوونە کەسی کۆمیدی و هەندێکی تریشیان بوونە بانگەشەخوازی ئیمانی باش).

زانیار محەمەد: بەگشتی چیرۆك لەسەرو واقیعەوەیە یان بەپێچەوانەوە، لەژێر تارمایی و سالاریی واقیعدایە؟

**یوسف عیزەدین**: ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەموو ئەو ناوهێنان و چەمك و زاراوە و ناوانەی کەلەگفتوگۆکەماندا بەکارمانهێنا، پێش ئەوەی هەر شتێك بن ناون، جا دەبێت پرسیار لەوە بکەین ئاخۆ ناو چەند لەنێو واقیعدایە یان لەدەرەوەی واقیع و دەبێت واقیعیش بۆ خۆی چیبێت. "هانیبال" و"کارتاجە" دوو ناون کەلەدووتوێی کتێبەکانی مێژوودا تێکەڵ بە کۆمەڵێك رووداو تائێستا ماونەتەوە. بەڵام چۆن ناوێك، ناوێك بەخۆکوشتن و ونبوونی هانیبال لەچیاکانی ئاڵپ_دا و رووخاندن و وێرانکردن و سڕینەوەی هەموو سیمایەکی ژیاری و کولتووریی"کارتاجە"بەدەستی رۆمانییەکان هەیەو ماوە. نەمانی"هانیبال"و سڕینەوەی تەواوی سیمای شارێکی وەك"کارتاجە" بەچەشنێك کەسەربازە رۆمانییەکان یەك ساڵی رەبەق خەریکی دەرهێنانی هەر بەرد و دارێك بوون کەپێشتر لەو شارەدا هەبوو، هۆکاری مانەوەی ئەفسووناوییانەی ئەو دوو ناوەن جیاواز لەهەر ناوێکی تر. بەڵام ئەمە تێڕوانینێکی سەرپێییانەو رووکەشیانەیە، کاتێك بتەوێت بیانهێنیتە نێو دنیای ئەدەبەوەو تەوزیفیان بکەیت. بەبێ تەجاوزکردنی تەلیسمی ئەو دوو ناوە وەك ئەوەی هەن، ناکرێت کار بۆ بینینی دیوێکی دیکەی شتەکان بکەیت. هەروەك چۆن بەبێ تەجاوزکردنی ناوی ژانرە ئەدەبییەکان، ناتوانین لەماهیەت و خەسڵەتەکانی تێبگەین، خۆزگە هەموو ئەوەی لەدنیای ئەدەبیاتدا دەگوزەرێ بێناو بووایە. کاتێك لەمابەینی دوو ناوی وەك چیرۆك و واقیعدا قەتیس دەبین، ناکرێت نەشڵەژێین، بەتایبەت کەپرسیارێکمان رووبەروودەکرێتەوە، چونکە هەر یەك لەئێمە وەك خۆی دەیان پرسیاری هەیە، نووسینی ئەدەبی هێندەی تێڕامان و بیرکردنەوەیە، زۆر لەوە زیاتریش بینینە، روانینە، کەشفکردن و گەڕانە. تەنانەت ئەمە نەك هەر لەئەدەبیاتدا بەڵکو لە هەندێ لەبوارەکانی تری نووسینیشدا هەر وایە، بەتایبەت بواری سایکۆلۆژی، بۆنموونە ئەوداڵبوونی هەندێك لە سایکۆلۆژیستە غەیرە رۆژهەڵاتییەکان بۆ دۆزینەوەی هێزو سیحری ئەو دێڕەی"تاریقی کوڕی زیاد" کەتوانی لەمیانەی گوتنییەوە ئیسپانیا داگیربکات سەرسامی کردم، ئەمە گەڕانەوەیەکی جوانە بۆ دۆزینەوەی پەنهان و نهێنییەکانی شکستی خۆرئاوا لەزەمەنێکدا، جا ئەم پیاوە پێش گوتنی ئەو دێڕە سیحرییەی گرەوی جەنگی پێبردەوە، شتێکی تری کرد، شتێکی بێوێنە ئەویش سووتاندنی هەموو کەشتییەکان بوو، هەر ئەمەش بوو چەکدارەکانی "تاریقی کوڕی زیاد"ی سەرەتا شڵەژاند و دواتر پاش زانینی ئەو راستیەی کەلەیەك رێگاچارە زیاتریان لەبەردەستدا نییە ئەویش سەرکەوتنە،سەرکەوتن. دەبینین چۆن ئەو جۆرە ئەقڵیەتانە دەیانەوێت، سەرەداوی بێهێزی و تێکشکانی خۆیان لەزەمەنێکدا لەکاریگەری دێڕێکەوە یان کردارێکەوە بەدەست بهێنن و زۆر بەجدییەتەوە کار بۆ کەشفکردنی ئەو هێزە شاراوەیە دەکەن، کە زۆر لەژمارەی چەکدارەکانی "تاریقی کوڕی زیاد " زیاتر و لەباڵایان بەرزتر و لەقەڵافەتیشیان گەورەتر بووە. ئەدەب بەبێ خوڵقاندنی فانتازیاو ئەتمۆسفێرێکی تایبەت ئاستەمە جوان بێت و توانای راکێشانی خوێنەری هەبێت، گرنگی فانتازیاش لەوەدایە ئەو جیهانەی کەدەیخوڵقێنێت وەك دنیایەکی راستەقینە و هەبوو دەیهێنێتە پێشچاومان، لەگەڵ ئەوەی جودایە لەلۆژیك و یاسا سروشتییەکان، چونکە فانتازیا وەك رەگەزێکی گرنگی ژانرە ئەدەبییەکان لۆژیك و یاسای خۆی هەیە. "ئەپتەر" دەڵێت:(لەقوڵایی فانتازیای گێڕانەوەی نوێدا، گومانێك لە شوێنی ئەو دنیایە هەیە کەحیکایەت بەرجەستەی دەکات، ئاخۆ ئەم دنیایە یان دنیایەکی تر، هەر ئەم پرسیارەشە وا لەهاملێت دەکات سەبارەت بەتارماییەکە نەزانێت، ئاخۆ وەهمە یان شەیتانە یاخود فریشتە، یان باوکە مردووەکەیەتی). خوێندنەوەی ئەدەبیاتی فانتازی موجازەفەی خوێنەری دەوێت، بۆ خۆدان لە پاساژ و میتافۆرەکان و گریمانە سەیر وسەمەرەکان و وەدووکەوتنی ئەوەی کەلەپانتایی پەرەگراف و دێڕەکاندا ئەندێشەکراوە و هاتۆتە بوون. دیارە دەبێت ئەندێشەکردن و وەهمیش جیا بکەینەوە، "کۆلردج" یەکێکە لەوانەی وەهماندن و ئەندێشەکردنی جیاکردۆتەوە، چونکە تۆ تەنها لەرێی ئەندێشەکردنەوە دەتوانیت دەقێکی ئەدەبی بخوڵقێنیت."دانتی"

فانتازیای بەخەونی ئەقڵ شوبهاندووە، خەون سەرچاوەیەکی بێکۆتایە، لەخەوندا تەجاوزی سیستەم و یاسا و ڕێساکان دەکرێت، هەروەك چۆن لەئەدەبیاتی جوان و جدیدا تەجاوزکردن تەوەرەی سەرەکییە. لەخەوندا ناشوێن و نازەمەن هەیە، بێباوەڕی هەیە، ترسان هەیە، دەنگ و سەداو دەنگدانەوە هەیە، سەفەری بێکۆتاو ڕکی بێسنوور و خۆشەویستی سەیر و سەمەرەی تارادەی تواندنەوە و سووتان و فەنابوون هەیە، خەونە کەئێمە دەباتە نێو وێڵگەکانەوە و ونمان دەکات."بۆرخیس"دەڵێت:(خەون داهێنانە، هەروەك چۆن بێداریش داهێنانە،بەڵام خەون هەمووی لەخودەوە دێت، لەکاتێکدا بێداری زۆری لەدەرەوە دێت و سەرچاوەکەی خود نییە، هەربۆیە جیاوازی جەوهەریی خەون و بێداری لەوەدایە، ئەزموونی خەون دەتوانیت خۆت بیخووڵقێنیت و دایبهێنیت چونکە لەخودەوە دروست دەبێت). کاریگەری واقیع لەسەر ئەدەب، تەنانەت ئەگەر جۆرە ئەدەبێك هەوڵیش بدات واقیع وەك خۆی بخاتە ڕوو، بەڵام دواجار واقیعێکی گریمانکراوە، مەگەر لەهەندێ قوتابخانەی ئەدەبیدا کتوومت خۆی بێت. کاتێك"گریگۆر سامسا" دەبێتە قالۆنچە بۆ ئەوە نییە خوێنەر باوەڕبکات کە بەڕاستی ئەو بۆتە قالۆنچە. "کافکا" ئەم بنەما ناماقوڵە لۆژیکییەی بۆ کەشفکردنی دنیای ناوەوەی پاڵەوانەکە خستۆتە گەڕ، ئەگینا بوونی"گریگۆر سامسا" بە قالۆنچە بەبێ خستنە ڕووی ئەوەی پێشتر بەسەریدا هاتووەو ئەوەی دواتر بەسەریدا دێت هیچ مانایەکی نییە، لەکاتێکدا لەگۆڕانیدا هەموو یاسا سروشتییەکان پشت گوێدەخرێت کەچی ناتباتە نێو دنیایەکی ئەفسانەیی یان سیحریی بەڵکو لەم دنیایەدا دەتهێڵێتەوە، خۆی گرنگی ئەو دەقەش لەوەدایە.

**زانیار محەمەد**:لەچیرۆکی(بەسەرهاتی سەگێك لەسێبەرەکەیدا) حاڵەتی گەڕان هەیە، تەنانەت گەڕان بەدووی نهێنی ڕووداوەکانی ڕابردوودا، ئایا ئەم چیرۆکە ڕابردوو ئاشکرا دەکات لەپێناو دیتنی هەنووکەدا؟ یان هەنووکە هەڵدەوەشێنێتەوە بۆ ئەوەی لەڕابردوو بگات؟

**یوسف عیزەدین**: پێموایە ئاناتۆمیکردن و ئەنالیزی دەق لەلایەن خودی نووسەرەوە یەکێکە لەکارە سەختەکان، بگرە زۆرجاریش کارێکی بێمانایە،

"ژاك دریدا" گوتەیەکی جوانی هەیە سەبارەت بەنووسین کە دەڵێت:(دواجار هەموو ئەوەی کەنووسیوومانە ئیدی هی ئێمە نییەو لەئێمە بەدەرەوو بەدەر لەویست و خواستی ئێمە دەکەوێتە جووڵەو دەبزوێ..پاش نووسینی کتێبێك دەبمە تارمایی و هەروەك ئەوەی کەوون بوووبێتم، چونکە شوێنەوارێکم بۆ داهاتوو جێهێشتووە کەمن تێیدا مردووم). هەر لەم بۆچوونەی دریدا—وە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کەنووسەر پاش نووسین، بۆ خۆی بوونەوەرێکی ونبووە، تارماییە و چەشنی پێوەندی لەگەڵ تێکستدا دەگۆڕێت. پێم سەیرە هەن دەتوانن بەدووردرێژی باس لەکەسایەتی و ڕووداوەکانی نێو دەقەکانیان بکەن و تەنانەت بەرگریش لەکەسایەتی و ڕووداوەکانی نێو نووسینەکانیان بکەن و ڕەتی ئەوانە بدەنەوە کەبەپێچەوانەی تێڕوانینی ئەوان لەدەقەکانیان حاڵی بوون. من ناڵێم نووسەر بۆی نییە هیچ لەبارەی دەقێکی خۆیەوە بڵێ، بەڵام نەك ئەو چەشنە گوتنەی کەتارادەیەك لەئەدەبیاتی کوردیدا باوە، لەنووکەوە هەموو ئەوەی کەنووسیوویەتی وەك خۆی بۆت دەگێڕێتەوە، ئیدی شتێك لەباس و خواس و حیکایەتی چۆنیەتی نووسین و گینگڵدان و بگرەو بەرە ڕۆحییەکانی خۆشی تێکەڵ دەکات، شێلگیرانە داکۆکی لەهەموو ئەوە دەکات کەنووسیوویەتی، بەچەشنێك هەست ناکەیت باس لەدەقێکی ئەدەبی دەکات، دەقێك کەهەرچییەکی لەسەر بگوترێت ئاساییە، چۆن بخوێنرێتەوە ڕەوایە. هەندێ لەوچەشنە بەرگریانە بەرگری خاوەن موڵکێکت بیر دەخاتەوە لەموڵکەکەی، بەرگری بازرگانێکت بیر دەخاتەوە لە بارەکەی، بەرگری سیاسییەکەت بیردەخاتەوە لەحیزبەکەی. من خۆم وەك خوێنەرێك ئازادم لەوەی دەقێك چۆن دەبینم، ئەگەر گێڕۆدەی خوێندنەوەیم نەکات، کێشم نەکات، چێژم پێنەبەخشێت، وەك سەرەتایەك بۆ بەدواداچوونی مەگەر بەناچاری و بەزۆر بیخوێنمەوە، ئەگینا هیچ

وام لێناکات خۆم نغرۆی خوێندنەوەی بکەم. من وەك خوێنەرێك سەربەستم بۆ نموونە چۆن دیوانەکەی "مەحوی" دەخوێنمەوە، یان بۆ هەموو شیعرەکانی بەهی ئەو نازانم، بۆ نموونە ناکرێت باوەڕ بکەم، شیعری"ستایشی خودا"و"پاڕانەوە لەخودا" یەك شاعیر نووسیبێتی، یان بۆ گاڵتەجاڕییە بەلامەوە کەسێك بەناوی"حاجی میرزا عەبدوڵڵا کۆیی" لە جێی "مەحوی"وەك ئەوەی شتێکی گرنگی کردبێت هەڵسابێت و پاش مەرگی"پاڕانەوە لەخودا" نیوە ناچڵەکەی ئەوی تەواو کردبێت، ئەو کەسە بەخۆی بزانێت و نەزانێت بۆ هەتا هەتایە ئەو شیعرەی مراند، کێدەزانێ مەحوی بۆ تەواوی نەکردووە یان ڕەنگە تەواوی کردبێت و ونبووبێت، یان ڕەنگە پەشیمان بووبێتەوە لەنووسینی، چەندین گریمان و ئەگەر لەو شیعرە نیوەناچڵەدا پەنهانە، دەیان پرسیار هەن کە بەتەوانەبوونی ئەو شیعرە دەورووژان، کەچی وەرە تۆ هەموو ئەمانە بکوژە و لەجێی ئەو تەواوی بکە. هەروەك ئەوەی "مەحوی" پێش مردنی ناوبراوی کردبێتە وەکیلی خۆی و وەسیەتی بۆکردبێت و گوتبێتی توخوا ئەگەر مردم ئەم شیعرەم بۆ تەواو بکە، دیارە شتی واش لەئەدەبدا نەبووە و نابێت. دیارە ئەو کەسە پێی وابووە چاکەیەکی زۆر گەورە لەگەڵ"مەحوی"دەکات، هەروەك چۆن پاش مردنی کەسێکی ناسیاو هەن ئەگەر ئەو زاتە قەرزێکی هەبێت بۆی دەدەنەوە، یان کارێکی بەنیوەناچڵی بەجێهێشتبێت بۆی تەواو دەکەن و زۆر نموونەی دیکەی لەو چەشنە، ئیدی نامەوێت لێرەدا لەوە زیاتر لەسەر ئەو جۆرە ئەقڵیەتانە قسە بکەم، کەهەر شتێك بن ئەقڵیەتی ئەدەبی نین و ئەو جۆرە کەسانەش ئەدیب نین و ئەدەبیاتی کوردیش تابینە قاقای پڕە لەوجۆرە ناوانە. پرسیارەکەتان تایبەتە بەزەمەن و پێوەندی رابردوو بە ئێستاوە و بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر بەچەشنێکی تر بڕوانمە پرسیارەکەتان، وەك تێکدانی ئەو پێوەندییەی لەنێوان زەمەنە جیاجیاکاندا هەیە، رابردوو، ئێستا، تەنانەت داهاتووش. دیارە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی لەو چەشنە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ کلاسیکی فیزیا، ماتەریالیزمی میکانیکی و تێڕوانینی "نیوتن" و زۆری دیکەش بۆ زەمەن، ڕەنگە هەبێت بڵێت باشە ئەمە چ پێوەندییەکی بەئەدەبەوە هەیە، بەڵام ئەگەر کتێبی"زانست و جیهانی نوێی""هوایتهێد" بخوێنینەوە، دەبینین چۆن تێز و تەرحە میکانیکییەکان لەسەردەمی بوونی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکدا چ کاردانەوەیەکی هەبووە، چۆن ڕۆمانتیکییەکان دژایەتیان کردووە، لەڕووی بەئەبستراکردنی سروشت و زۆر شتی ترەوە. کەباس لە شوێنی رەها، زەمەنی رەها، سکونی رەها، جووڵەی رەها کراوە، ئەوە لەبەرانبەریشی رایەك هەیە کەپێی وایە سکون و هاوسەنگی و جووڵەی شتەکانیش لەگەردووندا تەنها شتێکی ڕێژەین. ئەو تێڕوانینەی کەپێی وایە زەمەن حەقیقەتێکی موتڵەق و واقیعییە لەگەردووندا، دەمێك ساڵە لەژێر پرسیاردایە."لابلاس" دەڵێت:(ئەگەر گریمانی ئەوە دابنێین ئەقڵیەتێك هەیە، دەتوانێت خێرایی هەموو ئەتۆمێکی ماتەریالی گەردوون بزانێت و شوێنی لەموتڵەقدا لەهەموو ساتەکانی زەمەندا بەدی بکات، ئەوە دەتوانێت رابردوو و ئێستا و داهاتووی گەردوون لەیەك کاتدا ببینێت). "ئەنیشتاین" فیزیای بەتەواوی لەشوێن و زەمەنی موتڵەق رزگارکرد و توانی بگاتە ئەو راستییەی شوێن و زەمەن ڕێژەین سەبارەت بەڕێڕەوی ڕووداوەکانی دنیای ماتەریالی. بۆیە سەیر نییە کاتێك دەبینین"ئوورکۆیکدەن" لەلێکۆڵینەوەکەیدا بەناوی"ئەنیشتاین و کافکا" باس لەکاریگەری ئەنیشتاین دەکات بەسەر"کافکا"وە، وەك لە چاوپێکەوتنێکی تردا ئاماژەم پێداوەو نامەوێت لێرەدا بچمەوە سەری.لای"هیگڵ" جەختکردنە سەر زەمەن بۆ ناساندنی خەسڵەتی سۆبژێکتیڤی سروشتەو جەختکردنە سەر شوێنیش بۆ بۆ ناساندنی خەسڵەتی ئەبژێکتیڤییەتی و پێی وایە زەمەن ڕوویەکە لەهەبوون و هەموو شتێك لەزەمەندا ڕوودەدات. بۆیە گرنگی پرسیارەکەتان لەوەدایە کەتوانیوتانە خۆتان لەچەمکێکی زۆر هەستیار بدەن، کە چەندین راڤە و شرۆڤە و تێڕوانین هەڵدەگرێت و دنیایەك شت دەوورووژێنێت. وەك نموونەیەك کاتێك دەڵێین"هۆمیرۆس" هەست ناکەین باس لەکەسێکی مردوو

دەکەین، بەڵکو وادەزانین باس لەکەسێکی زیندوو دەکەین، تەنانەت لەزیندووەکانیش زیندووتر. باشە ئەم پیاوە ئەگەر مردبێت ئەی چۆن ماوە، لێرەوە پێوەندی ناو و زەمەنمان بۆ دەردەکەوێت، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا هەموو ئەوەی کەباسی دەکەین ناون و هەشن دەتوانن مەوداکانی زەمەن تێپەڕ بکەن. کاتێك دەڵێین چاخاکانی سەهۆڵبەندان، چاخەکانی بەردین، دەیان ناوی تری لەوجۆرەش، دەبینین بەرجەستەی زەمەنێکمان بۆ دەکەن کەلەئێستادا نییە. دواجار بەشێوەیەك لەشێوەکان ئێستا و ئایندەش هەر رابردووە. چونکە هەموو ئەوەی کەهەیە زۆر خێراتر لەتەسەووری ئێمە بەرەو تەواوبوون و کۆتایی دەچێت. تەنانەت وەك زانست ئاماژەی پێدەدات ئەم گەڕۆکەی کەلەسەری دەژین، تەمەنی چەند درێژ بێت دواجار هەر ژیان لەسەری دەبێت بگاتە کۆتا. "سامۆیل بیکیت" وەك نووسەرێك کەگەیشتۆتە ترۆپکی ئیماژینەیتیڤیی و توانیویەتی کاراکتەری ئەنتیمیمەتیك و مۆتیف داخراو و بێکردار بخوولقێنێت، یەکێکە لەو نووسەرانەی کەمامەڵەکردنی لەگەڵ زەمەن قابیل بەچەندین خوێندنەوە و راڤەکاری و تێڕوانینە، بەتایبەت لەرۆمانەکانیدا کەبە راوبۆچوونی"جۆن بارس" بیکیت لەو روانگەیەوە دەنووسێت کەهەموو شتێك پێشتر هەبووە و کۆتایی پێهاتووە. "داڤید لۆدج" یش لەدوایین دەقەکانی بیکیت–ەوە ئەوە هەڵدەهێنجێت کە زەمەن لای ئەو نەسەرەتا و نەکۆتای هەیە، تەنانەت هەر بوونیشی نییە، ئەمەش وەك شێوازێکی ئەڵتەرناتیفی کۆمپۆزسیۆن و مەودایەکی تێمپۆرالیزەیشن، لەتێرمۆلۆژییەکەیدا دەیناسێنێت. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کۆپلە شیعرێکی"بیکیت" بەنموونە بهێنمەوە رەنگە شتێك لەو تێڕوانینە زەمەنییەی ئەوی تێدا بکەوێتە روو:(بچۆرە ئەویّ و کۆتایی بێنە\ بەرۆژێکی خۆش\ لەویّ تائەو کاتەش نەبووە\ هێندەی کەبگوترێت \ لەکویّ بێت بابیێت\ چ کاتێك بێت بابیێت\). پێموایە رابردوو، ئێستا، داهاتوو، لەچیرۆکی(بەسەرهاتی سەگێك لەسێبەرەکەیدا)، بەو شێوەیە نییە کەبتوانین بڵێین کامیان دەمانباتەوە سەر ئەویتریان. هەردەم هەڵوەشاندنەوەی رایەڵی زەمەن گومانمان لادروست دروست دەکات وئەندێشەکردن و گریمانکردن، چەمکی زەمەن تێکدەشکێنێت. وەك"بۆرخیس"دەڵێت:(ئەگەر زەمەن بێکۆتا بێت، دەکرێت لەهەر خاڵێکی زەمەندا بین). گریمانکردنی زەمەن لەئەدەبیاتدا، دەرچوونە لەخودی زەمەن، هەڵخلیسکانە بۆ نێو دنیای ناشتەکان، جۆرێکە لەمەست بوون و کەشفکردن و گەڕان. جۆرێکە لەئەودالبوون بەشوێن سەرابێکدا، گەڕانە بەشوێن چەشنە ساتەوەختێکی برووسکە ئاسای ناکۆتای رێژەیی. گریمانکردنی زەمەن هەوڵدانێکە بۆ لەبیربردنەوەی خۆمان لەدەرەوەی زەمەن. خەیاڵکردنەوە لەهەموو ئەوەی کەدەتەوێت لەدەقێکدا بیڵێیت، بەبێخەونبینین نابێت، خەونبینینێك کە رایەڵەکانی زەمەن هەڵبوەشێنێتەوە، تەونەکانی تێکبدات، تادواجار ببێتە تارمایی، یان ئاماژەیەك لەو ئاماژانەی ئاسان خۆیان بەدەستەوە نادەن. هەموو ئەوەی کەئاماژەمان پێدا، تەنها بۆ ئەوەبوو لەسانترالیزمی زەمەن دووربکەوینەوە، وەك چۆن دەبێت پێش ئەوەش لەسانترالیزمی ئەقڵ و ئەقڵانییەت دووربکەوینەوە، دەبێت بیر لەدنیایەکی بێسەنتەر بکەینەوە، دنیایەك کە پێویستی بەهیچ گارانتییەك نەبێت بۆ مانەوە.

-5-

**ئیدریس عەلی**: ئەو ئیشکردنەی لەدەقەکانی ئێوەدا دەبینرێتەوە، لەنێوان تەوزیفکردنی خەون و بەخەونکردنی دەقدا خۆی بەرجەستە دەکات، بەدەر لەدنیای ئەدەب چۆن دەڕواننە خەون لەکاتێکدا"شۆلتس" پێی وایە لەخەوندا حەقیقەت هەیە، خۆمان بەو شێوەیە دەبینینەوە کەهەین،

کەسێکی باش لەخەونیشدا کەسی پێناکوژرێت؟!، ئاخۆ خەون رەنگدانەوەی واقیعییانەی کەسایەتیی ئەو کەسەیە کەخەون دەبینێت، یان شتێکی دیکەیە؟

**یوسف عیزەدین**: خەون هێندە پەنهان و پڕنهێنییە کەهەردەم مرۆڤی ئەودالّی کەشف و دۆزینەوەی ئەو دنیایە کردووەو دەیان راڤەو شرۆڤەی لەنێو چەندان تێزی دەروونیدا بەرجەستەکردووە. هەر لەدێر زەمانەوە تێڕوانینە میسۆلۆژییە جیاجیاکان سەبارەت بەخەون هەبوون و پانتاییەکی بەرچاوی ئایین و کولتوورەکانی داگیرکردووە، گریکەکان هێندە خەونیان پێ گرنگبووە تەنانەت کاهینەکانیان لەچارەسەرکردنی نەخۆشەکانیاندا پەنایان بۆ بردووە، سەردەمانێك نەخۆشە گریکییەکان دەچوونە پەرستگەکان و لەکەشێکی تایبەتدا دەشۆردران و دەشێلدران و دواتر لەسەر کەوڵی قوربانییەك دەخەوێندران و پاش خەوتن و خەونبینینی نەخۆشەکە، خەونی بەوگژوگیاو داودەرمانانەوە دەبینی کەپێی چاکدەبێتەوە، یان ئەو هێماو رەمزانەی دەبینی کەدواتر کاهینەکان راڤەیان دەکردو بەو پێیە دەرمانیان بۆ دەدۆزییەوە. رەنگە سەیرترین شتێك وەك یادەوەریی بەبیری زۆربەماندا بێت، یەکەمین خەونێکی مندالّیمان بێت، بەتایبەت ئەو خەونانەی کەلێی ترساوین، دەبینین هەر لەمندالّییەوە گوێبیستی گێڕانەوەی خەونی گەورەکان بووین و لەهەمووشی سەیرتر ئەو خەونانەن کەدواتر هاتوونەتەدی و پێشوەخت لای ئەوەی کەخەونەکەی بینیوە زانراوە. تەنانەت پێوەندیی خەون بەمەرگەوە تابلّێی پێوەندییەکی پەنهان و پڕنهێنییە، دەبینیت کەسێك پێشئەوەی بمرێت بەپێی خەونێك کەبینیوویەتی، یەقینی ئەوەی لادروست دەبێت کەدەمرێت، یان پاش گێڕانەوەی بۆ کەسێك یان کەسانێك کەگوێبیستی دەبن، هەستێکی دەستەجەمعییان لادروست دەبێت کەئەو کەسەی خەونەکەی بینیووە هێندەی لەژیاندا نەماوەو دەمرێت. ئێستاش وەبیرم دێتەوە، پێش ئەوەی کەباوکم بمرێت چەند جارێك هەمان خەونی دووبارەبۆوەی دەبینییەوە کە لەنێو باخەکەماندا دەستی بۆ لکێکی گەورەی دارتووەکە بردووەو بەئاسانی هاتووە بەدەستییەوەو لەبنڕاشکاوە، پاش گێڕانەوەی لەنێو مەجلیسێکی قەرەبالّغدا، یەکێکیان گوتی:" باپیرم پێش ئەوەی بمرێت خەونێکی وەك ئەوەی تۆی بینی"، ئیتر ئەوە دوارۆژی باوکم بوو لەژیانداو ئەو ئێوارەیە خەوت و بەیانییەکەی هەلّنەستایەوە. خەون بۆخۆی حیکایەتی هەموو کەسێکەو لەنێو هەموو خێزان و گروپ و کۆمەلّێکدا دەگێڕدرێتەوەو بەشێکی زۆری خەونەکانیش کەزۆرجار دێتەدی پێوەندیی بەموسیبەت و مەرگەوە هەیە، بۆ نموونە دەبینیت دایکێك پێشئەوەی کوڕەکەی یان کچەکەی سەفەربکات، لەمیانی خەونێکەوە کەبینیوویەتی دلّنیایە لەوەی کەئیتر نایبینێتەوە، یان کەسێك جا چ گەنج بێت یان پیر پاش بینینی خەونێك هەر لەخۆیەوە دلّنیایە لەوەی کەهێندە نابات دەمرێت و رەنگە وەسیەتیش بکات لەکاتێکدا ئەوانەی کەلێوەی نزیکن رەنگە هەر گالّتەیان پێی بێت و بڕوا نەکەن. سەبارەت بەو بۆچوونەی شۆلتس–یش دەتوانم ئاماژە بەراوبۆچوونێکی"یُسن" بدەم کە بەپێچەوانەی راوبۆچوونەکەی شۆلتس–ەوە دەلّێت:" ئێمە لەخەوندا باشتر نابین، بەلّکو بەپێچەوانەوە ویژدان لەخەوندا لالّە، مرۆڤ هەست بەبەزەیی ناکات، لەوانەیە دزێوترین تاوان ئەنجام بدات، بدزێت و بکوژێت و دەستدرێژی سێکسی بکات". هەر بۆیە ئەگەر خۆمان بدەین لەراڤەکارییە جیاوازەکان سەبارەت بەخەون و جودایی قوتابخانە دەروونییەکان لەو بارەیەوە، رەنگە وابەئاسانی لێیدەرنەچین و نەکرێت لەگفتوگۆیەکدا تاوتوێی بکەین. خەون پانتاییەکی بەرچاوی نێو دەقە ئایینییەکانی داگیرکردووە، بەسەرهاتی"یوسف" لەگێڕانەوەی خەونێکەوە دەست پێدەکات. یان خەوتن و خەون نەبینین، وەك خەوتنی"ئەسحابولئەکهەف" کە چەندین سالّ دەخەون و خەون نابینن، بەلّام دواتر کە بەئاگادێنەوە وەك خەون دەڕواننە دنیایەك کەمەسیحییەت تێیدا بالّادەستە، بەلّام چۆن پێشتر بەدنیای پێشوویان نامۆبوون هەر ئاواش بەدنیای ئێستایان نامۆدەبن و دەزانن کەناتوانن تێیدا بمێننەوەو بەویستی خۆیان مەرگ هەلّدەبژێرن.

**ئیدریس عەلی**: بۆرخیس دەڵێت:"ئەدەب وەك دەرئەنجامێك خەونێكی ئاراستەكراوە"، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم گوتەیەی "بۆرخیس" لەكاتێكدا هەمیشە تێڕوانینێكی ریالیستییانە بەشێوەیەكی بەرچاو ئەدەبی كردووەتە ئاوێنەی واقیع و ڕەنگدانەوەی؟

**یوسف عیزەدین**: ئەگەر بڕوانینە ئەوەی "بۆرخیس" لەچاوپێكەوتنێكدا سەبارەت بەخۆی دەیخاتەروو، زۆرشتمان بۆ ڕووندەبێتەوە كەدەڵێت:"پێش ئەوەی كەكوێر ببم هەمیشە دەمڕوانییە شتەكان و دەمبینن، تەنانەت لەخوێندنەوەشدا، بەڵام ئێستا مەحكومم بەبیركردنەوە، بەو پێیەی كەتوانای بیركردنەوەشم باش نییە پەنام بۆ خەون بردووەو لەڕێی خەونەوە درێژە بەژیانم دەدەم". "بۆرخیس" پێشئەوەی كوێرببێت زیاتر دنیایەكی تەڵخ و تاریك لەدەقەكانیدا بەرجەستەدەكات و پاش كوێربوونیشی بەشێوەیەكی سەیر ڕەنگ دێتە نێو دەقەكانییەوە، دەبینین ئەو پیاوەی كەژمارەیەكی بێشوومار كتێبی خوێندۆتەوە كەكوێر دەبێت، خوێندنەوە دەبێتە مۆتەكەی خەونەكانی بەتایبەت ئەو كاتانەی لەخەونیدا دەیەوێت بخوێنێتەوە، وشەكانی لێدەبێتە شتی زیندوو كەجێگۆڕكێ دەكەن و دواتر لك و پۆپ دەردەكەن و بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر گەورەدەبن. سەبارەت بەحیكایەتەكانی"هەزارو یەك شەو"ە دەڵێت:" زۆر شتم دۆزییەوە بەڵام تەنها خەونم بەشتێكەوە بینی، ئەویش ئەوەبوو كەببمە خاوەنی بەڕەیەكی سیحری تا بمگەیەنێتە هەموو شوێن و زەمەنەكان". خەون لای"بۆرخیس" گەڕانەوەیە بۆ خود، چونكە سەرچاوەی خەون لای ئەو خودی مرۆڤ خۆیەتی، لەكاتێكدا تۆ لەبەئاگاییتدا هەندێك لەو شتانەی كەدێتەناوتانەوە ڕەنگە پێشتر پێیان ئاشنانەبووبیت، لەبەئاگاییتدا هەموو ئەو شتانەت بەسەردا دەسەپێنرێت كەبەدەر لەویست و دەسەڵاتی تۆ هەن و ناچاریت بیانبینیت، گوێڕادێریان بیت هەستیان پێبكەیت. هەموو ئەوەی كەلەبەئاگایی ئێمەدا هەیە شتێك نییە زەینی ئێمە خووڵقاندبێتی، بەڵكو وەك خۆیان لەدنیای ماتریالدا هەن و كەم تا زۆر كاریگەرییان بەسەرمانەوە هەیە، بەڵام سەرچاوەی سەرەكی خەون خۆمانین سەرباری هەموو ئەوەی كەپێشتر لەزەینماندا جێی بۆتەوەو دواتر لەكاتی خەونبینیندا شتێكی لێدەخووڵقێت ڕەنگە هێندە ترسناك بێت مۆتەكە ئاسا لێی هەڵبێین و چنگەكرێ بۆ بەئاگابوونەوە بكەین یان هێندە خۆش بێت حەزنەكەین وەخەبەر بێینەوە، زیاتر خەون بەخووڵقاندن شتەكانی تێدا بەرجەستە دەبێت، نەك ڕەنگدانەوەی كتومتی ئەوەی كەلەواقیعدا دەیبینیت، كەمجار ئەوەی كەبینیووتە وەك خۆی لەخەوندا دووبارەدەبێتەوە، زیاتر دەبێتە شتێكی ترو مەرجیش نییە ئەوە بێت كەتۆ ئاواتی پێدەخوازێت یان ڕكت لێیدەبێتەوە یان لێی دەترسیت و ...تاد. "بۆرخیس" ئەو كەسەیە كەخەون دەبینێت و دەزانێت كە لەهەمانكاتدا خەونی پێوە دەبینن و دەڵێت:"ڕەنگە خەون بەیەكێكەوە ببینم، ئەویش خەونم پێوە ببینێت و ڕەنگە هەریەكەمان پێی وابێت ئەوەی كەخەون دەبینێت خۆیەتی". خەون و وەهم تۆپۆگرافیای كاركردنەكانی"بۆرخیس" وەك تەونێك دەتەنن و دواتر ناهێڵن لەشوێن كاتێكی دیاریكراو و مەئلوفدا بمێنێتەوەو پاش تاوێك دەگەیتە ئەو ڕاستییەی كەهیچ شتێك ناتباتەوە سەر شتێكی دیكەو دواجار دەچیتە نێو گەمەی ڕاڤەكردنە پەنهانەكان و بەوشێوەیە بەردەوام دەبیت.

ئیدریس عەلی: دەكرێت لەنێو دەقە كلاسیكییەكاندا، هەربۆ نموونە دەقە گریكییەكان جیاواز لەدەقی ریالیزمی تەوزیفكردنی خەونی تێدا ببینیتەوە، بەتایبەت ئەوان وەك خۆیان لەقووڵایی میسۆلۆژیاوە هاتوونەتە دەرو لەو گۆشەنیگایەوە نووسەرانیان مامەڵەیان لەگەڵداكردوون، بەوپێیەی كەبەسەرهاتی "ئۆدیب"ی"سۆفۆكلیس"، پێشتر وەك ئەفسانەیەك هەبووەو دواتر"سۆفۆكلیس" لەدوو توێی شانۆنامەیەكدا دایڕشتووەتەوە، چەند دەكرێت بڵێین ئەو بەسەرهاتەی"ئۆدیب" مەگەر تەنها لەخەوندا رووبدات، ئەگینا لەزەمینەی واقیعدا ڕوودانی مەحاڵەو مەبەستی ئەو تراژیدیایە بەڕای ئێوە چییە؟

یوسف عیزەدین: تراژیدیای"ئۆدیب" بەسەرهاتی کەسێکە کەبووەتە قوربانیی قەدەرێك کەهەڵهاتن لێی مەحاڵەو هەر لەدەستپێکی تراژیدیاکەوە شتێکی زانراوە، قەدەری"ئۆدیب"ئەوەیە "لایوس"ی باوکی بکوژێت و"یوکاستا"ی دایکی بهێنێت. هەموو ئەو هەوڵانەی بەمەبەستی گۆڕینی ئەو قەدەرە دەخرێنەگەڕ دواجار شکست دەهێنن و هەموو ئەوەی کەپێشتر گوتراوە دێتەدی، "ئۆدیب" باوکی دەکوژێت و دایکی دەکاتە ژنی خۆی و دووکوڕو دوو کچیشی لێدەبێت و ئینجا بەوە دەزانێت چ تاوانێکی کردووە، دواجار هەر دووچاوی خۆی دەردەهێنێت و سەرهەڵدەگرێت. ئەم تراژیدیایە باس لەبێئختیاری مرۆڤ دەکات بەرانبەر بەقەدەرو بێئیرادەبوونی لەدەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی شێوە ژیانێکی جیاواز لەوەی کەپێشوەخت بۆی دیاریکراوەو راستییەکەی زۆر راڤەکاریی هەڵدەگرێت، چونکە زۆرێك لەتراژیدیا گریکییەکان بەهەمانشێوە باڵادەستیی قەدەر تێیدا سەرنجت رادەکێشێت، هەر بۆنموونە "سیزیف" کە ئەویش مەحکومە بەئازارکێشانێکی هەتاهەتایی و ناچاریشە بەردەوامبێت و رۆژانە هەمان شت دووبارەبکاتەوە، بەڵام ئەوەی "ئۆدیب" لەزۆر دەقی دیکە جیادەکاتەوە ئاگادارنەبوونی خودی"ئۆدیب"ە لەقەدەری خۆی، واتە ئەگەر "ئۆدیب" لەوە ئاگاداربووایە کە"لایوس" باوکییەتی نەیدەکوشت و ئەوکاتەش "یوکاستا"ی نەدەبووە ژنی و لەگەڵی جووتنەدەبوو. بەڵام بەپێی تێڕوانینی"فرۆید" تراژیدیای"ئۆدیب" لەخەونەوە سارچاوەی گرتووە، هەربۆیە ئاماژە بەدیالۆژێکی"یۆکاستا" دەکات، کاتێك دڵنەوایی"ئۆدیب" دەداتەوە و دەڵێت:" چەند کەس هەن پێش تۆ لەخەونیاندا لەگەڵ دایکیان جووتبوون، بەڵام ئەمە سەبارەت بەکەسێك ئاسانە کەگوێی نەداتێ".

"فرۆید" پێیوایە لای هەموو منداڵێکی نێر کۆمپلێکسی ئۆدیب هەیە کەخولیای کوشتنی باوکی تێدا پەنهانەو بەشێکە لەبەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی باوك و دەستگرتن بەسەر هەموو ئەوەی کەباوك هەیەتی و زۆر وردەکاریی دیکە کەلەڕووی شیکارکارییە دەروونییەکانەوە قسە زۆر هەڵدەگرێت.

**ئیدریس عەلی**: ئاخۆ چەند دەتوانین کۆمپلێکسی "ئەلێکترا" وەك پەرچەکردارێکی کۆمپلێکسی"ئۆدیب" ببینینەوە، لەکاتێکدا لەکۆمپلێکسی"ئەلێکترا"دا باوك ئەوەیە کەمنداڵی مێینە دەیەوێت و دایك ئەوەیە کەئێرەیی پێدەبرێت و رەتدەکرێتەوە؟

**یوسف عیزەدین**: خۆی لەراستیدا هەموو ئەو کۆمپلێکس و تەرحە دەروونییانە قابیلی ئەوەن رەتبکرێنەوەو لەگۆشەنیگایەکی سایکۆلۆژیی دیکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و راڤەبکرێن، ئەمە جگە لەوەی مەرج نییە کەتۆ لەناو ئەفسانەو کولتوورێکی دیاریکراودا ئەو کۆمپلێکسانەت لەدوو توێی دەقەکانیاندا بینییەوە بەهەمانشێوە لەناو ئەفسانەو کولتوورێکی دیکەشدا بیانبینیتەوە، جاگرفتەکە لەوەدایە کەزۆرجار لەدوو توێی ئەو دەقانەشدا شتی لەو چەشنە دەبینیتەوە کە بۆخۆیان لەپێناو حەرامکردن و حەڵاڵکردنی شتەکان و بەو مەبەستە خراونەتەروو. گەر بڕوانینە یەکەمین پەڕتووکی پیرۆز کەبەشێکە لەتەورات و یەکێکە لەپێنج پەڕتووکەکەی شەریعەت و بەپێی سەرچاوە مێژووییەئایینییەکان موسا ئەو پەڕتووکەی نووسیوەتەوە، هەروەك لەپەیمانی نوێدا عیسای مەسیح هەمان راستی دووپاتکردۆتەوە، سەبارەت بەنووسینی ئەو پەڕتووکە لەلایەن موسا–وە، دیارە لەپێشەکی کتێبەکەدا هەموو ئەوەی کەپێشتر ئاماژەم پێدا خراوونەتەروو. خوێنەری پەڕتووکی"پەیدابوون" رووبەرووی کۆمەڵێك دیمەن و بەسەرهات دەبێتەوە کەپێموانییە دیمەنە سێکسییەکانی نێو رۆمانەکانی"میلان کۆندێرا"ش خۆی لەخستنەرووی بابەتی لەو چەشنەدابێت، تەنانەت لەکردنە فیلمی"پەیدابوون"دا لەلایەن رۆژئاوا خۆیەوە، ئەو بەشانەی لێدەپەڕێنرێت و بەلایدا ناچن، بەتایبەت ئەو دوو بەشەی کەباس لەدوو کچەکەی"لۆوت" دەکات کەپاش سەرخۆشکردنی باوکیان، شەوی یەکەم گەورەکەیان و شەوی دووەم بچکۆلەکەیان لەگەڵی دەخەوێت و سکیان پڕدەبێت و گەورەکەیان کوڕێکی بەناوی"موئاب" دەبێت و گچکەکەشیان کوڕێکی بەناوی "عەممی" دەبێت و

لەهەمووشی سەیرتر ئەو دیالۆژەی خوشکە گەورەکەیانە بۆ خوشکە بچکۆلەکەی کەپێشەوەی لەگەڵ باوکیان راکشێن، دەڵێت:"باوکمان پیر بووەو هیچ پیاوێکیش لەم ناوەدا نییە کەبێت بەلاماندا، وەك چۆن داب و نەریتی هەموو زەوییە وەرە بامەی دەرخواردی باوکمان بدەین و لەگەڵیدا راکشێین و لەباوکمانەوە وەچە بنێینەوە". جانازانم چۆن بەدرێژایی سالآنێکی دوورودرێژ لەدووتوێی تەوراتداو بەمەبەستی هێنانە سەردینی کەسانێك، ئەم دەقە خوێندراوەتەوەو چۆن چۆنی راڤەی بۆکراوە تا گوێرەکانی ئەم دەقە بەئاسایی تێیبڕوانن، لەکاتێکدا کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ئایینەکان، رەوشت و بەگژداچوونەوەی لادانە سێکسییەکانە، وەك ئەو پرەنسیپی حەرام و حەلآڵەی کەبۆخۆیان هەڵگرین. ئەی ئەگەر خودی مەسەلەیەکی ئاوا لەنێو خودی تەوراتدا ئاماژەی پێدرابێت، بۆدەبێت دژایەتی هەموو قەشەو پیاوە ئایینییەکان لەگەڵ دانیشتووانی ئەو دورگانەی کەزلهێزەکان داگیرییان دەکردو ئەوانیان وەك رێبەرێکی ئایینی بۆ دەنارد، بەشێوەیەکی سەرەکی لەو خاڵەدا بووبێت کەئەوان لادانە سێکسییەکان بەلادان نابینن و سیستمێکی خێزانی وەك ئەوەی رۆژئاوایان نییەو سێکسی مابەینی ئەو کەسانەی کەبەپێی ئایینەکان لەیەکتر حەرامکراون، پێساناو ئاساییە.

**ئیدریس عەلی**: "ئیبسن" یەکێکە لەو نووسەرانەی کەتوانیویەتی ململانێی نێوان باوان و منداڵەکانیان لەناو دەقەکانیدا بەرجەستەبکات، گەرچی وەك ئاماژەتان پێدا زۆر لەو چەمك و راڤەکارییانە رێژەیین و لەکولتوورو کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن. بەڵام ئاخۆ دەتوانین بڵێین ئەو باوکسالارییەی لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیە جیاوازە لەوەی لەکۆمەڵگەیەکی دیکەدا هەیە، دیارە ئەگەر جیاوازیش بێت، ئەو دەمە ئەدەبیاتێکی کوردی کەباس لەباوکسالاری دەکات، دەبێت لەگەڵ ئەدەبیاتێکی دیکەدا هەر بۆنموونە ئەدەبیاتێکی رۆژئاوا جیاوازبێت، تاچەند ئەدەبیاتی کوردی لەمامەڵەکردنی لەگەڵ باوکسالاریدا باس لەباوکی کورد دەکات؟

**یوسف عیزەدین**: ئێمە خاوەنی ئەفسانەیەکی وەك ئەو ئەفسانەیەی"کرۆنۆس" نین کەدواجار "زۆس"ی کوڕی دەیخەسێنێت و لەجێی دادەنیشێت و هەموو دەسەڵاتەکانی ئەو دەگرێتەدەست. ئەگەر میدییەکان باوانی کوردبن، ئەوە دەبینین "داهاك یان زوحاك"ی دواپاشای میدییەکان بەدەستی یەکێك لەنەوەکانی خۆی دەکوژرێت و لەجێی ئەوەی خۆی جێیبگرێتەوە، حوکم و دەسەڵاتیش بۆ"کیرۆس"ی ئەخامەنی جێدەهێڵێت و لەجێی هەستکردن بەئازاری ویژدان، یادی ئەو رۆژەی کردووەتە سیمبۆلی نەتەوەیی خۆی و پێیوایە کەسێك بەناوی کاوەی ئاسنگەرەوە کەبۆخۆی کوردبووە کوردی لەستەم و زوڵمی زوحاك رزگارکردووە. هەرگیز کورد پرسیاری لەوە نەکردووە ئەگەر نەورۆز یادەوەریی سەرکەوتنی کوردان بێت، بۆ دەبێت ئازەری و کازاخستانی و قیرغیزی و فارس و هەروەك "ئیبن بەتووتە"ش لەکتێبەکەیدا ئاماژەی پێدەدات، لەمیسرو زۆر شوێنی دیکەشدا لەو زەمەنەی ئەودا یادی نەورۆز کراوەتەوە. تائەمڕۆش یەکێك لەگرفتەکانی تاکی کورد لەدژایەتیکردنی باوکدا ئەگەر وەك دەسەڵاتێك تێبڕوانین، ئەوە نییە کەبۆخۆی پرۆگرامێکی هەیە بۆ جێگرتنەوەی، بەڵکو تەنها ئەوەندەیە کەلەناوی بەرێت، بۆ ئەمەش دەست لەگەڵ هەر دوژمنێکی باوکیدا تێکەڵ دەکات بەمەبەستی لەناوبردن و کوشتنی. سیستمی باوکسالاری لای کورد بەسیستمی باوکسالاریی رۆمانەکان ناچێت، چونکە سیستمی باوکسالاری لای رۆمانەکان دواجار لەبونیادی دەوڵەتێکدا دەگاتە ترۆپکی دەسەڵات و حوکم. بەڵام لای کورد ئەمە بەچەشنێکە دیکەیەو کەمجار دەسەڵاتی باوك سنووری بنەماڵەو عەشرەت و کۆمەڵ و گروپەکانی کوردی تێپەڕکردووە. بەدرێژایی مێژوو کورد کۆتەڵ و شتێکی رەمزی بۆ باوك دروستنەکردووە، هەروەك لای میللەتانی دیکە دەبینرێتەوە و خاوەن"کارێزما"و"ئۆتۆریتە" نییە، نەك هەر بەبەراورد لەگەڵ رۆژئاوادا بەڵکو بەبەراورد لەگەڵ رۆژهەڵاتیشدا ئەو جیاوازییە دەبینرێتەوە. زاڵبوونی باوکی کورد شتێکی رێژەییەو بۆخۆی کەسایەتییەکی ناجێگیرو شلۆقی هەیە، زیاتر

بەلاساییکردنەوەی باوکانی غەیرە کوردو لەمیانی دیدوبۆچوون و بیرو هزریی ئایینی ئەوانەوە هەوڵی سەپاندنی خۆیداوە، گەرچی لەسەدا سەد نەیتوانیوە ببێت بەوان. "میهرداد.ئیزەدی" لەکتێبی"کوردەکان"دا سەبارەت بەکەسایەتی کورد زۆرشت دەخاتەروو کە لەزۆر شوێندا دووروویی ئەو کەسایەتیەمان بۆ روونده‌بێتەوە، هەر بۆنموونە لەکاتێکدا کورد بەمیوانداریێتی و ڕێزگرتنی لەمیوان ناسراوە، "میهرداد" ئاماژە بەوە دەکات کەکورد هەرچییەکی هەبێت ئامادەیە لەپێناو میوانەکەیدا سەرفی بکات و ئەوەی کورد بۆمیوانی دەکات بێوێنەیە، بەڵام هەربۆخۆشی ئاماژە بەوە دەکات کەئەمە تائەو کاتە بڕەکات کەمیوان بێدەنگ و سەنگ گوێڕادێری خانەخوێیەو سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنێت، ئەگینا ئەگەر میوان یەك ڕاوبۆچوونی پێچەوانەی خانەخوێ بڵێت، ئەوە بێسێودوو لەو حاڵەتەدا دەکرێتە دەرەوە. کەواتە مانەوە لەنێو سیستمی کۆمەڵایەتی کوردیدا، پەیوەستە بەبێدەنگبوونی تاکی کوردەوە، پەیوەستە بەپرسیارنەکردن و لێخووردنەبوونەوەی، ئەمە جگە لەوەی کەبەشێوەیەکی گشتی کارێکی بەخوێندنەوەو زانینی مێژووی خۆی نییە، هەروەك"میهرداد" ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت:" ئەگەر سەرانی کورد مێژووییان بخوێنایەتەوەو لێی ئاگاداربوونایە، هەمیشە هەمان هەڵە مێژووییەکانی پێشووتری خۆیانیان دووبارە نەدەکردەوە.

تەنانەت لەرووی ئایینیشەوە سەبارەت بەئایینی خۆیان نەرمونیان بوون و سەرسەختانە بەرگرییان لێنەکردووە، بێجگە لە"ئیزیدی و یەریسانییەکان"، "میهرداد" سەبارەت بە"یەزدانی" کەئایینێکی کۆنی کوردان بووە دەڵێت:" دەتوانین بڵێین نەرمونیانییان فاکتەری سەرەکی پەرتەوازەبوون و پەرشوبڵاوبوونەوەی خودی ڕێبازە ئایینییەکان بووە، هیچ کاتێك خەیاڵی دروستکردنی زاتێکی ڕەهای هاوچەشنی مەسیح و شاڵاوبردنە سەر سەر ڕێبازە ئایینییەکانی تریان نەبووە". بەپێی تێڕوانینی مەسیحییەکان خواوەند باوکەو مەسیح–یش کوڕیەتی، ئەم تێڕوانینە سیستمی باوکسالاری و دەسەڵاتی لەبوونێکی ماتریاڵییەوە دەگوێزێتەوە بۆ بوونێکی ڕەها، لەکاتێکدا یەزدانییەکان تەنها باوەڕیان بەرۆحی ڕەها هەبووەو لەواتا گشتییەکەیداو بەو پێیەش نەك هیچ پرسیارو پەرچەکردارێکیان بەرانبەر بەئایینییەکانی دیکە نەبووە، بەڵکو پێیانوابووە ئایینییەکانی دیکەش لەلایەن ڕۆحی ڕەهاوە نێردراون بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی، کەواتە کورد تەنها تەسەووری ڕۆحی ڕەهای کردووەو لەهیچ شکڵ و شێوەو ئیماژێکدا بەرجەستەی نەکردووەو هەوڵی هیچ ئیزافەکردنێکی بۆسەر ئەو تەسەوورەی خۆی نەداوەو نەپەرستگەی بۆ دروستکردووە، نەکەسی تایبەتی ئایینیشی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی داناوە.

ئیدریس عەلی: بەو پێیەی کەکورد ڕۆحی ڕەهای لەئیماژێکدا بەرجەستەنەکردووەو زاتێکی ڕەهای وەك"مەسیح"ی بۆ نەخووڵقاندووە تا لەپشت ئەوەوە بەرگری لەئایین و بیروباوەڕی خۆی بکات، کەواتە باوکیش لای ئەو وەك ڕەمزێکی دەسەڵات هیچ ئیماژێکی نییە، لەکاتێکدا باوکسالاری کوردو دەسەڵاتی باوك بەیەکێك لەدیاردە بەرچاوەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی کوردی، ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟

یوسف عیزەدین: ڕەنگە گەورەترین گرفتی کورد وەك میللەتێکی دێرینی ڕۆژهەڵات لەوەدا بێت کەبەپێی کەمی سەرچاوەو بەڵگەی پێویست، هەمیشە بەئەگەرو گریمان هێنرابێتە ناو قسەو باسەکان و مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت، "میهرداد" ئاماژە بەوە دەدات کەلەمۆزەخانە جیهانییەکاندا جێماوی سەرەتایترین خێڵ و گروپ دەبینینەوە، بەڵام ئەوەی دەبێتە مایەی سەرسوڕمان و پرسیارکردن ئەوەیە کەبۆ دەبێت سەرەنێزو تیرو ڕمێك لەمێژووی کۆنی کورد نەمابێتەوە تا لەمۆزەخانەکاندا بخرێنە پێشچاو، یان ئەگەر هەن چییان لێهات و چۆن هەر هەمووی ونبوون. یان ڕەنگە بەشێکی زۆریان وننەبووبێتن و لەپەلاماری میللەتانی دیکەدا بۆ سەرکوردستان، دەستیان بەسەردا گیرابێت و لەئێستاشدا بەناوی ئەوانەوە لەمۆزەخانە جیهانییەکاندا بەدنیا بناسێنرێت. ئەگەر بڕوانینە سەرچاوە مێژووییەکان دەبینین کاتێك لەشکرەکەی"سەعدی کوڕی وەقاس" ئێران داگیردەکات، سەعد سەری

سووڕدەمێنێت لەو هەموو پەرشومێن و دەستنووس و بەڵگەو کتێبانەی کەهێندە زۆرن نازانێت چییان لێبکات و بەناچاری نامەیەك بۆ خەلیفە دەنێرێت سەبارەت بەوەی چییان لێبکات، بەتایبەت عەرەبەکان وەك خۆیان سەری لێدەرناکەن و بەحوکمی زماننەزانینیان نازانن چی تێدا نووسراوە. خەلیفەش لەوەڵامدا دەڵێت، هەرهەمووی فڕێبدەنە ناو ئاوی رووبارێکەوە، چونکە ئەگەر راستییەکی تێدا بێت ئەوە هێندەی قورئان راستنییە و ئەگەر ناراستی و عیلمێکی شەیتانیشیی تێدا بێت، ئەوە لەهەردوو حاڵەتەکەدا بەفڕێدانی رزگارمان دەبێت، ئیتر ئەوەبوو هەموو ئەو کتێب و دەستنووس و بەڵگە مێژووییانەو هەموو ئەوەی کەدواتریش لەو سەردەمەدا وەچنگیان دەکەوت فڕێیان دەدانە نێو رووبارەکان. بێگومان لەگەڵ ونبوونی ئەو دەستنووس و سەرچاوە مێژووییانە، زۆر شتی گرنگ سەبارەت بەمێژووی کورد لەگەڵ ئەواندا ونبوون و لەئێستادا نەزانراون. ئەوەی کە لەئێستاشدا سەبارەت بەکورد زانراوە جێگەی مشتومڕو قسەو باسە، هەر بۆ نموونە بۆ دەبێت یەزدانییەت وەك ئایینێکی کۆنی کوردان، لای ئێزیدی و عەلەوی و یەریسانییەکان لەکۆمەڵێك پرەنسیپ و تێڕوانینی گشتیدا مابێتەوەو بەدرێژایی مێژوو، کوردە ئێزیدی و عەلەوی و یەریسانییەکان سەرباری ئەو هەموو کوشت و کوشتارو زوڵم و زۆرەی کە رووبەرووی بوونەتەوە، سەرسەختانە بەرگرییان لەخۆیان کردبێت و تائێستاش لەبیروباوەڕی ئایینی خۆیان لایان نەدابێت، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری کورد دەستبەرداری ئەو ئایینە دێرینەی خۆیان بووبێتن و چووبێتنە سەر ئایینی غەیرە کوردو لەدوژمنەکانی کورد زیاتر بەگژ هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا چووبێتنەوە. بەڵام کە بەوردی دەڕوانیتە بیروباوەڕی ئایینی کورد بەشێوەیەکی گشتی سەربارەی ئەو ئینتیمایەی کە ژمارەیەکی زۆری بۆ ئایینێکی دیکە هەیانە، دەبینیت هەموو کورد لەرووی بیروباوەڕی ئایینییەوە هێشتاکە قەناعەتیان بە"خدری زیندە" هەیە کەئەمە بیروباوەڕێکی تەواوی یەزدانییەکان بووە بەکەسێکی نەمرو هەمیشە زیندوو، ئەمە جگە لەپیرۆزیی ژمارە حەوت، تەنانەت میدییەکان دیواری بیناکانیان بەحەوت رەنگ بۆیە کردووەو"هیرۆدۆت" لەو بارەیەوە ئاماژەی بەشوورەو دیواری چواردەوری تەپۆڵکەکانی شاری میدییەکانی هەمەدانی کردووە کەبەحەوت رەنگی "ئاڵتوونی، زیوی، سپی، رەش، مۆر، شین، سوور" لەپێش زاییندا رەنگکراون. جا سەبارەت بەدەسەڵاتی نێرینەی کوردو باوکسالاری و رۆڵی باوك لەنێو خێزان و سیستمی کۆمەڵایەتی کوردیدا، رووبەرووی چەند وێنەیەکی باوك دەبیتەوە، گەرچی هەر هەمووی لەبنەڕەتدا دەسەڵاتی نێری تێدا زەقدەبێتەوەو بەشێوەیەکی گشتی لێکچووی هەموو باڵادەستییەکی لەو چەشنەیە، بەڵام هەندێك  تایبەتمەندێتی جیاوازیشی هەیە، لەهەندێك ناوچەی کوردستاندا رەدووکەوتنی کچان و ژنانیان لەلایەن پیاوانیانەوە بەشتێکی ئاسایی سەیردەکرێت و بەشێکە لەتێڕوانینی دەستەجەمعی و کولتووریان و سەرباری ئەوەی کەزۆرێك لەو کوردانەی کە ئەم سونەتە لەناویاندا باوە لەئێستادا موسڵمانن. بەڵام هیچ کاتێك بەپێودانگی ئیسلام نەیانڕوانیوەتە ئەو سونەتەی کەبەپێی ئیسلام حەرامە. لەکاتێکدا لەنێو کۆمەڵ و دەستەیەکی دیکەی کورددا، نەك هەر ئافرەت بۆینییە بەئیختیاری خۆی رەدووی پیاوێك بکەوێت، بەڵکو حەزو خۆشەویستی و تەنانەت بچووکترین سەرەتاتکێ و جموجۆڵ دەرئەنجامەکەی بەکوشتنی مێینە تەواو دەبێت. جا پرسیارەکە لەوەدایە کە بۆ دەبێت دوو کۆمەڵی کورد کەهەردووکیان موسڵمانن و پابەندن بەجێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ئیسلام، بەڵام سەبارەت بەئیختیاری مێینە بۆ پیاوێك یان تەجاوزێکی سێکسی و رەدووکەوتن و شتی لەو چەشنە، هەریەکێکیان بەچەشنێك مامەڵەی لەگەڵدا بکات. یەکێکیان لووتی دەبڕێت، دەیسووتێنێت، بەردەبارانی دەکات، دەیکوژێت، ئەویتریشیان وەك کردەیەکی زۆر ئاسایی تێدەڕوانێت و بەحیکایەتەکانی عەیبەو شەرەف و نامووس و حەرام و ئایین و شتی لەو چەشنە نییە،

بۆیە دەبینین ئەگەر ئەوەی کەپێشتر ئاماژەمان پێدا وەك دوو نموونە سەیر بکەین، ئەوە دوو نموونەی پیاوی کوردیشمان لەبەرچاودا بەرجەستەدەبێت.

**ئیدریس عەلی**: کەواتە کورد بەکاریگەریی کولتوورو ئایینی میللەتانی دراوسێی دەستیداوەتە کوشتنی هەموو ئەو مێینانەی کەبەپێودانگی ئەو ئاین و کولتوورانە کارێکی پێچەوانەی رەوشت و دابەنەریتیان ئەنجامداوە کە لەئێستادا ئەم کوشتنی مێینەیەیان گوێزاوەتە بۆ پانتاییەکی جوگرافی جیاوازو لەناو کوردە پەناهەندەکاندا بۆتە شتێکی باو و هەر ئەوەندە دەزانیت رۆژنامە و کەناڵەکانی میدیا باس لەدەستگیرکردنی پیاوێکی کورد دەکەن کەکچەکەی خوشکەکەی یان ژنەکەی خۆی لەسەر مەسەلەی ناموس کوشتووەو لەکارەکەشی پەشیمان نییەو شانازی پێوەدەکات، ئاخۆ هەموو ئەو تاوانانەی کە پیاوی کورد دژ بەمێینە ئەنجامی دەدات وێنەی کورد لەدنیای دەرەوەی ئێمەدا ناشرین ناکات؟

**یوسف عیزەدین**: بەراستی سزادان یان کوشتنی مێینە لەسەر هەر داواکاریی یان هەڵوێست و کردەیەك کەپەیوەست بێت بەدنیای سێکسی و ئارەزوەکانییەوە، یان لەسەر دەستبەرداربوونی لەپیاوێك و ئیختیارکردنی پیاوێکی دیکەو زۆر شتی دیکەی لەو چەشنە کەپەیوەستە بەهەر شتێك کەپیاو بۆخۆی بەرەوای دەبینێت و بۆ ئەو ناڕەوا، ئەوە کارێکی زۆر دزێوو نائینسانی و دڕندانەیە. تۆ ئەگەر کوشتنی مێینەت کردبێتە بەشێکی فەرهەنگ و کولتوورت و بەئینسانکوژیی خۆتەوە بنازیت، دەبێت بە چ روویەکەوە ئەگەر پێویستیکرد باس لەلایەنە جوانەکانی ئەو کولتوورەی خۆت بکەیت، نازانم لەچ شوێنێکی تری دنیادا مێینە لەبەر ناشرینییەکانی پیاوو سیستەمەکەی خۆی دەسووتێنێت، یان دەسووتێنرێت و دواتر دەڵێن خۆی سووتاند. لەیەکێك لەرۆژنامەکاندا باس و خواسی ئەو پیاوە کوردەم کەوتە پێشچاو کەدوای ئەوەی لەیەکێك لەشەقامەکانی شارێکی ئەڵمانیدا ژنی پێشووی خۆی داوەتە بەرچەقۆ و کوشتوویەتی، دڵی بەوەندە ئاوی نەخواردۆتەوەو دواجار سووتاندوویەتی. یان حیکایەتی ئەو پیاوەی  کە لەبەریتانیا کچێکی خۆی بەچەقۆ کەلەپاچەکردووە و دواتر لەباخچەیەکدا ناشتوویەتی. چەندان حیکایەتی تریش سەبارەت بەزۆرێك لەو پیاوە کوردانەی کەساڵانی دووروردرێژی تاراوگە نەیگۆڕیوون و نایانگۆڕێت و تاوتوێکردنیشی باس و خواسێکی گشتگیرو دەرفەتێکی بەرفراوانتری گەرەکە.

**ئیدریس عەلی**: شیعری کوردی وەك ژانرێکی ئەدەبی مێژوویەکی دێرینی هەیەو ئامادەباشییەکی بەرچاوی لەنێو پانتایی ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە، دەقە شیعرییەکانی"بابا تاهیری هەمەدانیش" لەرووی مێژووی نووسینیانەوە کەهەزار ساڵێك لەمەوپێش نووسراون گەواهی ئەو راستییە دەدەن، لەکاتێکدا مێژووی چیرۆکنووسین و رۆماننووسینی کوردی کۆن نییە، لەکاتێکدا میللەتانی دیکە زۆر لەپێش ئێمەوە خۆیان لەبواری چیرۆك و رۆماندا تاقیکردۆتەوەو لەئێمە بەئەزموونترن، دەبێت دواکەوتنی نووسینی ئەو ژانرە ئەدەبیانە لای کورد هۆکارەکەی چیبێت؟

**یوسف عیزەدین**: هەرچەندە حیکایەتیش لەنێو کورددا دەماودەمی کردووەو زۆر لەکۆنیشەوە هەر هەبووە، جا چ ئەو حکایەتانەی کەکورد لەمیللەتانی دیکە بیستوونی و رەنگە زۆریشیان تائێستاکە مابێتن و هەر بگێڕدرێنەوە، یان ئەو حیکایەتانەی کەکەسانێکی کورد بەخەیاڵیاندا هاتووەو گێڕاویانەتەوە، بەڵام لەبەر هەر هۆو هۆکارێك بووبێت نەنووسینەوەی ئەو حیکایەتانە، بەبەراورد لەگەڵ شیعردا کەنووسراوەتەوە جێگەی پرسیارە. سەبارەت بەئەدەبیاتی رۆژئاواش گەرچی هەن مێژووی نووسینی کورتەچیرۆك دەبەنەوە بۆ سەردەمێکی پێش"ئیدگەر ئەلن پۆ"، بەڵام نکوڵی لەوەش ناکرێت کەهەر ئەو بوو توانیی کورتەچیرۆك وەك هونەرێك لەحیکایەت و نۆڤێللا جیابکاتەوەو سەرنجی ئەدیبەکانی بەلادا رابکێشێت و پێش سەدو شەست ساڵێك لەمەوپێش لەلایەن ئەدیبە ئەمریکی و

فەرەنسی و روسییەکان ئاوڕی لێبدرێتەوە. بەڵام دیارە مێژووی رۆماننووسین و نۆڤێللا لەرۆژئاوادا زۆر لەمێژووی نووسینی کورتەچیرۆك کۆنترەو هۆکارەکانیشی زۆرن و راستییەکەشی"ئیدگەر ئەلن پۆ" رۆڵێکی بەرچاوی بینی لەجیاکردنەوەی کورتەچیرۆك وەك ژانرێکی ئەدەبیی جیاواز لەچیرۆکە تەقلیدییە کۆنەکان کەبەجێکردنەوەی یەك دنیا وشەو رستەو پەرەگرافی وەسفیی لەکارکەوتوو قەرەباڵغ دەکرا. لەکاتێکدا بەپێی راوبۆچوونی"پۆ" ناکرێت یەك وشەی زیادە بترجێنینە نێو بونیادی کورتەچیرۆکەوە، هەروەك چۆن دەرهێنانی یەك وشەش لاسەنگی دەکات، ئەمە جگە لەوەی کەجیاواز لەچیرۆکی درێژ کورتەچیرۆك لەیەك دانیشتندا دەخوێنرێتەوەو زۆر وردەکاریی تەکنیکی دیکەش کە دەکرێت هەموو ئەمانە وەك ئەلف و بێی چیرۆکنووسین و کلاسیکیی ئەو ژانرە ئەدەبییە تێی بڕوانین، ئەگینا وەك"کارلۆس فۆێنتس" دەڵێت:" دیارە هیچ دەقێك لەکاتی نووسینەوەیدا حیساب و کیتابی بۆ ناکرێت و دەق بۆخۆی ئاراستەی خۆی دەدۆزێتەوەو بەباڵەکانی لەشەقەی باڵ دەدات و خودی نووسەرەکەی دەخاتە پەراوێزەوەو دەیسڕێتەوە". تەنانەت لەرووی تەکنیکیشەوە زۆرێك لەچیرۆکنووسان پابەندی ئەو پێودانگە پێشینەیەی چیرۆکنووسین نەبوون و بەپێی دنیابینی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. هەر بۆنموونە"بۆرخیس" کار لەسەر بەحیکایەتکردنی چیرۆك دەکات و لەشوێنێکدا دەڵێت:" ناڵێم من–ئیزۆب–م بەڵام حیکایەتەکانم وەك حیکایەتەکانی–هەزارو یەك شەو–ە ئامانجیان هەژاندن و چێژبەخشینە". ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان من وەك خۆم کێشەکە لەبەروارو مێژووی چیرۆك و رۆمانی کوردیدا نابینمەوە، لەرووی ئەوەی کەوەك زەمەنی نووسینیان نوێترن لەچاو ئەدەبیاتی رۆژئاوادا یان تەنانەت تارادەکیش لەگەڵ گەلانی دراوسێدا، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە لەئێستادا چیرۆك و رۆمانی کوردی لەچ ئاستێکدایە. لەمڕۆدا کەکۆمەڵێك لەرۆماننووسە مەغریبییەکان نەخشەی تەقلیدیی رۆمان دەگۆڕن و لەفەزاو ئەتمۆسفێرێکی جیاوازدا رۆمانەکانیان دەخوولقێنن و دەیان پرسیار لای خوێنەر دروستدەکەن، کەس لەوە ناپرسێت چۆن دەبێت رۆمانەکانی ئەوان خوێنەرانی دنیا تووشی هەژان و سەرسامیی بکات، لەکاتێکدا رۆمانی مەغریبیی لەرووی مێژووییەوە بەبەراورد لەگەڵ رۆمانی رۆژئاواییدا پێشینەیەکی کلاسیکی و کۆنی نییە. نووسین بەگشتی وەك"مۆراکامی" ئاماژەی پێدەدات کارێکی زۆر خودگەراییانەیەو ئیگۆ تێیدا زاڵە. هەر بۆیە ناکرێت بۆ دەقە خراپەکانی ئەدەبیاتی کوردی دەیان پاساو بهێنیتەوەو پەیوەستی بکەیت بەبارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زۆر شتی دیکەی لەو چەشنە. تۆبڵێی حاڵووەزعی"سێرڤانتێس" زۆر لەنووسەرانی ئێمە باشتر بووبێت کاتێك رۆمانێکی جوانی وەك"دۆن کیخۆتە" دەنووسێت، نەخێر بەپێچەوانەوە"سێرڤانتێس" یەکێکە لەو نووسەرە بەدبەختانەی دنیاو لەهەموو روویەکەوە کۆڵەوارو داماو بووە، کەچی هەر هەموو ئەمانە نابنە لەمپەری نووسینی رۆمانێکی وەك"دۆن کیخۆتە".

**ئیدریس عەلی**: ئاخۆ نووسەرێك کە لەئێستادا دەیەوێت دەقێکی جوان و جدیی بخوولقێنێت، بەبێ ئاگاداربوون و خوێندنەوەی دەقی نەوەکانی پێش خۆی دەتوانێت دەقێکی لەو چەشنە بنووسێت؟

**یوسف عیزەدین**: خوێندنەوەی دەق و بابەتە جوان و جدییەکان کارێکی گرنگە بەمەبەستی بینینی دیوە پەنهان و شاراوەکانی، من وەك خۆم لەگەڵ خوێندنەوەی رووکەشییانە یان سەرپێیدانیم.

**ئیدریس عەلی**: ئێوە وەك خۆتان لەکەیەوە دەستتان داوەتە خوێندنەوەو لەرووی زەمەنییەوە دەگەڕێتەوە بۆ چ ساتەوەختێکی تەمەنی ئێوە، حەز دەکەین بزانین ئێوە قۆناغی منداڵی خۆتانتان چۆن گوزەراندووەو چین ئەو شتانەی کەکاریگەرییان لەسەرتان هەبووە؟

**یوسف عیزەدین**: دیارە هەر لەمنداڵیمەوە بەشێوەیەکی سەیر خولیای خوێندنەوەم هەبوو، بەو پێیەی کەباوکیشم تا لەژیاندابوو هیچ کاتێك رێی ئەوەی نەدەدام وەك منداڵێکی ئاسایی تێکەڵ بەدنیای دەرەوە ببم و وەك هەر منداڵێك گەمەبکەم، تەنها ئەو کاتانەی کەدەچوومە قوتابخانە بۆم هەبوو

لەدەرکەی ماڵەکەمان بچمەدەرو بەدنیای دەرەوە ئاشنابم. باوکم پیاوێکی گۆشەگیرو تەنیا بوو، هیچ سەردان و هاموشۆیەکی دەرودراوسێو خزموکەسی نەدەکرد، ئەویش تەنها مەگەر ئەو کاتانەی کەوەك فەرمانبەرێك دەبووایە چووبایەتە فەرمانگەکەی لەماڵ چووبایەتەدەر، ئەگینا زۆر بەبێدەنگی خەریکی خوێندنەوە دەبوو، یەکێك لەو کتێبانەی کەزۆرجار بینیبووم دەیخوێنێتەوە کتێبێکی لاپەڕە بۆری بێبەرگ بوو، پاش مەرگیشی لەنێو هەموو کتێبەکانیدا زۆر بۆ ئەو کتێبەگەڕام و بەشوێنیدا ئەوداڵبووم، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت نەمزانی ئەو کتێبە چیبوو کەهەمیشە بەبێدەنگی دەیخوێندەوە. بەدرێژایی تەمەنی کورتی پێکەوەبوونی لەگەڵمدا( چونکە تازە لەقۆناغی منداڵییەوە پێم دەنایە قۆناغی مێرمنداڵی کەئەو کۆچی دواییکرد)، کەمجار قسەی ئاسایی لەگەڵ دەکردم وەك ئەوەی هەر باوکێك لەگەڵ منداڵی خۆی دەیکات. بەحوکمی ئەوەی چەند زمانێکی دەزانی دەیویست منیش فێری ئەو زمانانە ببم، ئەوە بوو ئەو دەمەی لەپۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم، فێری زمانی عەرەبی کردم و کەپاش چەند ساڵێك توانیم لەمیانی ئەو زمانەوە هەموو ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کەباوکم لەنێو سێ باوڵ و پێنج کارتۆنی گەورەدا هەڵیگرتبوون. بۆ یەکەمجار تەورات و دیوانی "ئەبی نەواس و ئەختەل و دەقەکانی مەنفەلۆوتی و عەقادو چارلزدیکنزو شکسپیر"و دنیایەك کتێبی موغامەراتم لەنێو ئەو کتێبانەدا بینییەوەو بەمەبەستی خوێندنەوەیان زۆربەی کاتەکانم لەهەورەبانی ماڵەکەماندا دەبردەسەر کەسێ باوڵ و پێنج کارتۆنە گەورەکەی باوکمی لێبوو. باوکم کەسێکی کەمدووبوو، تەنها لەکاتی سەعیپێکردنمدا قەریحەی قسەی دەکرایەوەو جگە لەو وانەیەی کەبۆی باسدەکردم، جارجارە باسی باوکی خۆی بۆ دەکردم و کەمجار شتێکی لەبارەی خۆیەوە بۆ باسدەکردم , نەمدەزانی چۆن دەڕوانێتە ژیان و باوەڕی بەچی هەیە. لەمیانی قسەو باسەکانییەوە گوێبیستی حیکایەت و ماجەراکانی باپیرم دەبووم، دەمزانی ئەو پیاوە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا کولیەی حەربییەی لەئیستانبول تەواوکردووەو بووەتە ئەفسەرو دواتر گەیشتووەتە پلەی یوزباشێتی و یەکێك بووە لەوانەی کە"شێخ مەحمود"ی زۆر خۆشویستووەو لەشۆڕشەکەیدا بەشداربووە، لەکاتێکدا"ڕەزا بەگی" برای سەر بەئینگلیز بووەو حیکایەتی ناکۆکی ئەو دوو برایەش زۆر لەوە دوورودرێژترە کەبتوانم لێرەدا باسی بکەم. بەهەرحاڵ یەکێك لەشتە سەیرو سەمەرەکانی باپیرم ئەوە بووە کەهەژدەژنی هێناوەو هەر لەهیندی و عەرەب و تورك و جولەکە و فارس و کورد و زۆر ڕەگەزی دیکە،پێنج شەش زمانی زۆر بەباشی زانیوەو ئەمە جگە لەوەی نیوەی جیهان گەڕاوەو پارەوپوولی خۆی لەسەفەرو ماجەراکانیدا سەرفکردووە. دیارە ئەوەی کەلێرەدا لەبارەی باپیرمەوە دەیخەمەروو و ئەوەشی کەدەیزانم هەر هەموویم لەباوکمەوە نەبیستووە، بەڵکو هەندێکی لەچەند مامۆستایەکی وەك"جەمال بابان"و"کەریم زەند" و چەند کەس و خزمێکی خۆمان و ئەمە جگە لەوەی لەکتێبی "شاری سلێمانی"دا لەبەشی تایبەت بەو ئەفسەرە عوسمانییانەی کەخەڵکی سلێمانی بوون ناوی باپیرم و "ڕەزا بەگی"برای تێدایە.

**ئیدریس عەلی**: ڕەنگە هەر ئەوانەی کەپێشتر ئاماژەتان پێدا، هۆکاری نەبوونی کەسایەتی باوك بێت لەدەقەکانتدا، یان ئەگەر هەشبێت بەچەشنی زۆرێك لەنووسەرانی کورد هێرشتان نەکردۆتە سەر کەسایەتی باوك کە لەزۆر دەقی کوردیدا باوك وەك دڕندەو تارماییەکی ترسناك وێناکراوە، ئێوە لەچیرۆکی"خورافاتی چاویلکەکەی باپیرم" کەنووسەرو مامۆستای بەتوانا"عەلی ئەشرەف دەروێشیان" لەگەڵ کۆمەڵێ چیرۆکی دیکەی کوردیدا کردویەتییە فارسی و لەدووتوێی کتێبێکدا بڵاویکردۆتەوە. لەوێدا باستان لەکۆمەڵێك شتی تایبەت بەباپیرتان کردووە، تەنانەت لەڕۆمانی"دیوێکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان"یشدا، ئێوە لەڕێی نۆستالژیاو یادەوەرییەوە هەر دەگەڕێنەوە بۆ باسکردنی باپیرتان و وێنەی باوك لەو ڕۆمانەدا و لەدەقەکانی تریشتاندا ونە، ئاخۆ ئەمە بەتەواویی پەیوەستە بەقۆناغی منداڵیتانەوە یان هۆکاری دیکەشی هەیە؟

**یوسف عیزەدین**: وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، كەسایەتی باوك یەم وێنەو شكڵ و شێوەی نییە، ئەوەی كەباوكێكی سەر بەبنەماڵە یان ناوچەیەكی كوردی پێی حەرامە یان لای نەنگیی و عەیبەیە، لای باوكی شوێنێكی دیكەی كوردستان وانییەو بەڵكو بەتەواویی پێچەوانەیە، كچانی كوردە عەلەوییەكان بەبەرچاوی باوكیناوە سەمادەكەن، بەئاگاداری ئەوان حەز لەپیاوان دەكەن و رەدووی دەكەون و زۆر شتی دیكەش كە ئەگەر كچانی كوردی زۆر ناوچەی تری كوردستان پێیهەڵبستن دەرئەنجامەكەی كوشتنە. بەشیوەیەكی گشتی مۆدێلی باوكی كوردی لەرووی ئۆتۆریتەو كارێزماوە، باوكێكی جێرمەنی یان باوكێكی ئینگلیزی ئۆرستۆكرات نییە، هەروەك چۆن پیاوە ئایینییەكانمان سام و رەهبەتی قەشەو راهیب و پیاوە ئایینییەكانی ئەوانی نییە. من ناڵێم لەوان نەرمونیانتر و بەبەزەیترن، مەبەستم لەوەیە باوكی كوردی بەلاساییكردنەوەی باوكانی غەیرە كورد، هەمیشە ویستوویەتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژن و ماڵو منداڵیدا بسەپێنێت، هەردەم بەئیحای مەرجەعە ئایینییەكان باوكایەتی خۆی وێناكردووەو بەكاریگەریی زۆر كولتوورو دابونەریتی غەیرەكوردی، كەسایەتی ترسناكترین باوكی لەخۆگرتووەو هەموو ئەو دنیابینییە پڕ لەحەرامەی هێناوەتە نێو خانەوادەكەیەوە، ئەگینا سەردەمانێك لەنێو كورددا بەرزترین پلەی ئایینی و باوكایەتی لەنێو كەسایەتی كەسێكدا بەرجەستەكراوە كە"پیر"ی پێگوتراوەو لەدیدگەیەكی میستیكی و سۆفیستییەوە راوانیویەتییە هەموو ئەوەی كەهەبووەو بانگەشەی یەكبوونی بوون و خۆشەویستی هەموو شتەكانی كردووە. ئاستەمە باوكێكی ئەو سەردەمە لێدان و فەلاقەكردن و كوشتنی منداڵانی خۆی پێ ئاسایی بووبێت، ئەمە جگە لەوەی كەباوكایەتی وەزیفەیەكە سیستمێك دەیسەپێنێت و هەموو ئەوەی بەسەریدا فەرزدەكرێت، دواجار بۆ پاراستنی خودی ئەو سیستمە خۆیەتی. سەیرە تۆ بتەوێت بەهاندانی مێردمنداڵان و گەنجان لەبەگژداچوونەوەی باوكانیاندا گۆڕانكاریی لەكۆمەڵگەدا بكەیت، چونكە تۆ پێشئەوە سیستم و فەرهەنگ و كولتوورێكت هەیە كەباوكی لەنێو خێزاندا كردووەتە گاردیان و ماڵیشی كردووەتە ئەو زیندانەی كە باوك ئەندامەكانی خێزانەكەی تێدا زیندانی دەكات، تابتوانێت شكۆمەندی خۆی لەنێو كۆمەڵگەكەیدا بپارێزێت. جا سەبارەت بەدەقەكانیشم وەك بەرێزتان هەستتان پێكردووە، لەرووی ئەوەوە كە باپیر لەجێی باوك ئامادەگی هەیە، رەنگە یەكێك لەهۆكارەكانی ئەوە بێت، كەباوك و باپیرو پشتاوپشتی سولالەیەك دواجار هەر هەموویان كەسایەتی باوكێك پێكدەهێنن. تەنانەت ئەگەر لەزۆر رووەوە لێكچووبن یان جیاوازو لێكنەچوو. ئەمە جگە لەوەی كەباوكم هەمیشە شانازی بەباوكی خۆیەوە دەكردو بەسڵ و سامێكی گەورەوە زۆرجار دەیڕوانییە شمشێرو تفەنگەكەی كەدواتر دەبوو بەبێ ئاگاداری ئێمە زۆر بەباشی لەشوێنێكی نەزانراوی ماڵەكەماندا بیشارێتەوە.

**ئیدریس عەلی**: بەپێی سەردەمە جیاوازەكان ئاراستەی خوێندنەوەی خوێنەران گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر بۆ نموونە كاتێك دەزانیت خوێنەرێكی زۆری دنیا روودەكاتە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی هیندی یان ئیسپانی یان ئینگلیزی، ئاخۆ بەرای ئێوە هۆكارەكەی چییەو بۆ دەبێت لەئێستادا خوێنەران كەمتر ئەدەبیاتی رووسی بخوێننەوە، لەكاتێكدا سەردەمانێك هەموو دنیا سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی رووسی بوون؟ بەرای ئێوە كەناڵەكانی میدیاو هۆكارەكانی راگەیاندن و میدیا، لەئاڕاستەكردنی خوێنەردا چەند رۆڵیان هەیە؟

**یوسف عیزەدین**: لەمڕۆدا ئەو ئیماژە بەرجەستەكراوانەی كە لەسكرینی تەلەفزیۆن و هۆكارە تەكنەلۆژییەكانی دیكەوە پێمان دەگات، لەخودی راستییەكان دوورماندەخاتەوەو ناهێڵێت تەواوی دیمەنەكان وەك خۆیان ببینین، چونكە هەمیشە بەهەڵوەشاوەیی شتەكانمان پیشاندەدات و مەوداكان هێندە تەنگەبەر دەكات كەهیچ دەرفەتێكمان بۆ ناهێڵێتەوە تا بەچەشنێكی دیكە راستییەكان ببینین، هەر بۆنموونە تەلەفزیۆن لەپیشاندانی رووداوێكدا كەدەیان كەسی تێدا كوژراوە، بەچەشنێك دەیهێنێتە

پێشچاوت کەهەست بەئێش و ئازاری کەسەکان نەکەیت و دووبارەکردنەوەی پەیتاپەیتای وێنەکانی ڕووداوەکەش هێندەی دیکە شتەکانت لائاسایی دەکات و وات لێدەکات دواتر بەئاسانی لەبیری نەکەیت، ئەو جۆرە کارکردنەی کەلەئێستادا باوەو بەسەرسامکردنی بینەر دەستپێدەکات، تەنها بۆ ئەوەیە کاریگەرییەکی کاتی لەسەر بینەر هەبێت و بەئاسانی لەبیر بچێتەوە. ئەمە جگە لەوەی لەمڕۆدا ریکلامکردن بۆ ئەدەبیات وەك هەر کاڵاو کەلوپەلێکی دیکە، پانتاییەکی بەرچاوی میدیاو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن داگیردەکات و مەبەست لەفرۆشتنی کتێبە ئەدەبی و بابەتە هەمەجۆرەکانە، کتێبێکی ئەدەبیات و کتێبێکی چێشتلێنان هێندەی یەکتر ریکلامیان بۆ دەکرێت، یان خراپترین کتێب باشترین ریکلامی بۆ دەکرێت و باشترین بازاڕی کتێبفرۆشتنی بۆسازدەکرێت. لەدنیادا ئەوانەی ئیشی ریکلام دەکەن، تەنها مەبەستێکیان پەیداکردنی زۆرترین پارەیە، کێ زۆرترین بڕەپارەیان بداتێ باشترین ریکلامی بۆ دەکەن، هەموو ئەم ئاشووب و جەنجاڵی و سەرگەردانییە بمانەوێت و نەمانەوێت کاریگەرییەکی نێگەتیفانەیان لەسەر خوێنەری سادە هەیەو توانای ئیختیارکردنی خودیی تێدا تێکدەشکێنن. بەو پێیەش کە ئاماژەتان بەئەدەبیاتی رووسی–دا، گەرچی لەسەردەمی حوکمی سۆڤیەتی پێشوودا، بەبەرنامە ئەدەبیات و بابەتە هەمەجۆرەکانی خۆیانیان وەردەگێڕایە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیاو بەدنیادا بڵاویان دەکردەوە، سەرباری ئەو ئامانجە سیاسییەی کەلەپشت وەرگێڕانی ئەو کارانەوە ئیشی دەکرد، بەڵام دەبینیت سەرجەم کلاسیکی ئەدەبیاتی خۆیانیان وەردەگێڕا. لەکاتێکدا"ڤلادیمێر ئیلیچ لینین" نووسەرێکی وەك "تۆلستۆی" بەکۆنەخواز لەقەڵەم دابوو، یان راوبۆچوونێکی زۆر خراپی لەسەر رۆماننووسێکی بەوتوانای وەك"دۆستەیڤسکی" هەبوو، بەڵام راوبۆچوونی کەسێك کەلیدەرو دامەزرێنەری حکومەتی سۆڤیەتی بوو، ئەمە جگە لەوەی کەئەو دەزگای وەرگێڕانانەش سەر بەو حکومەتە بوو، کەچی نەبووە مایەی وەرنەگێڕانی شاکارەکانی"تۆڵستۆی و دۆستەیڤسکی"و زۆر نووسەری تری لەوجۆرەی کەبیروباوەڕیان لەگەڵ بیروهزری دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا نەدەهاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رۆڵێکی گەورەیان لەناساندنی ئەو نووسەرانەدا بینی و خوێنەرێکی زۆریان بەدەقەکانیان ئاشناکرد. دیارە من لێرەدا مەبەستم لەوەنییە کەبڵێم ئەگەر هەوڵوتەقەللای ئەو دەزگایانە نەبایە ئەوا ئەو نووسەرانە نەدەناسران، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە لەرووی پۆپویلارکردن وناساندنیان بەپانتاییەکی بەرفراوانی خوێنەران رۆڵیان هەبووە. واتە ئەوان توانییان سەرجەم ئەدەبیاتی کلاسیکیی خۆیان بەدنیا بناسێنن، بەڵام دواجار هەر خوێنەری جدییە کەدەتوانێت دەستنیشانی ئەو دەقانە بکات کەپرسیار دەورووژێنن  یان دنیایەك جوانی لەخۆدەگرن. رەنگە لەو سەردەمەدا بەحوکمی باڵادەستی ئایدۆلۆژیایەك لەکایە ئەدەبی و فیکرییەکاندا، دەقەکانی "مەکسیم گۆرکی" هێنرابێتە پێش و بەزۆرترین ژمارە لەخوێنەران ناسێنرابێت و تەنانەت وەك ئەرك و بەرپرسیارێتییەك خوێنرابێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ باس و خواسێکی "مەکسیم گۆرکێ" لەگۆڕێ نییە، کەچی دۆستەیڤسکی رۆژ لەدوای رۆژ خوێنەری زیاددەکات. بۆیە سەرباری ئەو کاریگەرییە بێوێنەیەی ریکلامکردنی ئەمڕۆو بانگەشەو ئەو هالە بۆ دروستکردنە کە بەمەبەستی دەرخستنی نووسەرانێك و شاردنەوەی نووسەرانێکی دیکە دەکرێت، بەڵام هەموو ئەمە ناتوانێت دەقێکی ناجدیی لەبەرچاوی خوێنەرانیدا بکاتە شتێکی زیندوو. سەبارەت بەئەدەبیاتی رووسی–یش هەرچەندە خوێنەرانی کورد لەمڕۆدا کەمتر ئاگاداری ئەدەبیاتی رووسی–ین لەرووی ئەوەوە کەچی نوێ نووسراوەو لەدنیای دەرەوەدا دەخوێنرێتەوە، بەڵام رۆمانی "لیزکا و کوڕەکان"ی"ئەلێکساندر ئیکۆننیکۆڤ"، لەمڕۆدا یەکێکە لەو رۆمانانەی کەخوێنەرێکی زۆری هەیەو باس لەئێستای رووسیا دەکات، لەرووی ئەو پاشاگەردانییەی کە رژێمی پێشووی سۆڤیەت لەدوای خۆی جێهێشتووە، "لیزکا" کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە کچێکی گەنجەو بەدنیایەك ئومێدەو هیواوە گوندەکەی خۆی جێدەهێڵێت و روودەکاتەشار،

بەڵام لەویٚ ناچار دەبێت لەپێناو بژێوی خۆیدا زۆر کاربکات، "ئەلیکساندر ئیکۆننیکۆڤ" وەك یەکێك لەنووسەرە گەنجەکانی رووسیا، لەمیانی خستنەرووی حکایەتی"لیزکا" و بەسەرهاتەکانی پانۆرامایەکی ئێستای رووسیامان دەخاتە پێشچاو. نووسەرێکی دیکەی ناسراوی تری رووسیش هەیە کەناوی"ئەلێکساندرا مارینیا"یەو کتێبەکانی بۆ بیست زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون و لەدنیادا خوێنەرێکی زۆری هەیە، زۆر نووسەری دیکەی رووسیش هەن کەلەمڕۆدا دەنووسن و دەتوانم بڵێم لەدنیادا ناسراون و ترادەیەکی باش خوێنەریان هەیە.

**ئیدریس عەلی**: لەچیرۆکی"بەسەرهاتی سەگێك لەسێبەرەکەیدا"و لەرۆمانی"دیوێکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان"دا، جۆر ئیشکردنێك دەبینرێتەوە کە زۆر جیاوازە لەشێوازی ئشکردنەکانی پێشووترتان و خەم و حوزنێکی شاراوەی تێدا پەنهانەو هەمیشە لەپانتاییەکی دوورەدەستەوە دەگەڕێیتەوە بۆ نێو ئەو شارەی کەتەمەنێکی خۆتت تێدا بردۆتەسەر، دیارە ئەم گەڕانەوەیەش لەمیانی یادەوەری و نۆستالژیاوە بەئەنجام دەگەیەنیت و هەمیشە بەجەستە لەشوێنێکی تریت و بەڵام بەرۆح و خەیاڵ هەر لەو شوێنەی کەجێتهێشتووە."کاروان کاکەسوور" پێیوایە ئێوە نووسەرێکن کەدەتوانن لەسەر مەنفا بنووسن، بەواتایەکی دیکە ئێوە دەتوانن گوزارشت لەپەنهان و نهێنیەکانی نێو ناخی مرۆڤی کوردبکەن کەلەمەنفادا دەژی، جیاوازی ئەدەبیاتێکیش کە بەئەدەبیاتی مەنفا ناودەبرێت، رەنگە سەرەکیترین رەگەزێکی چەشنی مامەڵەکردنی بێت لەگەڵ شوێن، ئێوە وەك خۆتان چۆن تێی دەڕوانن؟

یوسف عیزەدین: "مۆراکامی" دەڵێت:"هەر یەك لەئێمە جێگەیەکی تایبەت بەخۆمان هەیە، ژوورێکی تاریك وتایبەت، ژوورێك لەنێو خۆماندایە، کاتێك من لەسەر ئەو رووبەرە تاریکەی نێو خۆم دەنووسم، هەموو خوێنەرێك لەو رێگەیەوە راستەوخۆ دەتوانێت رووبەرە تاریکەکەی نێو خۆی بناسێتەوە". راستییەکەی توانای نووسەر لەوەدایە کەبتوانێت لەسەر ئەو رووبەرە تاریکەی نێو خۆی بنووسێت، چونکە ئەوە کارێکی ساناو ساکار نییە و بێگومان جورئەت و گەڕان و کەشفکردنی دەوێت، چونکە ناکرێت بەئاسانی سەر بەنێو ئەو ژوورە تاریکەی نێو خۆتدا بکەیت و هەموو ئەوە ببینیتەوە کەساڵانی تەمەن و دزێویی و ناشرینییەکانی ژیان و کێشمەکێش و بگرەو بەردەکان وەك کاریگەرییەك بەسەر تۆوە جێیان هێشتووە، بێجگە لەو هەموو خەونەی کەتۆ لەکاتێکدا پێتوان تەنها لەساتەوەختێکدا بینیووتن و ئیدی نایانبینیتەوە، بەڵام هەموو ئەمانەو دەیانن یادەوەری و شتی دیکەش هەتا تۆ هەبیت ئەوانیش لەژوورە تاریکەکەدا هەر دەمێنن. "میشێل دی ژیلدرود" پێیوایە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە لەرووناکیدا ماسك لەدەمووچاو دەکەین و تەنها لەتاریکیدا دایدەکەنین، ئیدی تاریکی چ لەنێوماندا بێت، یان لەدەرەوەماندا بێت، سڵ و سامێکمان لادروست دەکات و ناهێڵێت درێژە بەو رۆڵە بدەین کە رۆژانە لەبەرچاو خەڵکیدا دەیبینین. تاریکی دەمانباتەوە بۆ نێو دنیای دەنگ و سەدا، دنیای گریان و هاوارەکانمان. تاریکی مەرگ و گۆڕت بیردەخاتەوە، دەتباتەوە نێو دنیایەك کەتەنها بەتەسەووکردنی لەم دنیایە بێئومێد دەبیت و هەوڵدەدەیت حیکایەتی راستەقینەی خۆت بۆ کەسێك یان چەند کەسانێك بگێڕیتەوەو لەو کەشە رۆحییەدا حەز دەکەیت دان بەتاوانەکانتدا بنێیت، ناشرینی و چەوتی و درۆکانی خۆت بگێڕیتەوە. ئاشکرایە نووسەر جیاواز لەکەسێکی ئاسایی، هەموو ئەو شتە شاراوانەی نێو ژوورە تاریك و تایبەتەکەی نێو خۆی لەساتەوەختی چوونە نێویدا، لەگۆشەنیگاو دنیابینی خۆیەوە راڤەی دەکات. بەڵام کردەی نووسین شتێکی دیکەیە من وەك خۆم هیچ پلانێکی پێشوەختم نییەو مەبەستم نییە بەشێوازێك لەشێوازەکان بنووسم، چونکە بەتەواوی هەوڵی ئەوە دەدەم بچمە دەرەوەی شتەکان، یەکەم دێڕو یەکەم وێنەی زەینی رامدەکێشێتە نێو دنیای نووسینەوە کەدواجار بۆخۆم سەرسام دەبم بەوەی کەئەو وێنە زەینییە پەیوەستە بەدنیایەك وێنەی دیکەوە کەلەبێئاگایمدا رەنگە زۆر دەمێك بێت خۆی حەشاردابێت. کردەی نووسین هەموو ئەو شتانە دەورووژێنێت و دواجار وێنەو دیمەنە زەینییەکان

لەمیانی وشەو دێڕو پەرەگرافەکانەوە لەشێوازو شکڵێکدا دەخووڵقێن. خودی نووسین لەزۆر رووەوە بەسەفەرکردنێك دەچێت بەرەو مەجهول، نووسەریش ئەو موسافیرە سەرکێشەیە کەقایلە بەو موغامەرەیەی کەدەیکات و نابێت سڵ لەو شتە سەیرو سەمەرانە بکاتەوە کەرەنگە بێنەسەر رێی و دەبێت بزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و چۆن چۆنی درێژە بەسەفەرەکەی دەدات.

*لەژمارە "23"ی گۆڤاری "هەنار" 2007 بڵاوبۆتەوە.